

# حاجی قادر

شاعیری شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو
دیموکراتی نەتەوەی کورد

بلاوکراوەی
« ڕۆژی کوردستان »
گۆواری کۆمەڵی ڕۆشنبیری کوردی
- ٣ -

# ڕەخنە لە کتێبی
# « حاجی قادری کۆیی »

# حاجی قادر

## شاعیری شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو
## دیموکراتی نەتەوەی کورد

نووسینی

**عەبدولسەتار تاهیر شەریف**

پێشەکی

**دوکتۆر مارف خەزنەدار**

١٩٧٧ بەغدا

# پێشەکی

## لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئەدەبدا
## ئارەزوو و خەیاڵ نی‌یە!

دوکتۆر مارف خەزنەدار

کە خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم پێشەکی‌یە دەبێتەوە، دەگاتە ئەنجامێك و ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە من لایەنگری عەبدولسەتار تاهیر شەریفم لە دژی مەسعوود محەمەد[1]. ئەمە ڕاستە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە خوێنەری دەگەیێنم. دیارە ئەمەش لەبەر ئەوە نی‌یە کە ئەم لاپەڕانەی نێرەدا بۆم چۆڵ کراوون سوودیان زیاترە لە لاپەڕەی گۆوار و ڕۆژنامە، یا کتێبێکی سەربەخۆی بمەوێ لەم ڕووەوە چاپی بکەم لە بابەت ئەو بیروڕا چەوتانەی لە کتێبی «حاجی قادری کۆیی»دا خۆیان دەنوێنن. ئەو ئایدیۆلۆجی‌یەتەی بنکەی بیر کردنەوەی مەسعوود محەمەدە لە بنج‌دا لەگەڵ ئایدیۆلۆجی‌یەتی ئێمە ڕێك ناکەوێ هەروەها لەگەڵ ڕێڕەو و بیرکردنەوەی عەبدولسەتار تاهیر شەریفیش یەکتری ناگرنەوە. بەلام گەلێ لەو بیر و باوەڕە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و لێکدانەوە و جۆری بیرکردنەوە و بۆچوونانەی عەبدولسەتار لە مەسەلەی حاجی قادردا لەگەڵ ئێمە ڕێك دەکەوێ. لەبەر ئەوەیە، بتەوێ یا نەتەوێ، من دەبم بە لایەنگری عەبدولسەتار، نەوەکو تەنیا ئەو، بەڵکو لایەنگری هەموو ڕۆشنبیرێکی سەربەست و دیموکراتی و پێشکەوتن‌خوواز و سۆسیالیست و ئادەمزادپەرست و زانستی پەروەر.

پێویستە لەم ماوەیەدا هەندێ ڕاستی ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی لە دووایی‌دا ئەم نووسینە نەبێ بە بەڵگە بۆ جرت و فرت و جانبازی و خۆبردنە پێشەوەی ئەوانەی لەسەر سەد پەت یاری دەکەن.

بە کورتی و بە کوردی من دەمێکە مەسعوود محەمەد دەناسم، پیاوێکی قسەکەرە،

---

(١) مەقامی زانستی ئەوەندە پیرۆزە لەوە مەزنترە ئەو کەسانەی ناویان دێ، لەقەب و ناوی گەورەی بێ ناووکی وەکو «مامۆستا» و «کاك» و هی تریان پێوە بنووسێنرێ.

بەڵام زانا نی‌یە ، مەرجی زانایی قسەزانین نی‌یە ، بەڵکو دەربڕینی زانیاری و زانستی‌یە بە شێوەیێکی ڕێکوپێك بۆ ئەوەی خەڵکی سوودی لێ وەربگرن ، یا کەڵکی بۆ زانستی خۆی هەبێ ، نەك هەر بۆ ئەمڕۆ بەڵکو بۆ دووا ڕۆژیش . زانای ڕاستەقینە ئەو کەسەیە دەزانێ چۆن زانینی بە خەڵك دەگەیێنێ ، ئەم گەیاندنە تەکنیك و پسپۆری و شارەزایی‌یە ، گەلێ جار زۆرزانێك بێ کەڵکە ، بەڵام کەم زانێك کەڵکی زیاترە ، چونکە یەکەمیان سەری لێ شێواوە و ناتوانێ سوود بە خەڵکی بگەیێنێ ، کەچی دووەمیان ڕێکوپێك و بەرنامەی تایبەتی‌ی خۆی هەیە خەڵکی قازانجێ لی دەکەن . مەسعوود محەمەد یەکێکە لە تاقی یەکەم ، بەڵام لە هیچ « زانستی »یێك‌دا پسپۆر نی‌یە !

من ئەم ڕاستی‌یەم لە ساڵی ١٩٧٠دا دۆزی‌یەوە ، بە تایبەتی لە مەجالی ئەدەبی کوردیا ، چونکە پێش ئەو سەردەمە ناوبراو چاپ کراوی نەبوو ، نە لە ئەدەبی کوردی ، نە زمانی کوردی ، نە سامانی نەتەوایەتی و خوێندەواری کوردی . وا بوو لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمین جار لە ژیانی ئەدەبی مەسعوود محەمەد (٢٣) لاپەڕەم بۆی بڵاوکردەوە بە ناوی « کەیفی‌ی جووانرۆیی »[1] لەو ووتارەدا درێژدادڕی‌یێکی بێ سوودی کردووە بۆ ئەوەی ساڵێکی هیجری بگۆڕێتە سەر ساڵێکی زایین و پەنای بۆ سەرچاوەیێکی وەکو (أمارة بهدينان العباسية) بردووە ! ! .

ناچار ئەوەم بۆ ڕوون کردەوە کە ئەم شتە دەمێکە ساغ کراوەتەوە و پێویست بەم هەموو قسە کردن و خۆماندوو کردنە ناکا ، جەدوەلی تایبەتی هەیە هەموو ساڵێکی هیجری دەکا بە زایین و پێچەوانەش ، جەدوەلەکە لە پەیدا بوونی مێژووی هیجری‌یەوە دەست پێ دەکا تا ساڵی ١٩٨٠ی داهاتوو . لە ماوەی کەمتر لە دەقیقەیێك ئەمە ساغ دەبێتەوە و پێویستیش بە دەست نیشان کردنی سەرچاوە ناکا .

لە پاش دەرچوونی ووتارەکە لە « دەفتەری کوردەواری »دا ، ناوی خۆی بەم جۆرە نووسرابوو « مەسعوود محەمەد » بە « مَهسْعُوْدْ محهمهد »ی دەخوێندەوە و پێ‌ی ووتم : باوکم من « مسعوود محمد »م و « مهسعوود محهمهد » نیم ! کەچی سێ ساڵی پێ نەچوو بوو

(١) « دەفتەری کوردەواری » ، ژمارە (٢) ، بەغدا ، مارت - نیسان ، ١٩٧٠ ، ل ١٩ - ٤١ . (هەندێ قسەخۆش و قۆشمە دەیانووت ئەو ووتارە مەسعوودی کرد بە ئەندامی مەجمەعی عیلمی کوردی ! ! ) .

به دەمڕاستی مەجمەعی عیلمی کوردی (١) ، لە هەموو کاروبارێکی زانستی دا تەنانەت لە فۆنێتیك و مۆنێتیکیش ، وە هەندێ مامۆستا و ئەوانەی خۆیان بە پسپۆڕی زمانی کوردی دادەنێن لە دەست و دایەرەی مەجمەع دەست لە سەر سنگ بە مامۆستای بێ هاوتای خۆیان دانا !

من مەسعوود محەمەدم وا ناسیوە . لێرەدا نامەوێ لەمە بدوێم ، بەڵکو پشتگیری هەموو کەسێك دەکەم کە بیروباوەڕە دوواکەوتووەکانی ڕەت بکاتەوە .

دەمێکە عەبدولسەتار تاهیریش دەناسم ، لە کەرکووك و لەسەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ەوە ، ئەو سیاسی و من ڕۆشنبیر ، لە بزووتنەوەی سیاسی دا لەگەڵ یەك کارمان نەکردووە ، بەڵام لە جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دا بە یەکتری گەیشتووین ، چ لە لاوانی کەرکووك لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز و چ لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە پاش مارتی ١٩٧٥ لە بەغدا .

هەرچەندە من بەرپرسیاری بەشی ئەدەبی گۆواری «ڕۆژی کوردستان»م بەڵام لە گۆوارەکە دەستوورێك هەیە بووە بە تەقلید . ووتار و نووسینی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە سەر مەسئوولیەتی خۆیان بڵاو دەکرێنەوە ، لەگەڵ ئەوەش دا عەبدولسەتار تاهیر ووتارەکانی بە من پیشان دەدا و پێشنیارەکانیشی وەردەگرتم . لێرەدا من و ئەو، بۆ بیروڕا ناڕاستەکانی مەسعوود محەمەد لە سەر حاجی یەکتریمان گرتەوە . کە دەڵێم بیروڕا مەبەسم کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسی یە ئەگینا مەسعوود لە هەر سێ بەرگەکەدا باسی لایەنی ئەدەبی حاجی نەکردووە ، لە حاجی نەدوواوە وەکو شاعیرێك ، ئەگەر ئەمەی بکردایە ، عەبدولسەتار تاهیر بەرەنگاری نەدەبوو ، چونکە خۆی بە سووار چاکی مەیدانی ڕەخنەی

---

(١) بۆیە دەڵێم «مەجمەعی عیلمی کوردی» چونکە ڕستەی «کۆڕی زانیاری کورد» لە ڕووی مانای ووشەکانەوە هەڵەیە ، هەروەها داڕشتنیشی لە ڕووی دەستووری زمانەوە هەڵەیە ، چونکە «کۆڕ» بۆ کۆبوونەوەی بەزم و ڕەزمی ڕەندان و لەنێوچەوان دانی عاشقان بەکار دەهێنرێ ، هەرچی «زانیاری»شە نەك «زانیار» بە مانای «معلومات ، ثقافة» هاتووە ، نەوەکو «علم» کە لە کوردی دا «زانستی»ی بۆ بەکار دەهێنرێ . جا ئەگەر ئەو ووشانەی بۆ ئەم مەبەسانە بەکار هێنراوون ، واتە «کۆڕ» و «زانیار» ڕاستیش بن ، داڕشتنی ڕستەکە لە ڕووی دەستووری زمانەوە هەڵەیە ، دەبێ بنووسرێ «کۆڕی زانیاریی کوردی» نەوەکو «کۆڕی زانیاری کورد» .

ئەدەبی دانانێ.

## مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی

لای من نووسینی کوردی شتێکی پیرۆزە. خوێندنەوەی گەیشتۆتە پلەی ماخویا. لەبەر ئەوەیە هەموو نووسینێکی کوردی. هەرچی بێ. ئەوەی بەردەستم دەکەوێ دەیخوێنمەوە. بە دەگمەن ڕێك دەکەوێ گیانم قورس بکا. با بێ تام و بۆ بێ! با لەگەڵ ئایدیۆلۆجی یەتم ڕێك نەکەوێ! من هەر تەواوی دەکەم با ئارەزوویێکی گیانیش لە ناوەوە نەبێ، ئەمە بۆ هەموو چاپەمەنی یێکی کۆن و تازە و ئەوەی لە دووا ڕۆژیش دا دەردەچێ. بەڵام کتێبی «حاجی قادری کۆیی» ئەو ڕچەی لای من شکاند. خەریك بوو خودا نەخواستە نووسینی کوردیم لە پێش چاو بکەوێ و خۆشم نەوێ. ئەم کتێبەم بەسەر یەکەوە بۆ نەخوێندرایەوە. بەرگی یەکەمی نەبێ. بەڵام بەش بەش و پارچە پارچە و لاپەڕە لاپەڕە هەمووم خوێندەوە و تێبینی یەکانم لە پەراوێزی کتێبەکە تۆمار کرد و لە پاشانا قەترە لە دەریایێکی ئەو پەراوێزانە کەوتنە ناو ئەم قسانەی لێرەدا پێشکەش بە خوێندەوارانیان دەکەم. ئامادەش نیم تێبینی یەکانی تر ڕۆژێ لە ڕۆژان بڵاو بکەمەوە، چونکە لە هەر سێ بەرگی کتێبەکە زیاتر دەبێ. دیارە ئەمە کارێکی بێ سوودە. پێم وایە ناعیلمیەتی نووسەر و ئوسلووبی ناعیلمیانە هۆی قورسی و سەرتی و ئێسك گرانی و بێ تامی کتێبەکەن.

سێ بەرگ کتێب بە ناوی حاجی قادری کۆیی یەوە، دەبێ لێکۆڵینەوەیێکی زانستی بێ، چونکە دونیای حاجی فراوان و بێ پایانە. بۆ ئەم کارە هەندێ دەستوور و یاسا هەیە، پێوەندی بە «فەلسەفە» و «ئایدیۆلۆجی یەت» و «خەباتی چینایەتی» و «هەستی نەتەوایەتی» یەوە نی یە، ئەوەی خاوەن کتێب لێیان دەترسێ، هەرچی بە خەیاڵیشی دێ لەم بیرو باوەڕە ڕەشانە، بە نیسبەت ئەوەوە، بەرامبەر بە لێکۆڵینەوەی عیلمی وورێنەیە، هەرچی دەبێ با ببێ! ئێمەش لەگەڵ زمانی حاڵی مەسعوود دەڵێین دەرەبەگ لە کوردستانا نی یە!! هەتیو و مەتیوی ناجسن بێ وەفان و سەری حورمەت بۆ ئەشرافە بلیمەتە خوێن پاکەکان شۆڕ ناکەن!! با ئەمە هەمووی ڕاست بێ، بەڵام ئوسلووبی

لێکۆڵینەوەی زانستی داوا لە مەسعوود محەمەد دەکا کە پێڕەوی ئەمانەی خوارەوە بکا .

١ – دەبوو ئەو سەرچاوە یەکەمەی کە باسی حاجی کردووە و هەموو سەرچاوەکانی تریش تا سەر دەمی لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەست نیشان بکا و لێیان بدوێ و بیروڕای بەرامبەریان دەربڕێ . خۆ مەرجیش نی‌یە ئەو شتانەی لەسەر حاجی نووسراوون هەموویان باش بن ، داوای لێ ناکرێ کە دەبێ مەدحیان بکا ، بە پێچەوانە دەتوانێ هەموویان بە درۆ بخاتەوە و ناوەڕۆکی بیروڕاکانیان پووچ بکاتەوە ، بەڵام دەبێ ناویان ببا . چونکە ئەو یەکەم کەس نی‌یە باسی حاجی کردبێ . ساڵێك یا دوو ساڵ پاش مردنی ناوی کەوتۆتە سەر لاپەڕەی چاپەمەنی کوردی و لە هەموو شاعیر و نووسەرانی تری کوردیش بەختەوەرترە لە رووی ناو هێنان و باس کردن و لێکۆڵینەوە و چاپ کردنی بەرهەم و دیوانی . لای خۆمان و لە ئەوروپا .

٢ – هەموو باسێکی زانستی دەبێ هەموو ئەو جەوهەرانەی پێوەندی‌یان بەوەوە هەیە تێیدا بن ، وە هەرچی پێوەندی‌یان بە باسەکەوە نی‌یە دەبێ تێیدا نەبن . لێرەدا پێویستە زاراوە کلاسیکی‌یە کۆنەکەی زانستی‌ی مەنتیق بەکار بهێنین . ئەمەیان ڕەنگە مەسعوود تێ‌ی بگا ، چونکە مەلایە . زاراوەکە «الجامع المانع»ە ، بەڵام داخی گران زۆربەی ئەوانەی جۆری خوێندەواری‌یان مەلایانەیە ، لەگەڵ ئەوەی ئەم «جامیعی مانیع»ە لە خەڵکی تر چاکتر دەزانن ، بەڵام هەر ئەوان ئەم تیۆری‌یە ڕاستە لە لێکۆڵینەوەی زانستی‌دا بەکار ناهێنن . بۆیە ئەگەر هەر سێ بەرگی کتێبەکە بگوشین و «ناحاجی» لێ دەر بێنین ، سیپارەیێکی بچووك لە بابەت حاجی‌یەوە دەمێنێتەوە ، ئیتر بوچ بە ناڕەوا ناوی دەنێ «حاجی قادری کۆیی»؟

٣ – نەبوونی پەراوێز لە کتێبێك لە حاجی بدوێ ، ئەوەی لە هەموو کەسێك زیاتری لە سەر نووسراوە ، بەڵگەی ئەوەیە کە خاوەن کتێب کەڵکی لەو سەرچاوانەی باسی حاجی‌یان کردووە وەرنەگرتووە ، لەوانەیە تێبینی‌یێك بە خەیاڵمانا بێ ، ئەویش ئەوەیە کە دەشێ خاوەن کتێب سوودی لە هەموو سەرچاوەکان وەرنەگرتبێ بەوەی نزمن و لە خووار پلەی خوێندەواری‌ی ئەوون ، ئێمە دیارە لەگەڵ ئەو باوەڕە نین ،

بەڵام هەتا ئەگەر بۆ بەڵگەش بۆ مەسعوودی بسەلمێنین : داوای ئەوەی لێ دەکرێ کە دەبێ ئەو سەرچاوانە هەڵبسەنگێنێ و نرخیان پیشان بدا . با هەرزانیش بن ! هیچ نەبێ بۆ مێژووی باسەکە دەبێ باسیان لێوە بکا . چونکە سیفەتی «زانایی» لە مەسەلەیێك دا نادرێتە کەسێك ئەگەر شارەزایی یێکی تەواوی لە مێژووی مەسەلەکە نەبێ . دیارە هەموو کەسیش ئەو ڕاستی یە دەزانی کە «زانایی» شتێکە و «زۆرزانی» شتێکی ترە !

٤ - حاجی قادر پیاوێکی ژیر و خاوەن عەقیدە و سیاسی بووە . هەروەها شاعیریش بووە ، ئەم دوو سیفەتە ئەگەر چی تێك هەڵکێشن و چوونەتە ناو یەکەوە و جیا کردنەوەیان کارێکی دروست نی یە . بەڵام دەبێ بۆ مەبەسی تێگەیاندنی خوێنەر و خوێندەوار لە یەکتری جیا بکرێنەوە . خاوەن کتێب وەکو سیاسی یێك و هەر چی بە خەیاڵی دا دێ لە حاجی دوواوە . بەڵام وەکو شاعیرێك هەر بۆی نەچووە ، نەدەبوو لە شیعری حاجی بدوێ لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە؟! لە بەر ئەوەیە نووسینەکەی بەرهەمێکی زانستی نی یە بۆ مەبەسی حاجی قادر وەکو شاعیرێك .

## سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە حاجی

خاوەن کتێبی «حاجی قادری کۆیی» یەکەمین کەس نی یە باسی حاجی قادری کۆیی کردبێ ، کە کتێبیشی دەرکردووە بە ناوی حاجی قادرەوە باسی هەموو شتێك و هەموو کەسێکی کردووە ، حاجی قادر نەبێ . ئەوانەی باسی حاجی یان کردووە پێش ئەو گەلێ زۆرن .

لەگەڵ ئەوەی هێشتا بە تەواوی لە بیبلیۆگرافیای لێکۆڵینەوە لە حاجی نەبوومەتەوە ، بەڵام دەتوانم لەم ماوەیەدا ئەم ناوانەی لای خۆمان پێشکەش بکەم کە باسی حاجی یان کردووە بە نووسین[1] :

ئیحسان فوئاد ، بلەچ شێرکۆ ، پیرەمێرد ، پیرۆت ، تۆفیق وەهبی ، مەلا جەمیلی

(١) ناوەکان بە پێی تیپەکانی ئەلفبای کوردی ڕیز کراوون .

رۆژبەیانی ، حەمە ڕەش ، حوسێن حوزنی ی موکریانی . ڕەفیق حیلمی . ڕۆستەم ،شوکور مستەفا . عەبدولرەحمان سەعید . عەبدولسەتار تاهیر شەریف . عەلائەدین سەجادی ، عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، کامەران بەدرخان ، کەریم شارەزا ، کەمال فوئاد ، عەبدوللا گۆران ، گیوی موکریانی ، مارف خەزنەدار . محەمەد ئەمین زەکی ، محەمەد توفیق ووردی . محەمەد عەلی ی عەونی . محەمەدی مەلا کەریم ، نەجمەدین مەلا ، هەرەکۆڵ ئازیزان (جەلادەت بەدرخان) . ئەمە جگە لەو شاعیرە کوردانەی کە باسی حاجی یان کردووە .

لە ڕۆژهەلاتناس و کوردناسەکانیش ئەمانە :

ئەدمۆندس . تۆما بووا . جۆیس بلوو . حوسێن عەلی شانۆف (کورد ئۆغلی) ، دانا شمیدت ، سۆن . ڤاسیلی نیکیتین . کوردۆیێف . لووسی پوول مارگریت . مینۆرسکی [1] .

جا با بزانین لەمانە خاوەن کتێبی حاجی کامەی بەکار هێناوە ، یا ڕاستر کامە ناو لەمانە کەوتوونەتە ناو کتێبی «حاجی قادری کۆیی» یەوە .

١ – لە یەك جێگە ناوی حوسێن حوزنی موکریانی هاتووە ، ئەویش لە بابەت ڕاستی و ناڕاستی ی فەتواکەی مەلای خەتێ یەوەیە [2] .

٢ – لە یەك جێگە ناوی عەلائەدین سەجادی هاتووە ، ئەویش لە بابەت گرانی یەوەیە [3] .

٣ – لە دوو جێگە ناوی هەرەکۆڵ ئازیزان (جەلادەت بەدرخان) هاتووە ، یەکەمیانی لە پێشەکی ی چاپی هەولێری دیوانی حاجی وەرگرتووە و خۆی ماندوو نەکردووە بگەڕێتەوە بۆ کۆواری «هاوار» و تەماشای ئەسڵەکە بکا [4] ، دووەمیان دووبارە کردنەوەی یەکەمیانە [5] .

---

(١) من لەوە دڵنیام کە گەلێکی تر هەن باسی حاجی یان کردووە و ئەو سەرچاوانەی تیاندا نووسیوە ، جارێ دەست من نەکەوتوون .

(٢) حاجی قادری کۆیی ، بەرگ ٣ ، ل ١١١ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، بەرگ ٢ ، ل ٦١ .

(٤) سەرچاوەی پێشوو ، بەرگ ١ ، ل ٦٨ .

(٥) سەرچاوەی پێشوو ، بەرگ ٣ ، ل ٦١ .

٤ — له یەك جێگە ناوی محەمەد ئەمین زەکی هاتووە ، ئەویش نەوەکو وەك یەکێك باسی حاجی کردبێ ، بەڵکو زێی بچووکی بە «زێی کۆیە» ناو بردووە[١] .

٥ — لە سێ جێگە ناوی محەمەدی مەلا کەریم هاتووە[٢] . هۆی ئەم بایەخ دانە نازانین چی یە ، ئەمە یەکەمین کەسە باسی حاجی کردبێ و مەسعوود محەمەد وەکو سەرچاوەیێك وەری گرتبێ . بەڵام دیسانەوە سەیرە لە کۆیە ، لە هەمووی دا (محەمەدی مەلا کەریم)ی پێ ووتووە . زۆر سوپاس کە «مەلا»ی لە باوکیشی وەرنەگرتۆتەوە . لای مەسعوود محەمەد مەسەلە عیلم بێ یا عیلم نەبێ ، ئەگەر چی ناوی کەس ناهێنێ . بەڵام کە ناو دێنێ بە خەرروار «شیخ» و «مەلا» و «بەگ» و «پاشا» و «مامۆستا» بەکار دەهێنێ . بەڵام نازانم بۆچ بۆ «محەمەدی مەلا کەریم» ئەمەی نەکردووە؟؟!!..

لە عیلم دا جێی ئەو ووشانەی بۆ چڵکاو خۆری و ماستاو سارد کردنەوە بەکار دەهێنرێن بە قسەی بەجێ و بیروڕای بەکەڵك و سوود بەخش پڕ دەکەنەوە ، زانا و ڕۆشنبیر و ژیری ڕاستەقینە لە پێوەندی‌ی کۆمەڵایەتی دا «تواضع» لەگەڵ خووار خۆی دا بەکار دەهێنێ و لووت بەرزی لەگەڵ سەرووی خۆی دەنوێنێ[٣] . بەڵام ئەوانەی سەر بۆ سەرووی خۆیان شۆڕ دەکەن و کڕنووشیان بۆ دەبەن و دەشزانن شایانی ئەوە نین ئیتیهازین . وە جارێکی تر بچووك دەبنەوە کە وا دەزانن ئەوانەی لە خۆیان نزمترن دەبێ سەریان بۆ شۆڕ بکەنەوە .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، بەرگ ١ ، ل ٣٧٣ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، بەرگ ٣ ، ل ٢٣٣ ، ٢٣٥ ، ٣٦٢ .

(٣) لە ساڵی ١٩٥٦ هاوڕێیێکمان لە بەغدا کە هێشتا قوتابی‌ی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بووین ، کتێبێکی بە دیاری پێشکەش بە تاها حوسێنی بەناوبانگ کرد ، لە وەڵامی سوپاسگوزاری دا کارتێکی بۆ نارد بوو لە سەری نووسی بوو : «سیدی الاستاذ.....» ، هاوڕێکەمان دیارە بە قوتابی‌ی قوتابی ئەو نەدەشیا .

# هۆی ئاوارەیی حاجی [1]

کۆیەی کلاسیك ناوی گەلێ شاعیرمان بۆ دەور دەکەنەوە ، بەڵام گەورەترینی ئەمانە سێ شاعیرە کە دەبێ لاپەڕەی زۆر و تایبەتی‌یان بۆ تەرخان بکرێ لە مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا :

١ – حاجی قادری کۆیی . ئەگەر کۆیەی شاریش نەبێ با گۆڕقەرەجی نزیك بەو بێ ، واتە ئەویش بە وێنەی مامۆستای خۆی نالی لە گوندەوە کەوتۆتە شار ، وەکو ئەو لەوانەیە باوکیشی نەدیبێ . لە زۆر شتی تریش‌دا وەکو نالی‌یە [2] ، لەم بابەتەوە خۆی دەڵێ :

بوکم ئەحمەد بوو ناوی فیکرم دێ
خەلقی لادێ بوو دایکی من فاتێ [3]

٢ – کەیفی ، لە مێردمنداڵی‌یەوە بووە بە کۆیی . ئەگەر لە لادێکانی جووانڕووە هاتبێ ، یا لە لادێکانی شارەزوورەوە . ئەمەش گرنگ نی‌یە ، کابرایێکی کڵاش خواری ئەم کوردستانە بووە . ئەویش یەکێکە وەکو نالی و حاجی .

٣ – شێخ ڕەزا . لەندەهۆر و شاعیری بە توانای ئەدەبی کوردی‌یە ، لە چینی سەرەوە و خووارەوە بوو . لە بنج‌دا لە چینی سەرەوە بوو . بەڵام چاوچنۆکی دەرەبەگی و پێوەندی‌ی نالەباری ئەو چینە لە لایەن نزیکترین کەسی‌یەوە لە چینی سەرەوە هێنرایە چینی خووارەوە . شێخ ڕەزا ئەوەندەی کەرکووکی و سلێمانی بووە ئەوەندەش کۆیی بووە .

---

(١) ئەو ووتارەی بە ناوی « نالی و حاجی و کەیفی چەوساوە و قوربانی‌ی بیری ڕۆشن و چاکەی چینی دەرەبەگ بوون » کە لە کۆورای « ڕۆژی کوردستان » ، ژمارە ٣٥ ، ٣٦ ، ١٩٧٦ ، بڵاوکرایەوە بوو بە پرۆژەیێك و سەرچاوەیێك لەگەڵ تێبینی‌ی هاورێ و دۆست و زانایانیش هەموویان چوونە ناو ئەم پێشەکی‌یەوە .

(٢) ئەو شەجەرەیەی بۆ بنەماڵەی حاجی دانراوە لە چینی خووارەوە نایباتە سەرەوە ، وەکو لە شەجەرەکە خۆی‌دا دەر دەکەوێ . بڕوانە : (گوڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣١٨) .

(٣) کومەلە شعری حاجی قادر کوی ، بەغدا ، ١٩٢٥ ، ل ٣٨ .

ئەم سێ شاعیرە بە ڕێز لە پاش نالی ئەوانیش کەوتنە وڵاتی ئاوارەیی ، حاجی و کەیفی وەکو نالی بێ سەر و شوێن مانەوە . بەڵام شێخ ڕەزا گەڕایەوە نیشتمان ، دەڵێن جارێکی تریش چووە بۆ ئەستەموڵ . واتە دوو جار . ئەنجامی لە وڵات بوو و مردن و ناشتنیشی لە بەغدا و تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە ، چوونەکەی شێخ ڕەزا بۆ ئەستەموڵ وەکو چوونەکەی ئەوانیتر نەبووە .

کەس نی‌یە حاجی بە نیشتمان پەروەر دانەنێ . دیارە یا لە پێش چوونە ئەستەموڵی بووە بە نیشتمان پەروەر و لەوێ ئەم گیانەی بەهێزتر بووە . یا لە پاش چوونە ئەستەموڵی گیانی نیشتمان پەروەری‌ی پەیدا کردووە . ئێمە لەگەڵ ئەوەین لە پێش چوونی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌ی وتووە . لەم ماوەیەدا مەبەستمان ئەوە نی‌یە سەردەمی بوونی حاجی بە نیشتمان پەروەر دیار بکەین . بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بە شوێن ئەو هۆیانە بگەڕێین کە پاڵیان بە حاجی‌یەوە نا وڵات بەجێ بهێڵێ و هەوڵی گەڕانەوە نەدا ؟

جارێ پێش ئەوە دەبێ حاجی بکەم بە دوو بەشی جیاواز . ئەمەم ئەمڕۆ نەکردووە ، بەڵکو زادەی بیری نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەرمە کە هێشتا قوتابی‌ی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بووم . لە پێشەکی‌ی کۆمەڵە شیعری «ڕازی تەنیایی» هەردی ووتوومە ، شیعرە کلاسیکی‌یە تەقلیدی‌یەکانی حاجی . واتە غەزەلەکانی لە ڕیزی پێشەوەی غەزەلخوانە کوردەکانی دادەنێ ، بەڵام شیعرە نیشتمانی‌یەکانی لە ڕووی هونەری‌یەوە لەڕو لاوازن[1] .

حاجی پێویستی بەوە نی‌یە لەم لایەنەشەوە شاعیر بێ . ئەگەر بشیەوێ هەر نابێ بە شاعیر . خۆشی دەرکی بەوە کردووە . ئەوەی ئاشکراشە کەرەستەی ئەو شیعرە نیشتمانی‌یانە کەرەستەی ڕاستەقینەی شیعر نین و بۆ ئەو دەست نادەن و هی پەخشانن . بەڵام حاجی نیشتمان پەروەر و سیاسی‌یێکی بێ گەرد و دڵسۆزی نەتەوەکەیەتی ئاڵای پێشکەوتنی لە کۆمەڵی دەرەبەگی‌دا هەڵکردووە بۆ پێشەوە بردنی کوردەواری بەرەو کۆمەڵێکی پیشەسازی‌ی بورجووازی‌ی دیموکراتی‌ی سەربەخۆ .

ئێمە بە حاجی دەڵێین شاعیر و سیاسی ، ووتەکەی پێشوومان لەبەر تیشکی ئەم دوو زاراوەیە «شاعیر» و «سیاسی» دووبارە دەکەینەوە ، واتە حاجی یا پێش چوونی بۆ

---

(١) ئەحمەد هەردی ، ڕازی تەنیایی ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، پێشەکی ، ل ٥ .

ئەستەموولْ بووە بە سیاسی یا پاش چوونی . بۆ شاعیری‌یەتی‌یەکەش دیارە لە پێش چوونی بۆ ئەستەموولْ شاعیر بووە .

دووبارە و زیاتریش دەیلێینەوە کە حاجی شاعیرێکی بەرز بوو. یەکێك بوو لە قوتابی‌یانی ڕیزی پێشەوەی قوتابخانەی نالی . لەو دەورەد شاعیری زۆر لە کۆیە هەبوو ، بەلام لێرەدا دەبێ کەیفی و شێخ ڕەزا لە ناو ئەواندا دەرکەین ، ئیتر شاسواری مەیدان تەنیا حاجی بوو. پلەی هیچ شاعیرێکی تری هاوچەرخی نەگەیشتبووە پلەی حاجی . دەبێ ئەو شاعیرانە لە ڕووی هەست و خۆستی ناوەوەی خۆیان دوو بەش بوو بن . بەشێکیان ئەو شاعیرە موتەوازیع (متواضع) انە بوون ئەگەر یەکێکی وەکو حاجی دانی بە شاعیری‌یاندا هێنابێ ئەو پەڕی شانازی بووە بۆیان . بەلام بەشەکەی تر لە ناخی دەروونەوە حەزیان لە حاجی نەکردووە . چونکە هەر یەکە لەوانە حاجی ی کەلە شاعیری بە مونافیسی خۆی داناوە . لەوانەیە ئەم ناحەزکردنە بە ئاشکرا نەکەوتبێتە ڕوو و نەبووبێتە هۆی بەربەرەکانی‌یێکی دیار تێرەدا و لەو سەردەمەدا حاجی ئەگەر سیاسی بووبێ یا نەبووبێ مەسەلەکە تێك ناچێ . هەر ئەوەندە هەیە هەندێ لەو شاعیرانەی خۆیان بە شاعیر داناوە حەزیان لە حاجی نەکردووە . بەلام دیارە بەرەوڕوو بەربەرەکانی‌یان نەکردووە ، سیاسەتێکی ئاگری بن کایان لەگەلْدا بەکار هێناوە و تەنگیان پێ هەلچنیوە و ژیانیان لێ کردووە بە ژاری مار . گەلێ هۆی تریش بۆ حاجی ئامادە بووە کە وولات بەجێ بهێلێ . لەوانە دەردی بێ‌کەسی و هەژاری . وەکو یەکێکیش لە چینی خووارەوەی کۆمەلْ . هەروەها وەکو شۆڕشگێڕێکیش ئامادەی ئەوە نەبووە بۆ گوزەران و ژیانی خۆشی ملی شۆڕ بکا . تا ببێتە یەکێك لە ئەندامانی چینی سەرەوەی کۆمەلْ . ئەمە ئەگەر یەکسەر خۆشی کەلْکی لێ وەرنەگرتایە . دەیتووانی بنچینەیێکی چینایەتی دروست بکا بۆ مندالْ و نەوەی پاش خۆی بەجێ ی بهێلێ . چونکە ئەوانەی ناویان بە شێخ و بەگ و حاجی و مەلا و ئاغا دەرچووە لە باب و باپیرانەوە وەریان گرتووە . کە ئەمانەش لە نەژاددا هەر ڕەش و ڕووت بوون . ئەم قسانە هەمووی ئەگەر حاجی تەنیا شاعیر بووبێ و سیاسی نەبووبێ .

بەلام ئەگەر هەر لە کوردستاندا سیاسیش بووبێ ، ئێمە ئەم ڕایە پەسەند دەکەین ، ئەوا نەوەکو چینی سەرەوەی شێخ و مەلا بەلْکو دەرەبەگیش حەزی لە چارەی حاجی

نەکردووە. مەسەلە لێرە مەسەلەی چاکەی چینی سەرەوەیە بە گشتی لە سەر حیسابی رەنجی چینی خووارەوە.

حاجی یێك لە لایێك شاعیرێکی هەرە بەرز بوویێ لە غەزەلخوانی دا و لە سەرووی هەموو شاعیرانی ترەوە بوویێ و لە لایێکی تریشەوە شۆرشگێرێك بوویێ بیروڕاکانی جێیان بە تەخت و تاراجی دەرەبەگ و زەبر بەدەستان لەق کردبێ نابێ خۆشەویست بوویێ، بەرەو ڕووش پێی نەووترابێ نالی ئاسایی پاش ملە ئەو رقەیان بەرامبەری دەربڕیوە.

دەمێنێتەوە سەر هەندێ پێوەندیی کۆمەلایەتیی تایبەتی لە کوردستاندا. ئەویش ئەوەیە کە خوێندەوار واتە فەقێ و مەلا نەوەکو لە ناو خەڵکی نەخوێندەوار و ڕەش و رووت دا بەڵکو لە ناو کۆمەڵی مەلاکان خۆیان و ئاغا و دەرەبەگیش ڕێزیان لێ نراوە. جا ئەمە بێ گومان لە رووی ئایینەوەیە. چونکە مەلا قورئانی خودا و پێغەمبەری هەڵگرتووە. لە پاش ئەمە کردەوەیێکی یەکجار بەڕێزی تریش بووە، مەلاکان زندە لە پێویست ڕێزی یەکتری‌یان گرتووە، بە تایبەتی فەقێ و ماموستا. یا ماموستا وماموستا تا گەیشتۆتە ڕادەیێك ئەگەر مەلایێك ڕۆژێك لە پاش مەلایێکی تر ئیجازەی وەرگرتبێ هەرگیز خۆی زۆر لەو بچووکتر گرتووە و دەستی ماچ کردووە و چەند هەنگاوێك لە دووای ڕۆیشتووە بە قوربان و فەرمووتان لەگەڵی دوواوە.

دیارە ئەمە دوو ڕوویەتی‌یێکی زۆریشی تێدا بووە. هەر ئەمانەش لە ناو خۆیاندا لە پاش دەست ماچ کردنی ئەو مەلایە یا ئەو شێخە بە «مەلعوون»، «فەرمەسۆن»، «هەزار شەیتان لە بن مێزەری دایە». لەم دووایی‌یەش «پیاوی ئینگلیز» ناویان بردووە.

حاجی قادر کە مەلا بوویێ دیارە بۆ ئەویش ئەم ڕێز گرتنە ڕوو گەشی‌یە ساختەیە لواوە، بەڵام لە ناوەوە و دەروون‌دا پێچەوانەی ئەوە بووە. ڕیایی و نەبوونی دڵسۆزیش لەو مەیدانەدا ئاشکرایە.

خەبات و تێکۆشان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ لە هەموو زەمانێك‌دا بووە و دەبێ بەردەوام بێ، ئەمە ڕاستی‌یێکی مێژوویی‌یە. بەو پێیە لە ڕۆژگارێك‌دا کە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بووە و لە جێگەیێك‌دا کە ناوچەی کۆیەیە ئالای خەباتی گۆڕینی کۆمەڵ حاجی

هەڵی‌کردبوو. کە خەبات لە ناوەوە بێ ، دەبێ دوو شتی دژی یەکتری لە ناوەوە بێ ، دەبێ دوو چین یا دوو کۆمەڵە خەڵك بەرامبەر یەکتری بووەستن ، ئەنجامی ئەم خەباتە بۆ چاکەی یەکێکیان و خراپەی ئەویتریان دەبێ ، لێرەدا ئاشکرایە خەباتی حاجی لە دژی کێ بووە ! ئیتر چۆن دەبی کە دەسەلات بە دەست دەرەبەگ بێ و ئەو دەرەبەگەی نوێنەری ڕاستەقینەی سوڵتانی عوسمانی و شای عەجەمە و شێخ و مەلای سەرەوەش سوێندخۆر و پارێزەری ڕژێمەکەن و بوون بە یەکێك لەو چینە . ئەمە هەمووی هیچ نەبێ لە رووی ئابووری‌یەوە . دەڵێم چۆن دەبێ حاجی‌یان خۆش ویستبێ !

ئەمانە بەدڵ . ڕقیان لە حاجی بووە . بەڵام ڕاستەوخۆ و بەرەوڕوو پیلیان نەگرتووە و فڕێ‌یان نەداوەتە دەرەوە . بەڵکو بنجێکی وایان بۆ دروست کردووە بە پێ‌ی خۆی بچێتە دەرێ ، وە ئەمە زیاتر هانی حاجی داوە کە لە خەباتدابێ بۆ ڕزگار کردنی ئادەمزادی کورد لە چەوساندنەوە . لە بابەت ئەو پرسیارەی کە چارەنووسی لحاجی بۆچ وەکو چارەنووسی نالی نەبوو لە مەڵبەندی ئاوارەیی دا ؟ واتە کە نالی لە کوردستان دەربەدەر بوو وەك بەردی بن گۆمەکەی لێ هات . بەڵام حاجی هەواڵی سەردەمی ئاوارەیی دەزانرێ و تەنانەت خەبەری مردنیشی لە ڕۆژنامە بڵاو کراوەتەوە ، لە پاش مردنی بە ساڵێك شیعریشی کەوتۆتە ناو ڕۆژنامە و چاپ کراوەوە [1] . ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی تایبەتی هەیە .

## حاجی شاعیری دەرەبەگی نی‌یە

مەسەلە ئەوە نی‌یە فلانە مەلا پیاوی باش بووە ، یا فلانە ئاغای وەك ئەمین ئاغای حەوێزی پیاوی چاك بووە و شاعیری خراپیش نەبوو. لە هەموو دەورێکی کۆمەڵی چینایەتی‌دا دەوڵەمەندی باش و هەژاری خراپ هەیە . بەڵام ئەمە دەستووری گۆڕانی کۆمەڵەکە نی‌یە . نابینی وولاتی سۆڤیەتی سۆسیالیست بە چاوێکی چەندە بەرزەوە

---

(١) ڕۆژنامەی «کوردستان» ، قاهیرە ، ژمارە (٣) ، ٢٨ی زولحەججەی ١٣١٥ ‎[٢٠ی مایسی ١٨٩٨] ، ل ٣.

تەماشای پەترۆسی قەیسەری دەکا و ناوی ناوە پەترۆسی مەزن و هەمیشە مۆمی پیرۆز کە «ئاگری نەمر»ی پێ دەڵێن لە ژێر پەیکەر و سەر مەرقەدی داگیرساندووە، کەچی هەر لەو سەردەمە و کەلێکیش پاش ئەو نەوەکو تەنیا پێوەندیی دەرەبەگی کۆمەڵی رووسیای کۆنی بەڕێوە دەبرد، بەڵکو پێوەندیی دیلییەتیش مابوو، زەوی لەگەڵ کۆیلە و عەبدەکانی دەفرۆشرا.

گومان لەوەدا نییە کە بەرهەمی هەموو شاعیرێك بە گشتی وێنەی بیرو باوەڕ و دڵ و دەروونییەتی، بەڵام هەر بەرهەمێکیش کاری تایبەتیی خۆی هەیە لە مێژووی ئەدەبدا، ئەو مێژووە بریتییە لەو وەزعە سایکۆلۆجییە و میزاجەی کە شاعیر بیروڕا و خەیاڵ وێنەی تێدا دەکا بە بەرهەم. پیاو ئەگەر خراپەی لەگەڵا بکرێ، گەرما و گەرم دەستی بڕوا و ماوەی هەبێ تۆڵەی خۆی بە جۆرێك دەکاتەوە کە کارەساتی لە دوواوا بێ، بەڵام ئەگەر ڕێگەی لێ بگیرێ هەڵچوونەکەی بەرە بەرە دادەمرکێتەوە، ئیتر هەر چەندە زیاتر رۆژگاری بەسەردا بڕوا ئەوەندە ساردتر دەبێتەوە تا ڕۆژێك لە بیریش دەچێتەوە.

شیعر جیهان و ژیانە، ئەوەندە واقیعییە خۆی پێ ناگیرێ هەر کە گەیشت دەبێ بتەقێتەوە و ببێتە بەرهەمێکی جوان و بێتە دەرەوە. وەکو ئەو ژنە زگ پڕە وایە کە ژانی خۆی بێ دەبێ منداڵی ببێ و ئەو ئینسانە زیندووە بلیمەتە بێنێتە دەرەوە. بەڵێ! بۆ شاعیر هەیە بە ناهەق توورە ببێ و ئەمە ببێتە هەوێنی شیعرێك. بەڵام بۆچ دەبێ ئێمە حیساب تەنیا لە سەر ئەو تاقە شیعرە بکەین لەگەڵ شاعیرا؟

من لەم ماوەیەدا مەبەستم ئەوە نییە ئەگەر شاعیرێك باسی ڕەش و ڕووتێکی کرد لە سەر ئەمە موحاکەمەی بکەم. ئەمەیان شتێکی زۆر تەبیعییە و پێویستی ژیانە، بەڵام ئەو شاعیرە ئەگەر باسی ئاغایێکی کرد، لێرەدا ئەگەر بە ڕاستی بێ و ژیانی ئەدەبی خۆی هەموو بۆ ئەوە تەرخان کردبێ ئەوا من لەعنەتی لێ دەدەم، بەڵام ئەگەر بۆ جارێك و دوو جاریش بێ ئەوا پێویستە لێی وورد ببینەوە و بەبێ ترسیش دەبێ ئەنجام بخەینە ڕوو جا چاکەی شاعیری تێدا دەبێ یا نا ئەمەیان بەرامبەر بە ڕاستی گرنگ نییە.

بەلای ئێمەوە حاجی قادر شاعیری ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردە، ئەو نەتەوەیەی

ڕەش و ڕووتی لێ دەربهێنێ جەوهەری نەتەوایەتی تێدا نامێنێ. حاجی بە شانازی‌یەوە ناوی هەموو شاعیر و هونەروەری کوردی پێش خۆی و دەور و بەری خۆی بردووە، هیوای بە شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمەی مێژووی کورد بووە کە شتێك بە شتێك بکەن بۆ نەتەوەکەیان، هێرشی بۆ سەر دەروێشی و لایەنی سەلبی مەلایەتی ئاشکرایە.

حاجی زۆر واقیعی بووە، لە بەر ئەوەیە زۆرتر باسی چاکەی ڕەش و ڕووتی کردووە، چونکە ئەمانە چاکەیان زۆرە و کەمتریش باسی چاکەی هەندێ لە نوێنەرانی چینی سەرەوەی کردووە چونکە چاکەیان کەمە و پیاوی چاکیشیان کەم تێدا هەڵکەوتووە.

من لێرەدا نامەوێ باسی ئەو مەلایانە بکەم. ئەوانەی حاجی مەدحی کردوون، نەك لە بەر ئەوەی یەکێك بڵێ دەرەبەگ نین. ئەگەر وەکو چینێك دەرەبەگیش نەبن، نوێنەری ڕاستەقینەی چینی دەرەبەگن، چونکە پارێزگاری‌ی چاکەی ئەو چینەیان کردووە، بەڵام کە حاجی لە هەڵوێستێك‌دا مەدحی کردوون دیارە ئەوانە لە سەر هەق بوون، زیاتریش لە بەر ئەوەی خوێندەوار بوون، خوێندەوارانیش کە فەقێ و مەلای ئەو سەردەمە بوون لە نێوان خۆیان‌دا گەلێ ڕێزی یەکتری‌یان گرتووە، خەڵکی تریش بە چاوی بەرز تەماشایان کردوون.

حاجی یادی هەموو شاعیرانی کردۆتەوە، ئەوانی بە جەوهەرێك لە جەوهەرەکانی بوونی نەتەوایەتی داناوە، بەڵام بە پێچەوانە تەنیا باسی دوو سێ ئاغای کردووە لە ڕوونیکەوە دەبێ ئافەرینی پێ بڵێین. ئەمین ئاغای حەوێزی پێش ئەوەی پیاوی باش بێ شاعیر بووە، بەڵام مناسب، ئێمە بیروڕای حاجی بەرامبەر خوێندەوار و شاعیر دەزانین چی‌یە، دیارە حاجی تەماشای لایەنە گشتی و شەعبی و پێویستی‌یەکەی ئەمین ئاغای کردووە کە شاعیری‌یەت و خوێندەواری‌یە، ئنجا حەماغاش بۆ دەبێ مەدح نەکرێ با هەر زرووفێك کردبێتی بە دەوڵەمەند و لە سەر حیسابی ڕەش و ڕووتی کورد بووبێ، دەڵێم بۆ دەبێ مەدح نەکرێ ئەگەر گرانی دابێ و هەندێ لە دەرکی عەمارەکانی بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت بکاتەوە، با بەم ماڵە ماندووش نەبوو بێ و ئارەقی بۆ نەڕشتبێ. دیارە ئەمە کردەوەیێکی مرۆڤایەتی‌یە. هەروەها خاسیەتێکیش نی‌یە لە خاسیەتەکانی دەرەبەگی، بەوپی‌یە حاجی مەدحی دەرەبەگی نەکردووە، بۆیە هەموو هەوڵدانێك بۆ دزینی حاجی

وده‌رهێنانی له ناوڕێزی ڕه‌ش و ڕووت و قه‌یدکردنی له ناو ده‌فته‌ری جیهانی ده‌ره‌به‌گی ناله‌باری دوواکه‌وتوودا کارێکی به‌جێ نی‌یه.

حاجی له شۆرشگێڕ و دوژمنی ده‌ره‌به‌گ به‌ولاوه هیچی‌تر نی‌یه، ئه‌گه‌ر مه‌دحی هه‌ندێ له نوێنه‌رانی ئه‌و چینه‌شی کردبێ به لایه‌نی ئینسانی ئه‌وانی هه‌ڵداوه، چونکه حاجی دژی کرده‌وه‌ی چینی سه‌ره‌وه‌یه به گشتی، دیاره له هه‌موو ده‌ور و زه‌مانێکیش دا چینی سه‌ره‌وه پیاوی چاکی لێ هه‌ڵده‌که‌وێ و چینی خوواره‌وه‌ش پیاوی خراپی هه‌یه، نه ئه‌و چاکه که‌مه چینه‌که له زوڵم و زۆری و کۆنه‌په‌رستی ڕزگار ده‌کا. وه نه ئه‌و خراپه که‌مه‌ش ناوی چینی خوواره‌وه ده‌زڕێنێ.

له سه‌رانسه‌ری دیوانی حاجی ئه‌وه ده‌رده‌که‌وێ که دژی ده‌روێشی و سۆفیزم بووه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر جار جاره مه‌یلی بۆ ته‌ریقه‌تی قادری بووبێ و باسی کاکه‌حه‌مه‌دی کردبێ، هه‌روه‌ها دژی ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندی بووبێ و دیسانه‌وه مه‌دحی خالیدی شاره‌زووری کردبێ له به‌ر ئه‌وه بووه چونکه شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاکه‌حه‌مه‌د مه‌لاو زانای ئایینی بوون، خۆ حاجی گله‌ییشیان لێ ده‌کا که بۆچ به کوردی نه‌یاننووسیوه!! به‌لام له‌به‌ر ئه‌وه مه‌دحی خالیدی شاره‌زووری کردووه چونکه یه‌کێکه له سه‌رۆکه‌کانی نه‌قشبه‌ندی ئه‌وه‌ی له سه‌ره‌تای پڕۆپاگه‌نده بۆ ئه‌و ته‌ریقه‌ته به‌ربه‌ره‌کانی کراوه و وه‌زعی له لێژیدا بووه و له ئه‌نجامدا ئاواره بووه و له شام مردووه. وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی یه‌ك دوو پارچه شیعریشی به زمانی کوردی شێوه‌ی گۆران وتووه. با ئه‌و شیعرانه بێ تام و بۆش بن. به‌ڵام ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانرێ له دووایی‌دا یا هه‌ر له ده‌وروبه‌ری خالیدی شاره‌زووری‌دا مه‌سه‌له‌ی کلۆدیۆس ڕیچ و گه‌شته‌که‌ی به‌غدا و کوردستان و شیرازی و هاتنه ناوه‌وه‌ی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهه‌ڵات له‌گه‌ڵ ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندی به‌رامبه‌ر به ته‌ریقه‌تی قادری و پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ده‌وله‌تی عوسمانی و به‌ربه‌ره‌کانی له نێوان چاکه‌ی ئیمپیراتۆری‌یه‌تی به‌ریتانیا و ده‌وڵه‌تی خه‌لافه‌تی موسوڵمانان. ئه‌مه هه‌مووی مه‌سه‌له‌ی گرنگه له چاره‌نووسی دووایی نه‌ته‌وه‌ی کورد، دیاره ئه‌مانه جارێ مه‌وزووعی باس نین!!.

له‌م ماوه‌یه‌دا ده‌بێ ئه‌وه‌ش بوترێ ئه‌گه‌ر ئه‌م ده‌روێشی‌یه لایه‌نی ئیجابی بووبێ ئه‌وه ئه‌و ڕه‌نگ دانه‌وه‌یه له ئه‌ده‌ب‌دا، لایه‌نی سه‌لبی گه‌لێ زۆره و یه‌کێکه له‌و هۆیه هه‌ره

گرنگانەی کە بوون بە پەژمردەیی میللەتی کورد . مەلاکان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە مەلایەتی واتە «شەریعەت» لە دەروێشی واتە «تەریقەت» جیا بکەنەوە ، بەڵام مەلایەتی ئەگەر لە ناو دەروێشی دا نەتواوێتەوە زۆر لێیەوە نزیکە ، دیارە پێویست بەوەش ناکا بڵێین بازاڕ بوو و دابەش کرا بوو ، لە نێوان هەردوو تەریقەت و مەلایەتی ی نزیك بەوەوە .

من باوەر ناکەم شاعیری وا هەبێ . بە مەرجێ پیشەی شیعر بێ و بەرهەمێکی زۆری کەوتبێتە ناوەوە ، هەموو جۆرە شیعرێکی نەووتبێ ، کە شاعیریش هەموو بابەتە شیعرێك بڵێ . دیارە دەبێ هەموو کەسێکی ڕازی کردبێ ، کە هەموو کەسیش ڕازی بکا ، دەبێ بابەتە ئینتیهازی‌یێك بێ ، بەڵام ئێمە وا تەماشای مەسەلەکە ناکەین ، چونکە ئەگەر وا تەماشا بکرێ ، نەوەکو تەنیا شاعیرانی کورد ، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی جیهانیش دەبێ خەتێکی ڕاست چەپ بە سەر خۆیان و بەرهەمەکانیان‌دا ڕابکێشین.

مەسەلەی ئەم شاعیر و خوێندەوارە ڕابردووانە بێ گومان جیاوازە لەگەڵ خوێندەوارێکی تازەبابەت کە تەپڵ بۆ هەموو کەسێك و دەور و زەمانێ لێ دەدا ، لای شوررەیی نی‌یە چۆکی دابداتەوە و کڕنووش بۆ هەموو جۆرە بتێك ببا ، بەڵام ئەوکاتەی بتەکە دەشکێنرێ جارێ فرمێسکی بۆ دەڕێژێ چونکە باوەڕ بە شکانی ناکا . کە بە تەواوی بۆی ئاشکرا دەبێ کە شکاوە نامەردانە بە پێ دەچێتە سەر بتی شکاو بۆ ئەوەی وورد و خاش تری بکا .

دەڵێم حاجی و هەموو شاعیرەکانی ترمان ناچنە ڕیزی ئەم جۆرە خوێندەوارانەوە ، چونکە لە وەزعێکی سایکۆلۆجی ی تایبەتی و لە سەر هەق چاکەی دەرەبەگێك بزوواندوونیەتی کە سەرچاوەی ئیلهامیان بتەقێتەوە ، ئەمە و دیارە وێنەی شیعری جۆرە (مطلق)یێکی تێدایە و لە ڕووی هونەریشەوە نرخی خۆی هەیە ، جا ناوڕۆکە چی دەبێ با ببێ !

بۆ بەڵگە شاعیرێکی گەورەی وەکو نالی باسی جێگە شارراوەکەی مەستوورەی بە جووانترین شیعر کردووە ، لە لایەن هەندێ کەسەوە پەسند نەکراوە ، دەڵێن چۆن دەبێ باسی ئەو شاعیر و خوێندەوار و شازادە و شاژنە گەورەیە بەم جۆرە بکا !؟. یا شاعیرێکی

گەورەی تری وەکو سالم تورکە عوسمانی یەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ئاوارەی شاری حیللەیان کرد لە خوواروی عیراق ، کەچی ئەوگلەیی لە عەرەب و بە تایبەتی لەو ماڵە عەرەبە دەکاکە دەوڵەت پارەی دەدانێ بۆ ئەوەی سالم بەدەست بە سەری لە ماڵەوە بەختیو بکەن ، دیارە شیعری وا بۆ ئەنتەرناسیۆنالیستێك دەست نادا ، با شیعرەکە لە ئەنجامی ڕەووشتێکی خراپیش بێ کە ئەم ماڵە بەرامبەر بە سالم نوواندوویانە[1] .

خۆ مەسەلەی شێخ ڕەزا لە هەموو شتێکی تر ئاشکراترە (جنێو بە شێوەیێکی هونەری) بە هەموو نوێنەرانی چینی سەرەوە کە هۆی نالەباری و دوواکەوتوویی کۆمەڵ بوون لە سوڵتانەوە تا دەگاتە بچووکترین مووچەخۆری بیرۆکراتی . لەم ماوەیەدا شێخ ڕەزا نزیکترین کەس و کاری خۆی لەو هێرشە ڕەوایە ڕزگار نەکردووە[2] . یا شاعیرێکی وەکو ئەحمەد حەمدی ساحیبقران خاوەنی زنجیرە تەرجیع بەندە نیشتمانی یەکەی و شیعری بە سەر فەیسەلی یەکەم هەڵداوە[3] . گریانی پیرەمێردیش بۆ غازیی یەکەم هەموو کەسێك دەیزانێ[4] ، دیارە مەسەلەی شاعیرێکی وەکو ئەحمەد موختار جافیش لای هەموو کەس ئاشکرایە چۆن دەستی بەرز کردۆتەوە بۆ هێنانە دی پەیمانی عیراقی - بەریتانی لە ساڵی ۱۹۳۰دا .

ئەمانە بۆ بەڵگە بوون . ئەو شاعیرانەی ناویان نەهاتووە مانای ئەوە نی یە قسەیان لە سەر نی یە ، جا ئێمە ئەگەر ئەم کارانە بە کردەوەی باش دانەنێین بۆ ئەوانەی مردوون و هەروەها لێیان ببوورین لە بەر ئەوەی مردوون و کردەوەی باشیشیان گەلێ زۆرە ، بۆچ دەبێ ئەمە لە زیندووی سەردەمی ئەمڕۆمان قوبووڵ بکەین ؟ .

---

(۱) تەواوی قەسیدەیێکی سالم لەم بابەتەوە لای نووسەری ئەم پێشەکی یە پارێزراوە .

(۲) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغدا ، ۱۹٤۲ ، چاپی دووەم ، ل ۳۸ ، ۳۹ .

(۳) دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ساحیبقران ، بەغدا ، ۱۹۵۷ ، ل ۱۲۷ ، ۱۲۸ .

(٤) پیرەمێردی نەمر ، بەغدا ، ۱۹۷۰ ، ل ۳۱٦ ، ۳۱۷ .

# بیرکردنەوە لە نەبوونی دەرەبەگی

## لە کوردستانا وورێنەیە

خاوەنی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» ئەوەندە ساویلکە و سەرپێ‌یی و نەفامانە تەماشای «دەرەبەگی» دەکا لە کوردستانا. پیاو هەر ڕووی نایێ بیری لێ بکاتەوە. بەڵگەی بۆ ئەوەی دەرەبەگ بە گشتی لە کوردستانا و بە تایبەتی لە وولاتی کۆیە نی‌یە، بەراوورد لە نێوان ئەوانەی ئێمە پێ‌یان دەڵێین دەرەبەگ لەگەڵ دەرەبەگە خاوەن قەڵاکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا دەکا. بۆ ئەوەی ئەوە دەربخا کە ئەمانە لە چاو ئەوان هەژارن[1]. ئەم دیماگۆگی‌یەتە لەوە دەکا مەسعوود محەمەد بڵێ ئەو دەستگایەی ئێمە کاری تێدا دەکەین. بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا نامەخانەی نی‌یە! چونکە چەند هەزار کتێبێکی تێدایە لەوانەیە لە دوو سێ ژووردا جێگەیان بێتەوە. دەبێ وا بیر بکاتەوە ئەگەر نامەخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکی بە خەیاڵدا هات. نالێم نامەخانەی لینین لە مۆسکۆ. کە گەلێ میلیۆن کتێبی تێدایە ئەگەر هەموویان بە قیتی نەك بە پانی لە تەنیشت یەکتری ڕیز بکرێن چەند جارێك بە دەوری زەوی دەسوورێنەوە! بەڵام ئەمە گەوجی نی‌یە بووتری بەشی زمانی کوردی نامەخانەی نی‌یە!!.

دەرەبەگ تەنیا مەفهوومی ئابووری ناگەیێنێ. ئەگەرچی ئابووری بنج و بناوانە، لەگەڵ ئەوەدا بە درێژایی ڕۆژگار کۆمەڵێك مەفهوومی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خوو و ڕەووشت و کردەوەی عەشایری دروست بووە. زۆر جار لە ڕووی چینایەتی‌یەوە پیاو دەڕووخێ، بەڵام مەفهوومی چینەکە وەکو ڕووداوێکی سایکۆلۆجی لای دەمێنێ. یاخود خۆی لە چینێکە و ئایدیۆلۆجی‌یەتی چینێکی تر هەڵدەگرێ. نابینین خاوەنی کتێبی حاجی قادر خۆی دەرەبەگ نی‌یە، چونکە دەستەی مەلاکانی سەرەوە بە هۆی دەرەبەگەکانەوە

---

(١) حاجی قادری کۆیی، بەرگ ٣، ل ٣٣٢ - ٣٣٧.

هەندێ زەوی و زاریان دراوەتی ، یا ڕاستەو خۆ لە سوڵتانی عوسمانی‌یان وەرگرتووە ، بۆ ئەوەی باش بژین و ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی ببنە پارێزەری چینی دەرەبەگ ، ئیتر ئەگەر دەرەبەگ لە بنج‌دا توفەیلی بن ، ئەوا مەلاکانی سەرەوە توفەیلی توفەیلین. دەڵێن خاوەنی کتێبی حاجی قادر دەرەبەگ نی‌یە بەڵام خوو و ڕەووشتی دەرەبەگی هەیە.

من دوور ناڕۆم و هەندێ لەو ڕووداوانە بۆ مەسعوود محەمەد دەگێڕمەوە کە بینبومن و بیستومن و پێوەندی‌یان بە بنەماڵەی خۆمانەوە هەیە. ڕەنگە ئەو لە هەموو کەس باشتر تێ‌یان بگا ، ئنجا با بزانین چۆن دەرەبەگ لە کوردستانا نەبووە و نی‌یە. بە تایبەتی لە وولاتی کۆیە !

چەند گوندێکی نزیك کۆیە و سەر بە کۆیەولە سەر زێ‌ی کۆیە هەیە. ئەو خەڵکەی تێیدا دەژین ، هەموویان خزمی یەکترین . هەمووشیان ئاغان ، بەڵام ئاغای هەژار لە چاو ئاغاکانی تری ئەو ناوچەیە نەك دەرەبەگەکانی ئەوروپا. لە گوندێك لەو گوندانەدا تەنیا ماڵێکی بێگانەی مسکێن هەبوو. جارێکیان خزمێکی شارستانی‌ی ئاغاکان لەوێ دەبێ و لە قەراغ ڕووباری کۆیە منداڵەکان یاری دەکەن. کیژۆلەیێکی بچووکی ماڵە مسکێن لەگەڵیانا دەبێ ، وا ڕێك دەکەوێ کوڕە میوانی شارستانی یاری لەگەڵ کیژۆڵەکە دەکا و بایەخی پێ دەدا ، ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەیی و بێزاری منداڵە ئاغاکان و دەست بەجێ ڕادەکەنە دیوەخانە و شکات لە لای باپیریان حاجی حەمە ساڵح ئاغا دەکەن کە چۆن خزمە شارستانی‌یەکەیان هەموو ڕەسم و عادەت و ڕەووشتێکی بنەماڵەیی شکاندووە بەوەی یاری لەگەڵ کچی حەمەدە چەوتی مسکێن کردووە. ئەوەی شایانی باسیشە ئەم حەمەدە چەوتە لە گەلێك لەو کۆمەڵە ئاغایە دەوڵەمەندتر بوو ! ! .

ئەوەی ڕوویێکی تری مەفهوومی دەرەبەگی هەر لەو گوندەدا پیشان دەدا ، ئەوەیە لە پاش مردنی حاجی حەمە ساڵح ئاغا کوڕی گەورەی کە ناوی قەرەنی ئاغا بوو لە جێ‌ی دانەنیشت و نەبوو بە ئاغا چونکە دایکی کچە ئاغا نەبوو ، کەچی کوڕی بچووکی کە ناوی قادر ئاغا بوو ئەو لە جێ‌ی دانیشت چونکە ئەمەیان دایك و باوکی ئاغا بوون.

پێم وایە دەرنەچوون لەم چووارچێوەیە بە کەڵکە. با بەڵگەی تریش بهێنینەوە ، چونکە خاوەنی کتێبی حاجی قادر لە هەموو کەس چاکتر لەم قسانەی من دەگا ، بە هۆی

ئەوەی لە نزیکەوە خەڵکەکە دەناسێ و لە ڕووداوەکان دەگا.

مامی گەورەی ئەو حاجی حەمە ساڵح ئاغایە ناوی عەزیز ئاغا بوو، کابرایێکی زۆرداری خۆپەرستی بێ ئامان بوو، ئەو دەوڵەمەندەش نەبوو، بەڵام زەبرەبەدەست بوو، لەوانەیە ئەگەر پێوەندی ئەو بە دەوڵەمەندی‌یەوە لەگەڵ ئاغاکانی تری کوردستان بەراوورد بکرێ، وەکو ئەو بەراوورده ناڵەبارەیە کە مەسعوود محەمەد کردوویەتی لە نێوان دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا و ئاغاکانی کوردستان کە پێ‌ی خۆشە «براگەورە» یان پێ بڵێ.

ڕۆژێکیان عەزیز ئاغای «براگەورە» لە یەکێك تووڕە دەبێ، فەرمان دەر دەکا کە لە ئەرزی بگرن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ. ئەرز هەڵدەکەندرێ و کابرای لە ناو دەنێن و قووڵایی‌یەکە پڕ دەکرێتەوە. تەنیا سەری کابرا لە دەرەوە دەبێ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەم جۆرە دەمێنێتەوە. عەزیز ئاغا مێباز بووە و زۆری حەز لە ژن کردووە، لەگەڵ ئەوەش‌دا خۆشەویسترین ژنی نەیتوانیوە چەند سەعاتێکیش لە حوکمی سێ ڕۆژەکە کەم بکاتەوە بەڵکو کابرای لە ئەرز گیراو ڕزگاری ببێ[1]. جێگەی ئەم کارەساتە تا ئێستا هەر ماوە و پشتاوپشت خەڵکەکە ئەم ڕووداوە دەگێڕنەوە.

ئەم چەند هەواڵە هەندێ لایەنی کردەوە و خوو و ڕەووشتی ئاغا و دەرەبەگە هەژار و دەست کورتەکانی کوردستانی ڕوون کردەوە!

## هەندێ تێبینی

وەکو لە زۆر جێگەی ئەم پێشەکی‌یە پیشان دراوە، ڕەخنەی تەواو و عیلمی‌یانە لە کتێبی «حاجی قادری کۆیی» دەبێ لە هەر سێ بەرگەکە گەورەتر بێ، بەڵام دیارە لەم ماوەیەدا ئەم ئامانجە نایێتە دی، بۆیە بە کورتی هەندێ تێبینی‌ی گشتی لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو.

١ – خاوەنی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» بەرنامەی بۆ کتێبەکەی دانەناوە و هەمووی نەنووسیوەتەوە و ئنجا بە چاپی بگەیێنی، بەڵکو بە ئارەزوو بەشەکانی

(١) کەرەستە و سەرچاوەی کارێکی ئەدەبی بەدەستەوەیە لە بابەت ئەم عەزیز ئاغایەوە.

نووسیوەتەوە ، ڕەنگە تاقەتی چوویێ و بەشی چووارەم بەم زووانە دەرنەچێ ، یا هەر دەرنەچێ ، چونکە نەنووسراوەتەوە ! !

٢ – خاوەنی کتێب ئاگای لە مێژووی ئەو مەسەلەیە نی یە کە دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە ، بە بەڵگەی ئەوەی هیچ سەرچاوە و کەرەستەیێکی چاپ کراوی بەکار نەهێناوە .

٣ – مەفهوومی شیعر لای خاوەنی کتێبی « حاجی قادری کۆیی » نەقش و نیگار و زەخرەفە و مۆزاییکە . بۆیە هەموو بڕیارەکانی . ئەگەرچی کەمیشن . لەم لایەنەوە هەڵقوڵاوون ، بە بیروباوەڕی ئەو نەك ئەمڕۆ بەڵکو دەمێکە کورد شاعیری نی یە ، ناخ و دەروون و جیهانی ناوەوە لای مەسعوود محەمەد نی یە . تەنیا ڕووکەش و دیار و بینراو دانی پێدا نراوە .

٤ – خاوەنی کتێبی « حاجی قادری کۆیی » ئەوەندە خۆپەرستە ( ٦٩ ) جار ناوی حاجی مەلا عەبدوڵلای هێناوە چونکە باپیرەتی . لە حەوتزی‌یان ( ٤٠ ) جار یادی ئەمین ئاغای کردۆتەوە . وە ( ٣٨ ) جاریش ناوی حاجی بەکر ئاغای بردووە . چونکە ئەم دوو حەوتزی‌یە بە خزمایەتی دەگەنەوە ئەو . ئەوجا مەلا محەمەدی کۆیی باوکی ( ٢٤ ) جار ناوی هاتووە . تەنانەت حەلیمەی مەلا شێخ وەتمان کە دۆستی باپیری بووە ( ١٠ ) جار باسی لێوە کراوە و هەوڵیشی داوە ئیسپاتی شاعیری‌یەتی بکا . بەڵام بێ بەختانە نەیویستووە ناوی ڕەفیق حیلمی بهێنێ ئەوەی ( ٢٠ ) لاپەڕەی لە ساڵی ١٩٤١دا لە سەر حاجی نووسیوە[1] . ڕەنگە لە لێکۆڵینەوە باشەکانیش بێ لە بابەت حاجی‌یەوە .

٥ – خاوەنی کتێبی « حاجی قادری کۆیی » کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە حاجی تەرخان نەکردووە ، بەڵکو لە پەنای حاجی‌یەوە ئایدیۆلۆجی‌یەتێکی تایبەتی هەیە ویستوویەتی دەری بڕی و بە خەڵکی بگەیێنێ . ئەو ئایدیۆلۆجی‌یەتە بریتی‌یە لە کۆمەڵێك بیر و باوەڕی پچڕ پچڕی یەکنەگرتووی کۆنەپەرستی ڕزیوی بۆگەن هەتا لەگەڵ ئایدیۆلۆجی‌یەتی « ئەنتی سۆسیالیزمی »ش بە هەموو بابەتەکانی‌یەوە ڕێك ناکەوێ ، « ئەنتی مارکسیزم »یش کە شێوەی گەلێ زۆرە لە هەموو جیهاندا لەگەڵ

---

(١) ڕەفیق حیلمی ، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٩٩ – ١١٨ .

ئەو بیر و باوەڕانە ڕێك ناكەوێ . مەسعوود محەمەد ئالآی «خوێنی پاك» و «نەژادی خاوێن» و «ماڵەگەورە» و «براگەورە»ی هەڵكردووە ، ئەم بیر و ڕایە ئەوەندە دووا كەوتووە «فاشیزمی تازە»ش بە ئاشكرا ناوێرێ دەری بڕێ ، ئەمە هەمووی لە ئەنجامی لێكدانی پێوەندی عەشایری و چاكەی چینایەتی پەیدا بووە ، كە مەسعوود ئەگەر لە ڕووی چینایەتیشەوە دەرەبەگ نەبێ هەڵگر و پارێزەر و جەنگاوەری فیكری دەرەبەگی یە . ئەمەش بە هۆشیاری و بە پێ ی بەرنامەیێكی تایبەتی دەهێنێتە دی[1] . ئەو دەیەوێ شاعیرانی گەورەی وەكو نالی و حاجی و هی تر لە نەتەوە بدزێ ، بە زۆریش شاعیری وا دروست دەكا لە كەس و كاری خۆی ، ئەگەر بە قوتابی ی نازرەكی حاجیش قوبووڵیان بكەین هێشتا شەرەفێكی گەورەیە بۆیان .

٦ – ئەو بەشە كەمەی كتێبەكە كە گۆیا لە سەر حاجی یە ، لە لایەنە هەرە گرنگەكەی حاجی نەدوواوە وەكو شاعیرێك : شیعری سیاسی ی حاجی ، خاسیەتەكانی شیعری حاجی ، كێشی خۆماڵی لە شیعرە میللی یەكانی دا . پێوەندی ی بە ئەدەبی خەڵك (فۆلكلۆر)ەوە . تەعبیر ، ووشە . خەیاڵ . مەبەس ، ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوە ، ئەو كۆمەڵەی لە خەیاڵی دا بووە . ئنجا حاجی قادری شاعیری كلاسیك وەكو گەورەترین و هەڵكەوتووترین قوتابی ی نالی .

بەڵام خاوەن كتێب لە سێ بەرگی گەورەدا بایی سپارەیێك لە حاجی دوواوە وەكو سیاسی ، دیارە مەبەسی بنچینەییشی ئەوە نی یە ، بەڵكو گەورە كردنی باب و باپیر و بنەماڵەی خۆیەتی لە پەنای حاجی دا ، وە لە ئەنجاما ئەوان دەكاتە دروست كەر و بەخێوكەروپێ گەیێنەری هەر سێ بلیمەتەكە نالی و حاجی و كەیفی .

٧ – كتێبی «حاجی قادری كۆیی» بە كارێكی علمی نازمێرێ چونكە سەرچاوەی یەكەمی خاوەن كتێب گێڕانەوەی شەفەوی نەنووسراوە ، دیارە خۆشی لە

---

(١) خاوەنی كتێبی «حاجی قادری كۆیی» تەنیا خۆی نەبۆتە ئالآ هەڵگری ئەم بیر و باوەڕانە ، بەڵكو ئەوەندەی بۆی لوابێ مەجمەعی علمی كوردیشی كردووە بە بنكە بۆ ئەم مەبەسە ، بێ گومان بە یارمەتی ئەوەوەیە كتێبی بێ تامی وەكو «مەهدی نامە» و كتێبی نزم و بێ كەڵكی وەكو «ڕێكەوت لە تەرازووی زیری دا» بلآو كراونەتەوە ، ئەمە هەمووی لە سەر حیسابی كورد و مافی كورد !

دەوروزەمانی حاجی نەژیاوە کە ئاگاداری هەموو شتێکی بێ ، لە بەر ئەوەیە باب و باپیری بوون بە سەرچاوە بۆی . گێڕانەوەی تاقە لایێکیش پەسند نی یە ، لە پاشانا هەموو کەرەستە و سەرچاوەی کارێکی عیلمی نابێ گێڕانەوە بێ ، بە تایبەتی ئەگەر کەرەستە و سەرچاوەی تۆمار کراو لە ناوەوە بێ . بۆیە ئەم کتێبە «حاجی قادری کۆیی» بریتی یە لە مێژووی بنەماڵەی مەسعوود محەمەد و ناوە ناوە باس لە پێوەندی ی ئەو بنەماڵەیە دەکا بە شاعیرانی سەدەی نۆزدەمی ناوچەی کۆیە و بە تایبەتی حاجی قادری کۆیی . وە بە شێوەی یادداشت هەر لە خۆیەوە زانیاری دەردەبڕێ نەك بە پێ ی سەرچاوە و کەرەستەی تۆمار کراو و لێکۆڵینەوەی عیلمی .

## ئەم ڕەخنەیە

ئەم کتێبە بریتی یە لە حەوت بەش . شەش بەشی بە زنجیرە لە کۆواری «ڕۆژی کوردستان»[1] ی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا بڵاو کرایەوە ، بەڵام بەشی حەوتەم بۆ یەکەمین جار لە سەر ئەم لاپەڕانەدا بڵاو دەکرێتەوە . هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێ کە ڕەخنەگر بژارێکی بەشە بڵاوکراوەکانی کردووە و بە بەشی حەوتەمی گرێ داوە و باسێکی چاکی لێ هێناوەتە ناوەوە .

ڕەخنەگر لایەنی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» گرتووە ، کە ئەمەش بەشی هەرە زۆری کتێبەکەیە زۆر و کەم بۆ لایەنی ئەدەبی کتێبەکە نەچووە کە بەشێکی یەکجار کەمیەتی چونکە خۆی بە پسپۆری ئەم لایەنەی سامانی نەتەوایەتی ی کورد دانەناوە .

دەتووانین لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگر بگەینە ئەنجامێك . ئەو ئەنجامە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ هەندێ بیروڕای چەوتی مەسعوود محەمەدی دەست نیشان کردووە و بە ڕوونی و ساکاری و ووتەیێکی ئاشکرا و بێ گرێ ڕەتی کردۆتەوە . ئەمە بە لای ئێمەوە وەستایەتی یە

---

(١) کۆواری «ڕۆژی کوردستان = شمس کردستان» بەغدا ، ١٩٧٦ ، ژمارە (٣٥) ، ل ٣٦ – ٤٠ ، (٣٦) ، ل ٣٤ – ٥٨ ، (٣٧ – ٣٨) ، ل ٣٦ – ٤٥ ، (٣٩ – ٤٠) ، ل ٣٤ – ٣٦ ، (٤١) ، ل ٤٢ – ٤٣ ، (٤٢) ، ل ٤٨ – ٥٣ .

بۆ بەرپەرچ دانی بیرورای خاوەنی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» چونکە ئوسلووبی نووسینی ئەوەندە قورس و ناڕەوا و نالەبار و پڕ لە تەنگوچەڵەمە و ناعیلمیانەیە لەوانەیە زۆر جار هەندێ ڕەخنەگر وا لێ بکا بە ئوسلووبێکی وەك ئەو ڕەت بکرێتەوە ، دیارە لەو حاڵەدا مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبێ .

ئەمە و پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین هەر لە بنەڕەتدا لە ڕووی تیۆرییەوە ئایدیۆلۆجییەتی خاوەنی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» و ڕەخنەگر جیاوازە ، یەکەمیان باوەڕی بە «خەباتی چینایەتی» نییە ، هەرچی «خەباتی نەتەوایەتی»شە بە ئایدیۆلۆجییەت و چاوێکی دەرەبەگییەوە تەماشای دەکا . بەڵام دووەمیان خەباتی چینایەتی بە بزوێنەری مێژوو دادەنێ و خەباتی نەتەوایەتیش بە چاوی ئەنتەرناسیۆنالیستێك دەبینێ .

دیارە مێژووش هەر لەگەڵ بیر و باوەڕی دووەمیانە ، یەکەمیان لە ناو دەچێ چونکە دژی مێژووەکە خۆیەتی .

بەغدا : ١ی نیسانی ١٩٧٧ مارف خەزنەدار

# حاجی قادر

## شاعیری شۆرشگێڕو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی نەتەوەی کورد

عەبدواسەتار تاهیر شەریف

# بەشی یەکەم

ئەوی راستی بێ . ماوەی چەند مانگێکە خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی کاك مەسعوود محەمەدم کە گۆیا لە سەر ژیانی شاعیری نەمری کورد حاجی قادری کۆیی نووسیوە. بەلای خاوەنی کتێبەکەوە «حاجی قادری کۆیی» جۆرە لێکۆڵینەوەیێکە لە بارەی فەلسەفە و خەبات و ژیانی حاجی قادر دەدوێ. لە پێشەکی ی کتێبەکەدا زۆر دڵخۆش بووم کە نووسەر شتێکی بە شتێك کردبێ بەوەی کە دەڵێ : «بێ گومان هاندەرێکی یەکجار بە هێز کە پاڵی پێوەنام جورئەت بدەمە بەر خۆم تا شەرم لە حاجی بشکێنم و گوزارشتی ژیانی بگێڕمەوە. ترسی ناوچوونی یەکجارەکی ئەو راستی یانە بوو کە من لە بارەی حاجی یەوە دەیانزانم ودەبینم لەگەڵ ڕەوتی زەمانە یەك یەك دەکوژێنەوە و چرای تازە دروست کراو لە شوێنیان هەڵدەکرێ»(١).

چەند جارێك بەشی یەکەمی کتێبەکەم خوێندەوە. ئەوی باسی کتێبەکە نەبێ فەلسەفە و خەبات و ژیانی حاجی قادری کۆیی یە. زۆر تەقەلاّمدا لە خوێندنەوەکەمدا شتێك لە گوزارشتی ژیانی حاجی دەست نیشان بکەم وەکو نووسەر ووتویەتی بەڵام لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە ناوەڕۆکی کتێبەکە پێوەندی بە ژیانی حاجی یەوە نی یە. تەنیا مەگەر جار جار ناوی حاجی بۆ ڕەوالەت بەکار هێنرابێ.

هیوام وایە خوێنەرانی بەڕێز بە چاوێکی دووربینی یەوە ناوەڕۆکی کتێبەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئەنجامەی کە من گەیشتم پێ ی کە ئەویش ئەوەیە بە ناهەق مەسعوود محەمەد ناوی کتێبەکەی ناوە «حاجی قادری کۆیی».

لێرەدا با بگەڕێینەوە لای لاپەڕەیێکی تری کتێبەکە بۆ ئەوەی بزانین نووسەر چی دەڵێ : «من بەش بەحاڵی خۆم ماوەیێکی درێژ لەگەڵ گیانی «حاجی»دا ژیاووم و سرنجێکی ووردم گرتووە لە کەلەپوری نووسراو و دەماودەم کە لەوەوە بە جیلی ئێمە گەیشتووە. بە هۆی ئەوەیشەوە کە حاجی هاوڕێ ی باپیرم و سوختەی باوکی باپیرم بووە و وەك یەکێك لە بنەماڵە «جەلی زادە» لە دوو مزگەوتەکەی ئەو بنەماڵەیەدا «مزگەوتی گەورەی حاجی بەکراغا و مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد» لەگەڵ کەسانی هاوتەمەنی خۆی لەم بنەماڵەیەدا ژیانێکی تێکەلاّوی ڕابواردووە. دەرەفەتم پتر بورە لە نووسەرانی دیکەی کورد بۆ شناسی لەگەڵ «حاجی»دا. جا بە پێ ی ئەم نزیکی یەم لە حاجی هەستی ناڕەحەتی دەکەم لەو هەڵە و چەوت و چوێری یەی کەوتوونەتە ناو نووسین لە بارەی ژیان و ئەدەب و خەباتیەوە، وە یا هەر شتێك پەیوەندی بەوەوە هەبێ»(٢).

---

**(١) حاجی قادری کۆیی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣، ل ١٠.**
**(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.**

وا بزانم نووسەر لێرەدا زیاتر مەبەستی ئەوەیە خوێنەر بناسێنێ بە باپیری و تا دەگا بە باپیرە گەورەی . هەر بۆیە دەبینین زۆربەی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی باپیرەی و چار جاریش بۆ هەوێن ناوی حاجی خستۆتە تەك ناوی یەکێ لە ناودارەکانی «جەلیزادە»وە . لە پاشانا نووسەر بەوەش ڕاناوەستێ و هەندێ تەعلیقی هەیە لە سەر ئەو نووسەرانەی بە پێچەوانەی بیر و باوەڕی ئەو لە سەر حاجی نووسیویانە . با بزانین نووسەر لەم بارەیەوە چی‌دەڵێ : «دەبێ حاجی ڕۆڵەی هەژار ورەش و ڕووت بووبێ . . لە دژی بۆرجوازی و دەرەبەگ بووبێ . . بەیەك چاو سەیری هەمووگەلانی کردبێ . . ڕەنگە ڕۆژەك بێ ئیسپاتی ئەوە بکرێ حاجی خەریکی ڕێك خستنی نەقابە بووبێ . . سەیرت بەم قسەی دووایی‌یەم نەبێ چونکە نووسین هەیە بلاوکراوەتەوە دەڵێ باوکی خاتووزین سەبارەت بە جیاوازی چینایەتی ڕازی نەبوو زین بدا بە کاکەمەم گۆیا کاکەمەم سایقی تراکتۆر بوو لای باوکی زین»[1] .

وا بزانم ڕاستی شاردنەوە هەر وا دەبێ کە نووسەر بۆی چووە . زۆر سەیرەکە جەنابی جەلیزادە گاڵتەی بەوە بێ کە جیاوازیی چینایەتی هەبووە لە زەمانی مەم و زین‌دا . ئەگەر سایقی تراکتۆر نەبووبێ لەو زەمانەدا ! ئایا جووتیار و ئاغاش نەبووە ؟ وەیان شووان و گاوان و خاوەن مەڕ و ماڵاتیش نەبووە ؟ نووسەر لەم مەوزووعەدا ویستوویەتی ڕاستی بشارێتەوە . بەڵام سەرنەکەوتووە . ئەم تەقەلایە وەکو بە بێژنگ تیشکی هەتاو گل بداتەوە وایە .

ئەوی سرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە نووسەر تا لاپەڕە پەنجای کتێبەکەی بە تایبەتی تەرخان کردووە بۆ هێرش بردنە سەر لاو و ڕۆشنبیرانی کورد . لەم بابەتەوە دەڵێ : «وەك بەندێکی برایانە و حەقیقەتێکی بێ پەلە بە گەنجی کورد دەڵێم جنێودان نیشانەی سووکایەتی ئەو کەسەیە کە جنێو دەدا چونکە دیارە پەروای نی‌یە لەوە کە لە مقابلەدا جنێوی پێ بدرێتەوە .

ئەوەی سووك بوو سووکایەتی لێ خۆش دێ . برین لە مردوو ئازار نابەخشێ .

بێ گومان مرۆڤی ڕەووشت پاك بەر لەوە ترس مەنعی بکا لە جنێو . سروشتی خاوێنی خۆی قێزی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨ ، ناچارین لێرەدا بۆ کاك مەسعوود بچینە مەیدانەوە و پێی بلێین : ئەو سەرچاوەیەمان پێ پیشان بدە کە دەڵێ ، کاکە مەم سایقی تراکتۆر بووە لای باوکی زین ، ئەگەر هەتاهەتایە بۆ ئەو سەرچاوەیە بگەڕێ نایدۆزێتەوە ، چونکە نی‌یە ، داخی گران شاعیری دەربار هەژاری موکریانی توانی ئەویش هەڵبخەڵەتێنێ ، هەموو وەفای ئەم شایەرە بۆ یەکێتی‌ی سۆڤیەت لە نان و نمەك کردنی یەکەمی‌دا ئەوە بوو لە پاش گەڕانەوەی بۆ عیراق ئەمەی بۆ جاسمی جەلیلی شاعیری شەعبی و فۆلکلۆری کورد و هاوڵاتی کوردی ئەرمەنستانی یەکێتی‌ی سۆڤیەت ڕێك‌خست ، لای شارەزایانی ئەدەب و لەو کەسانەی لە یەکێتی‌ی سۆڤیەت ژیا بوون بۆ گاڵتە و گەپ ئەم شەکرەی دەشکاند ، بەلام چۆن ئەمە بە سەر کاك مەسعوددا تێپەڕی ؟

هەڵدەستێ لە جنێو دان ، ئیتر لە بەر بەرزی سروشت زمانی خۆی دەپارێزێ و ڕێزی خەڵق ڕادەگرێ هند»[1] .

وا دیارە نووسەر ووشەکانی خۆی لە بیر چۆتەوە . یا زوو لە بیری دەچێتەوە . هەر لە پاش دە دووازدە لاپەڕە ، دەڵێ : «هێشتا کوردەواری بە هۆی فەلسەفەی تازە داهاتوو فێری جنێودان نەبوو بوو بە دەرەبەگ و بۆرجوازی و کۆنەپەرستی تاکو حاجی قادریش لەو بەرەکەتە هەندێکی پێ گەیشتبا و بیکردبا بەهانەی فەرامۆش کردنی ڕابردوو»[2] .

زۆر سەیرە گۆیا ئەمە جنێو نی یە کە مەسعوود دەیدا بە خاوەند بیر و باوەڕی پێشکەوتن‌خواز . ئەگەرئەمە جنێو و هێرش نەبێ بۆ سەر فەلسەفەی تازە داهاتوو بە پێ ی قسەی نووسەر . دەبێ جنێو و سووکایەتی چۆن بێ ؟ ڕاستە پێشینان ووتوویانە : دەستە چەورەکەی خۆی بە سەری خەڵق‌دا دەسڕێتەوە .

بەڵام وا دیارە نووسەر لە بەر ئەوەی لە بنەماڵەیێکی ناسراو دایە ئەو مافەی هەیە جنێو بە چینی ڕەش و ڕووت بدا . ئەمەش بە پێ ی باوەڕی خۆی شتێکی زۆر سروشتی یە . بەلای خوێنەرانی خاوەند بیر و باوەڕی پێشکەوتن‌خوازیشەوە ئەم ووشانە شتێکی سەیر و نوێ نی یە لە نووسەر ڕوو بدا ، بەڵام ئەوەی جێگەی ووسکت نەبوونە ئەوەیە کە نووسەر لە ژێر ناوونیشانی حاجی قادری کۆیی‌دا خۆی بکا بە پارێزەری دەرەبەگ و کۆنەپەرستان .

با بگەڕێینەوە سەر لاپەرەیێکی تر و بزانین نووسەر چی دەڵێ : «بەڵام لە کۆیەی ساڵی ١٩٥٨ شتێك نەبووە بنیاد نرابێ و کەڵکی ڕووخاندن و لە ناوبردنی بووبێ لە کێلە قەبر بەولاوە . زیندووەکان شتێکی ئەوتۆیان نەبوو لێ‌یان بە زیاد بگیرێ تا خوێن گەرمێك بە هۆی لە ناوبردنی کرمی دڵی خۆی بکوژێ ، ناچار کەوتە گیانی مردوو»[3] .

وا بزانم نووسەر لێرە لە مەسەلەی زیندووەکانی کۆیە و چەند دەرەبەگێك کە خوێنی ڕەش و ڕووتیان دەمژی لە شاری کۆیە و کۆشك و تەلاریان لە سەر ئارەقەی ڕەنجدەرانی شارەکەیان و لادێ‌یی‌یەکانی کۆیە دروست کردبوو وەك کەروێشکەکە دەکا کە چاوی دەنووقاند و خۆی کەسی نەدەدی ، وای دەزانی کەسیش ئەو نابینێ .

ئەمە جگە لەوەی هەر نووسەر خۆی ئەو ڕاستی‌یە دەر دەخا کە خوێن گەرمەکانی کۆیە دەست درێژی ، ئەو ئاغا و دەرەبەگانەیان نەکردووە لە کاتێك‌دا کە دەستیان درێژ بوو بۆ ئەو دەست درێژی‌یە .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠ ، ٢١

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦ ، ٣٧

ئایا چۆن دەست درێژی‌یان کردووە بۆ کێلەقەبرەکان.. وەڵام تەنیا مەگەر لای نووسەر بێ.

لە لاپەرەیێکی تری کتێبەکەی‌دا نووسەر لایەنە سایکۆلۆجی‌یەکەی بەکار هێناوە بو جنێودان بەو خوێن گەرمانەی خۆی دەست نیشانیانی کردووە. کە ئەوەش مەوزووعی کێلە قەبرەکانە. بۆ ئەوەی لە پاڵ ئەو تاوانە دروست کراوە ئەو مافەی بدرێتێ جنێویان پێ بدا کە دەڵێ: «ئەو کەسەی دەستی دەچێتە کێلەقەبران کە دەسەڵاتی بوو بۆ مەسلەحەتی خۆی زیندووش لە قەبر دەنێ یا برای خۆی بێ، یا هاوڕێی بیر و باوەڕی بێ و لە سەنگەرێك‌دا بە یەکەوە شەر بکەن. بە هەر لایێك‌دا هەڵی دەسەنگێنم و دەیخەمە بەر حوکمی هەر ئیحتیمالێك دەگەمە ئەو ئەنجامە کە درۆزن و مێژوو گۆڕ و ساختەچی مومکین نی‌یە مرۆڤی چاك بێ.. هتد[1].

لێرەدا هیچ وەڵام نی‌یە بۆ نووسەر. تەنیا وەڵامەکەی خۆی نەبێ کە لە لاپەڕە ٢٠ دا دەڵێ: «بەگەنجی کورد دەڵێم جنێودان نیشانەی سووکایەتی ئەو کەسەیە کە جنێو دەدا چونکە دیارە پەروای نی‌یە لەوە کە لە مقابلەدا جنێوی پێ بدرێتەوە».

ناکۆکی‌ی نێوان کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی لە لایێك و لە لایێکی ترەوە خاوەند بیر و باوەڕەی نوێ و پێشکەوتن‌خواز ناکۆکی‌یێکی زۆر کۆنە. وە نەبێ چەند دە ساڵێك بێ دروست بوو بێ. هەروەها هەمیشە نوێنەرانی کۆنەپەرستی و دەرەگایەتی درێغیان نەکردووە و تا ئەمرۆش درێغی ناکەن لە بەربەرەکانی‌ی هەموو بیر و باوەڕێکی نوێ. بەڵام ئەنجام و کارکردنی ئەم بەربەرەکانی‌یە بە گوێرەی چەرخ و زرووفی ئەو وڵاتە دەگۆڕێ کە خەباتی چینایەتی تێدا بە هێزە و هێشتا یەك لا نەبۆتەوە. عێراقیش ئەمڕۆ بە قۆناغی دیمۆکراسی‌ی گەل‌دا تێپەر دەبێ. کۆنەپەرستان بە ئاشکرا مەودایان نی‌یە بەربەرەکانی‌ی چینی کرێکار و جووتیار و ڕەش و ڕووتی وڵات بکەن. وە یان بەربەرەکانی‌ی نوێنەرانی ئەم دوو چینە بکەن. بۆیە دەبینین هەوڵ دەدەن خۆیان بئاخننە ڕێزەکانی ئەم دوو چینە و لە ژێر هەر ناوێك‌دا بێ بۆ ئەوەی بتوانن بە ڕێگایێکی ترەوە ژەهرەکانیان بڵاو بکەنەوە. هەر وەکو دەبینین نووسەر خۆی تەپاندۆتە ناو دەستەی کۆڕی زانیاری‌یەوە. بۆ ئەمە پێویستە و دەبێ لە کۆڕەکەدا خزمەتی زانیاری و زمانی کوردی بکا. بەڵام بە لای منەوە ئەم داوایە لەگەڵ بیر و باوەڕی نووسەردا ناگونجێ و نابێ هەر داوای لێ بکرێ. من لێرەدا ئەمەم تەنیا بۆ بەڵگە هێنایەوە.

خوێنەری بەرێز لەوانەیە گلەیی لە منیش بکا کە باسی حاجی قادری کۆییم نەکردووە لەم ووتارەمدا. لە کاتێك‌دا ناوونیشانی نووسینەکە کتێبەکەی حاجی قادری کۆیی‌یە کە نووسەر دەری کردووە. ئەمە جێگەی گلەیی نی‌یە چونکە کتێبەکەی کە جێگای باسمانە بە ئەسل باسی حاجی تێدا نی‌یە. تەنیا مەگەر نووسەر لە هەر پەنجا لاپەڕەدا جارێك ناوێکی حاجی هێنابێتە ناوەوە، لەمەش‌دا

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥، ٤٦

حاجی کردووه به قەڵغان بۆ پاراستنی سنگی لە تیری نووسەرە پێشکەوتن‌خوازەکان ، دیارە لێرەدا نووسەر چەکێکی سایکۆلۆجی بەکار هێناوە چونکە دەزانێ نووسەرانی پێشکەوتن‌خواز تیری تێ ناگرن ئەگەر قەڵغانەکەی بەر سنگی ناوی حاجی قادری کۆیی لە سەر نووسرابێ . .

بەڵام پێویستە ئێمە گەلێ زیرەکتر بین و ڕێگە نەدەین ناوی ئەدیب و نووسەر و شاعیرەکانی گەلە هەژارەکەمان بخرێتە ناو زەلکاوەوە بەوەی حەقیقەتی جۆری ژیانیان و بیر و باوەڕیان سەرتاپا بگۆڕدرێ و پەشە ڕۆژیش بە جۆرێکی‌تر لە دڵ و مێشکی میللەت‌دا لە قەڵەم بدرێن .

لە بەر ئەوەیە لێرەدا ئەو ڕێگایە بە خۆم دەدەم ئەو قەڵغانەی حاجی قادری کۆیی لە سنگی نووسەر بترازێنم و حەقیقەتەکەی بۆ خوێنەری بەڕێز ئاشکرا بکەم . هەر لەو کاتەش‌دا داوا لە نووسەرە ڕۆشنبیرەکان دەکەم کەوا بەلای کەمەوە ئەوەندە جورئەت وجەسارەتیان هەبێ خۆیان بپارێزن لە تیرو توانجی کۆنەپەرستان ، بەتایبەتی کە چەکی ڕاستی و خزمەتی گەلەکەیان بە دەستەوەیە ، ئەو چەکە بە دەست تەرەفی دووەمەوە نی‌یە ، لە کاتی بەکار هێنانی ئەو چەکە لە جێگای خۆی‌دا ، گومان لەوەدا نی‌یە لە مەیدان‌دا ئەو جۆرە کەسانەی بەرپەرەکانی‌ی بیر و باوەڕی نوێ دەکەن هەر خۆیان زەرەرمەند دەبن و دوواوە هەڵدێن لە مەیدانەکەدا ، دیارە ئەم هەڵاتنەش تەنیا بە بەری ئەوان‌دا براوە ، ئەمەش لە مێژووی گەلان‌دا زۆر ڕوون و ئاشکرایە و پێویستیان بە بەڵگە هێنانەوە نی‌یە .

ئەمە لێ‌دووانێك بوو بە کورتی لە سەر پێشەکی کتێبەکە کە پەنجا لاپەڕەیە و ئەو لاپەڕانە بە ڕاستی ئاوێنەی بیر و باوەڕی نووسەرە . خوێنەر بە ئاشکرا نەك دەم و چاوی نووسەری تێدا دەبینێ بەڵکو قووڵایی دەروونیشی تێدا دەبینێ . لە بەشی دووەم لە مەوزووعی ئەسڵی‌دا دەدوێین کە باسی حاجی قادرە و لە لاپەڕە ٥١ ەوە دەستی پێ دەکا تا لاپەڕە ١٦٣ . ئەم بەشە گۆیا بۆ ناسینی حاجی بە خوێنەر تەرخان کراوە . بۆ ئەوەی بزانێ حاجی قادر کێ‌یەو لە کوێ هاتۆتە دونیاوە؟ ئێمە دەبێ لە سەر خۆ کتێبەکەشی بکەینەوە و بگەینە ئەنجامێك . نەبادا ئیمڕۆ و پاشە ڕۆژیش نووسەرانی کورد دەست لە نووسینەوە و لێکۆڵینەوە لە ژیانی حاجی هەڵگرن . بە بەڵگەی ئەوەی کتێبێك لە چەند بەرگێك‌دا لە سەر حاجی نووسراوەتەوە .

# بەشی دووەم

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی بەشی یەکەمی نووسینەکەمان تەرخان کردبوو بۆ پێشەکی ی کتێبەکە. لەم بەشەدا چەند سەرنجێکمان هەیە دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەلە (ل٥١) تا (ل١٦٣).

لێرەدا دووبارە دێینەوە سەر شی کردنەوەی باوەڕی نووسەر با بزانین چی دەڵێ: «هەر خۆت چەك هەڵدەگری بۆ زۆردارێکی دیکە دژی ڕووتەیێکی وەك خۆت. گونـم ڕووتە!! ڕووتەی چی؟ کێ بێ لە نووسیندا ئاخاوتنی لەگەڵ بکرێ خوێندەوار و خاوەن شەهادە نەبێ؟ تۆ کە ئەم قسانە بخوێنیتەوە یەکێکی لە بەرەی مومتازی ئەم میللەتە[1].».

زۆر سەیرە گۆیا هەر کەسێ خاوەن شەهادە بێ ئەو کەسە بەرەی مومتازی میللەتە. یا هەر کەسێ خوێندەوار بێ بە پێی باوەڕی نووسەر بەرەی مومتازی میللەتە! . ئەمە فەلسەفەیێکی تازەیەو بۆ یەکەم جار دەکەوێتە بازاڕەوە. جێگەی سەر سوڕمانی هەموو خوێنەوارێکەچ ئەو خوێنەرە خاوەن بیر و باوەڕی پێشکەوتن خواز بێ. چ کۆنەپەرست بێ. بە مەفهوومی ئەم فەلسەفەیە جیاوازییان لە نێواندا نییە و هەر دوو لا بەرەی مومتازی میللەتن! کەواتە ئەوەی نەخوێندەوار بێ بەرەی مومتازی میللەت نییە بائەو نەخوێندەوارەش خوێنی گەشی ڕژاندبێ لە مەیدانی خەباتدا لەپێناوی هەزارەها خوێندەواری وەکو من و نووسەری کتێبەکە. لە هیچ فەلسەفەیێك و لە هیچ چەرخێکدا خوێندەوار بە ڕووتی بەرەی مومتازی میللەت نەبوونە و نابنە ئەو بەرەیە و تەنیا بە خوێندنەوەی کتێبەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەدیش ئەو لەقەبە بەرزە نابەخشرێ بەکەس. وا بزانم زۆر ووردتر بینەوە نابێ باسی فەلسەفەکەش بکەین چونکە ئەمە دەشێ لەگەڵ بیری بێ سەروپا و بێ سەر و شوێن لە قەڵەم بدرێ.

دیسانەوە دووبارە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم لەگەڵمدا سەرنجێك لەم چەند دێرەی نووسەر بدا: (هاوچەرخانی حاجی. ئەوەی ناو و دەسەڵاتێکی بووە خۆی هەڵکوتاوە بۆ ئەستەمبۆڵ، ناوچەی خەلافەت. تازۆر وکەم شتێك زیاد کا لە پایە و دەسەلات و دارایی خۆی). پاشان دەڵێ: (ناوی کرێکار و فەللاح و عەتار و بەقاڵ ناهێنین چونکە ئەم هەژارانە لە وەزعێك نەبوون ئەوسا خەون بەو شەڕەفەوە ببینن. وەك ئێستا. ئاواتیان لە گەیشتن بە قایمەقامێك یا موتەسەریفێك تێپەڕی نەدەکرد. ئەمەیە واقیعی بێ درۆی سەردەمی حاجی قادر)[2]

خۆی لێرەدا دەبووایا نووسەر بەشی گەورەی بلیمەتی و شاعیرییەتی حاجی قادری بگەڕاندایەتەوە هۆی ئەو زرووفە نالەبارە کۆمەلایەتییەی کە تێیدا دەژیا. پاڵی پێوەناوە کە ببێ بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕی گەلە هەژارەکەی. بەڵێ ڕاستە کرێکار و فەللاح و عەتار و بەقاڵ نەگەیشتوونەتە دیوەخانەکانی پاشا و خەلیفەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام وا بزانم خەونیشیان پێوە نەدەدی. لەبەر

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

ئەوەی بە لای ئەو کەسانەوە کە نووسەر باسیانی کردووە خەو بینین بە گەیشتن بەو شوێنەوارانە هیچ جۆرە شەرەفێك نەبووە. بەڵام نووسەر خۆی گێل کردووە بەرامبەر بە وەزعی ئێستا کە دەڵێ ئەو کرێکار و فەللاحانە ئاواتیان گەیشتنە بە قایمەقامێك. وا بزانم خوێنەری بەڕێز لەگەڵم دایە کە ئەمڕۆ کرێکار و ڕەش و ڕووت زۆر بە هاسانی دەگەنە هەموو پلەیێکی سەرکردایەتی، جگە لە وەی نوێنەرانیان حوکم ڕانی ی وولات دەکەن. هەر چەندە نووسەر ئەمەی پێ خوش نی یە، بۆیە خەریکە هیچ نەبێ لە کتێبەکەی فەرامۆشی خۆی بدانەوە بەوەی گۆیا ئێستاش کرێکار و جووتیار بە چاوێکی سووك سەیری یان دەکرێ وەك چاوی نووسەر.

با بگەڕێینەوە سەر باسی حاجی قادر، دووبارە بزانین چۆن نووسەر هەوڵ دەدا لەکە بخاتە ژیانی یەوە. دیارە بە پێ ی باوەڕی خۆی نەك هی ئێمە کە دەڵێ: (لە تەك ئەمەدا هەڵبەست بنووسی لە مەدحی عەلی ی بەردەشانی کەشایەرێکی مردووی لاتی کوردە)[1].



دێ ی گورقەرەج لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

شیعر نووسینی حاجی له مەدحی عەلی ی بەردەشانی ی ئەمر نیشانەیێکی گەورەیە بۆ بلیمەتی و شۆرشگێریەتی حاجی قادر. نووسەر لێرەدا عەلی ی بەردەشانی مراندووە و بە لاتی کوردیشی لە قەلەم داوە! لاتی یەکەی بە مەفهوومی مامۆستا مەسعوود محەمەد گۆیا تووانجێکە و گرتوویەتی یە گۆرەکەی عەلی ی بەردەشانی ، کە لە ڕاستی دا یەکێکە لە ڕۆڵە نەمرەکانی گەلە هەژارەکەمان و لە دڵی ڕەش و ڕووتی کوردستان دا ژیاوە و هەمیشە دەژی . با لە دڵی نووسەردا مردبێ ، وا بزانم گیانی پاکی بەردەشانیش نایەوێ لە دڵی ئەم جۆرە مامۆستایانە بژی . دەڵێن قسە قسە دێنی ، بۆیە پرسیارێك لە نووسەر دەکەم ئایا بۆ سەری سوڕ دەمێنێ کە حاجی قادری هەژار مەدحی بەردەشانی کردبێ کە بەرژەوەندی چینایەتی یان یەك بووە . کەچی لە مەدحی بۆ هەندێك لە دەرەبەگەکانی کۆیەی ئەو زەمانە جێگەی بەرزی یەنی پلەی حاجی یە لای نووسەر؟ !

لێرەدا داوای لێ بوردن دەکەم لە خوێنەری بەڕێز کە بە هیچ جۆری مەبەسم تەعن نی یە بۆ حاجی لەبەر ئەوەی حاجی بە پێ ی پێوەندی لەگەڵ هەندێك لە ئاغاکانی کۆیە و پێش چوونی بۆ ئەستەمووڵ مەدحیانی کردبێ ، بەڵام دەبوو نووسەر مەدحەکەی حاجی بۆ دەرەبەگەکان و عەلی ی بەردەشانی هەردووکی بکردبایە پارسەنگی تەرازوو . کەمێکیش بێ لایان بوایە بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوتایە کە چۆن بەردەشانی ی بێ دەسەڵات لەو ڕۆژەدا چووبووە دڵی شاعیری نەمری کوردەوە . ئەو عەلی ی بەردەشانی یەی ویردی سەر زمانی ووردی ی بێژ و شاعیری کوردی بوو تا ئەم ڕۆژانەی دووایی کە کۆچی کرد .

حاجی دەڵێ :

دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسسان

بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

ئەمەوێ لە نووسەر بپرسم کە حاجی بەردەشانی بە شاعیر لەقەلەم داوە ئایا نووسەر مەبەسی چی یە لەوەی کەدەڵێ : (بەردەشانی کە شایەرێکی مردووی لاتی کوردە) . . ! خۆزگە حاجی قادریش وەکو من کتێبەکەی نووسەری بخوێندبایەوە بۆ ئەوەی ماوەی نەدابایە بە من کە خۆم خەریك بکەم بەم ئەرکە گرانەوە .

لێرەدا دووبار دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکە کە نووسەر دەڵێ :

(لە کۆیێ بترازێ ، نەمبیستووە ناوی حاجی لە هیچ شوێنێکی کوردستان دا بە سەر شەقامێکەوە ، وە یا فێر گەیێکەوە . وە یا هەر شتێکی دیکە بێ بە خەتی ووردیش نووسرا بێ .[1] .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.



**کەلاوەکەی مام عەوڵڵای هەیدایە کە خزمێکی نزیکی حاجی قادرە**

لێرەدا پرسیارێکی‌تر لە نووسەر دەکەم و داوای وەڵامیشی لێ دەکەمەوە. پرسیارەکەش ئەمەیە: ئایا دانیشتووانی کوردستان لە چ کاتێک‌دا ئەو مافەیان هەبووە کە ناوی شاعیر و بوێژەکانیان بە سەر شەقامەکانیاندا بنووسن؟ بە تایبەتی لەو کاتەی نووسەر خەریکی نووسینی کتێبەکەی بووە ئەگەر شاعیری نەمر لە ژیان‌دا بووایە چوونە کۆیەی لێ قەدەغە دەکرا.

هەمووی ماوەی ساڵێک کەمترە کورد بە ئاواتی خۆی گەیشتووە لە کوردستانی عیراق‌دا، پاش ڕەنجەڕۆیی‌یێکی زۆر و دروست کردنی سەدەها بەفرە شێرینە لە سەر لاشەی ڕەش و ڕووتی کوردستان ئەمڕۆ تیشکی هەتاوی کورد لە ئاسۆی بلندی کوردستانەوە شەوق دەداتەوە. پێویستی‌یێکی مێژوویی و کوردایەتی خۆی فەرز دەکاتە سەر هەموو تێکۆشەرێک و ڕۆشنبیرێک کە خزمەتی بەرهەمی خەباتی سەختی دوور و درێژی گەلەکەی بکا ئەمڕۆ ماوەمان زۆرە و دەرفەتمان هەیە کە شەقام و قوتابخانەکانمان ناو نێین بە ناوی حاجی قادر و گەلێ شاعیر و بوێژی تری گەلەکەمان.

دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ شی کردنەوەی ڕاکانی نووسەر کە جار جار هەوڵ دەدا بیرو باوەڕی

تایبەتی ی خۆی بە خوێنەر بسەلمێنێ . دەبا بزانین چی دەڵێ : (مێژوو دەگێڕێتەوە جارێکیان پێغەمبەر (ص) دیتی تۆزی خورمای نێرە دەتەکێنن بە سەر هی مێیەدا تا بەر بگرێ . ئەویش وەك مێژوو باس دەکا فەرمووی وازی لێ بێنن ئەگەر خوا حەز کا بەر دەگرێ . کەچی خورماکە بەری نەگرت . پێغەمبەر کە ئەمەی زانی سوور نەبوو لە سەر قسەی سالێ پێشووی و بەخەڵقەکەی گوت جاران چۆنتان دەکرد هەر وا بکەن) . تا دەگاتە ئەوەی نووسەر دەڵێ : (ئەمە پێش ١٣٠٠ ساڵ رووی داوە لە لایەن مرۆڤێکەوە داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد)[١].



**جۆگە ئاوەکەی گۆڕقەرەج نزیکی (٣) ئینج ئاو دەبێت**

نووسەر مەبەستی لە هێنانەوەی ئەم بەڵگەیە تەنیا بۆ ئەم پەڵە بەردەیە کە دەیهاوێتە هەموو خاوەن بیر و باوەڕێکی شۆڕ شگێڕایەتی کەدەڵێ : (ئایا ئیمڕۆ لە سەردەمی زانست و تەکنیك و پیشەسازی و ئاسانی یە واز لە ڕای خۆی بێنی دەربارەی یەکێك لە کوێرە ڕێ کانی . ناڵێم شەقامەکانی . ئەو باوەڕی

---

**(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥ .**

خۆی پێوە بەستوە ؟)[١] .

لێرەدا موناقەشەی ڕوودارەکەی پێغەمبەر [ ص ] کە بە میسال هێناویەتی‌یەوە جێگای باسمان نی‌یە لە بەر ئەوەی مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا گەڕانەوە لە هەڵە شتێکی باشە و جێگای زانایی و سەربەرزی‌ی هەموو کەسێکە کە هەست بکا بە هەڵەکەی . پێ‌ی لێ دانەکوتێ و سوور نەبێ لە سەری . بەڵام دەبوایە نووسەر وەکو میسالێکی مێژوویی لە سەر پێغەمبەر هێناوەتەوە لە کتێبەکەی‌دا هەر لەو کاتەدا نیوە میسالێکیش لە سەر ئینسانە عیلمانی‌یە شۆڕشگێڕەکانیش بهێنێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی پێمان بدایە کە موناقەشەی بکەین . نووسەر دیارە ئاگاداری‌یێکی ئەوتۆی لە بنچینە و مەرجەکانی ئینسانی عیلمانی و شۆڕشگێڕ نی‌یە کە ئەویش (ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتنە) کە بە پێ‌ی ڕێگای ڕەخنە لە خۆ گرتنی مرۆڤی شۆڕشگێڕ نەك هەر لەو هەڵانە دەیکا دەگەڕێتەوە . بەڵکو بەوەش ڕازی نابێ و ڕەخنەش لە خۆی دەگرێ لە سەر هەڵەکەی سەدرەحمەت لە گۆڕی پیرەمێردی کورد کە دە لێ :

«پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە . لەقەش بۆ سەر پەلی بەردار» من لێرەدا پەلی بەرز و پەلی بەردار بە ئینسانی شۆڕشگێڕ لەقەڵەم‌دەدەم‌کەنووسەر پەلی بەردی تێ دەگرێ پاشان لەقەشی بۆ دەهاوێژێ .

لێرەدا ئەگەڕێمەوە سەر پەلێکی‌تری نووسەر کە دەڵێ (بە نیسبەت مرۆڤی «ملتزم» تا سەرچاوە و بارەگای سەروی خاوەن ڕای ئیلتیزام کراو فەتوایێکی نوێ نەدا ئەو وەك دەروێش زەرگ وەشێنی دەکا بۆ فەتوای کۆن)[٢] .

لە هەمووی سەیرتر ئەم تەشبیهەی نووسەرە دەربارەی (مرۆڤی ملتزم) وا دیارە لێرەدا ڕەنگی ڕەش‌بەڕەنگی سپی‌دێتە بەر چاونووسەر . چونکە(مرۆڤی ملتزم) کە مەبەستی لە مرۆڤی شۆڕشگێڕ و خاوەن بیر و باوەڕی نوێ‌یە . ئەم جۆرە خاوەن بیر و باوەڕانە کە ملتز من ئاشکرا و ڕوونە ملتزمن بە بیر و باوەڕێکی ڕاست و ڕەوان . وەکو دەروێشە کەی نووسەر کوێرانە زەرگ ناوەشێنن . دەبێ ئەو کەسانە تاوانیان چی بێ کە باوەڕیان بەوەیە ئەرز بە دەوری خۆی‌دا دەسووڕێتەوە . وە ئەگەر سووریش بن لە سەر ئەم باوەڕە ڕاستی‌یە تا مردن وەکو نووسەر دەڵێ نابێ جێگای سەر سوڕمان بێ .

پاشان نووسەر بادەداتەوە بۆ مەوزووعی ساڵی لەدایك بوونی حاجی قادر کەئەسلی باسە کەیەو دەڵێ : (تا من بزانم دۆزینەوەی ئەو ساڵە وەك دۆزینەوەی دانە گەوهەرێکی نیشان کراوە لە بن گڵم‌دا ، چونکە بە جۆرێکی قەناعەت بەخش نەبە نووسین ونە دەماو دەم ساڵی لە دایك بوونی حاجی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

نەزانراوە)[1] .

بزانین نووسەر لە کتێبەکەی‌دا گەیشتۆتە ئەنجام و ئەو دانە گەوهەرەی دۆزیوەتەوە ، لە ٦٣ لاپەرەدا نووسەر تووانیویەتی ساڵی لە دایك بوونی باوك و باپیری بدۆزێتەوە کە ساڵی ١٢٥٠ لە دایك بوونی باپیرەتی و ساڵی ١٢٩٣ لە دایك بوونی باوکی یەتی [مەبەست لێرەدا باوك و باپیری نووسەرە نەك حاجی قادر] ، بەلام بە راستی سەری لە خوێنەر تێك داوە بەوەی نەك تەنیا ساڵی لە دایك بوونی حاجی دیار نەکردووە بەڵکو هەر بە دەور و پشتی ساڵەکەش‌دا نەچووە و رایەکانی جێگەی گومان لێ کردنن . بە لای منەوە نووسەر زۆر باشتر بوو ئەم فەسلەی ناو بنایە : (باوك و باپیرم کەی لە دایك بوونە؟) بە هەر حاڵ کتێبە کە خالی نی‌یە لە سوود بەخشین بەخوێنەر چونکە من بەش بە حاڵی خۆم ساڵی لە دایك بوونی حاجی مەلا عەبدوللا و مەلا محەممەدم نەدەزانی پێش خوێندنەوەی کتێبە کەی حاجی قادری کۆیی .

دەربارەی لە دایك بوونی حاجی قادر لە دێی گۆڕ قەرەج جێگای گومان لێ کردن نی‌یە ، بۆیە منیش لێرەدا نامەوێ خوێنەری بەڕێز تووشی دوو دڵی و گومان لێ کردن بکەم دەربارەی شوێن و جێگای لە دایك بوونی حاجی وەکو نووسەر ئەو هەوڵەی داوە بە ناوی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە . دیارە ئەم کارە بەلای کەمەوە هەندێ ماندوو بوونی دەوێ بەڵام نووسەر ئەورێگایەی نەگرتۆتە بەر خۆی . هەر بۆیە بەڵگەی وێنەی کەلاوە و خەرابەی گۆڕ قەرەج دەخەمە پێش چاوی خوێنەر بۆ ئەوەی بزانێ و قەناعەت پەیدا بکا کەوا دەست کەوتنی ئەم وێنەیە چەند هاسانە ئەگەر هەرکەسێك مەبەستی بێ ، بە تایبەتی ئەوکەسەش دانیشتووی کوردستان بێ دەتوانێ پەیدای بکا چ جا دانیشتووی شاری کۆییش بێ . لێرەدا رەخنەگر (واتە خاوەنی ئەم ووتارە) بە هاسانی دەستی کەوتووە و دانیشتووی شاری کۆییش نی‌یە[2] .

دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ باسی دێی گۆڕ قەرەج لە رووی دووری و نزیکی لە شاری کۆیەوە دەبا بزانین نووسەر چی دەڵێ : (بە ئیستیلاح میرات گرانی حاجی چۆن رازی بوون تاقانەی مەلا ئەحمەد لەو عومرە بچووکەدا «٩ ساڵان» راگوێزرێ بۆ شارێکی مەیلە و دوور ، کۆیێ ئەو نیزیکە نی‌یە لە گۆڕ قەرەج کە هەندێ نووسین تا ئێستا رایان گەیاندووە) (٣) .

دەربارەی دووری و نزیکی دێی گۆڕ قەرەج ئەوە هەڵناگرێ نووسەرێکی کۆیی خۆی پێوە ماندوو

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠ .
(٢) لەبەشێکی تری رەخنەکەمدا جۆری دەست کەوتنی وێنەکانیش بڵاودەکەمەوە .
(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦ .

بکا . زۆر بە هاسانی دەتوانێ دووری و نزیکی ئەو دێیە دەست نیشان بکا : ئەم دێیە کەوتۆتە خوارووی دێی (تاڵەبان)[١] لە نزیك شوێنەورای گۆمەلالە و کەوتۆتە دوڵی (مۆردان) ەوە . ئەمە بە پیادە شەش سەعاتە ڕێگایە لە کۆیەوە دیارە ئەمەش ئەوە ناگە یێنی کەوا لە شاری کۆیەوە دوورە . بەڵام ئەوەی لە مێشکی نووسەردا دەخولێتەوە و هەر لە چەند لاپەڕەیێکدا جارێك سەر دەردەکا و خۆی پیشاندەدا دێی گۆڕ قەرەچ نی‌یە ! دەبا بزانین چی‌یە ؟ ! نووسەر لەلاپەڕە (٢١٦)وە تالاپەڕە ٢٤٦ کەدەکاتە ٣٠ لاپەڕە لە جیزمی‌یە کەمی کتێبە کەی هەمووی تەرخان کردووە بۆ پارێزگاری ڕێزی دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی . ئەوەندەی هەوڵ دەدا خوێنەر ئیقناع بکا بەوەی کەوا ئەو ئاغاو مولکدارانە پیاو باش بوونە وهیچ جۆرە خەراپەیێکیان نەبووە دەیەکی ئەوە هەوڵ لێکۆڵینەوە و توژینەوەی ژیانی حاجی نەمری بدابایە کتێبە کەی بە جۆرێکی لێوەشاوە دەر دەچوواند و دەتوانرا لەسەربەرگەکەی ناوی حاجی قادر بنووسرابایە و جێگەی ڕەزامەندی هەموو خوێنەرانی شیعر و ژیانی حاجی قادری کۆییش دەبوو . بەڵام نووسەر هەوڵ دەدا فەلسەفەیێکی تازە داهاتوو دورست بکا و بیخاتە مێشکی خوێنەرەوە دەربارەی کوردایەتی و مێژووی پەیدا بوونی جوولانەوەی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی . دەبا بزانین بەڵگەکانی نووسەر دەمانگەیێنێتە کوێ : (جێی خۆیەتی لێرەدا بەڵگەیێکی نووسراوی مێژوویی بخەمە بەر چاوی خوێنەر کەوا وەك ئاوێنە دیمەنی هەستی نەتەوایەتی دەداتەوە لە خوێندنی کۆنینەی نێوان فەقی‌یانی کورد . فەرموو لەگەڵ من دا . خوێنەری کورد . وەقفنامەی خاکی بابان عەبدولرەحمان پاشا بخوێنەوە کەوا بەسەر کتێبە دەستنووسە نایابە کەی (صحیح البخاری) یەوە نووسراوە لە ساڵی ١٢١١ی کۆچی واتە ١٧٧ ساڵ پێش ئیمڕۆ . کە ئەوسا هێشتا کوردی گوتەنی لە کدوولە تەپڕیش‌دا فەلسەفە و فێرگە و پارتی سیاسی نەهاتبوونە ناوەوە خەڵقی فێری کوردایەتی بکەن . کوردایەتی‌یێك هەبوو بێ و گرابێ بە شکلێکی ئاسایی و عەفوی لە دڵ و دەمار و دەروون و خوێن و مێشکانەوە تین و تاوی خۆی داوەتەوە لە دووای پێشەکی‌ی وەقفنامە کە ئەمە دەخوێنێتەوە : فها انا قد وقفت ذلك الكتاب وقفاً صحيحا شرعيا على العالم الربانى والعارف الصمدانى ملا عبد الرحمن الجلى ثم على اولاده الذكور الافقه فالأفقه ما تناسلوا بطنا بعد بطن ثم على اولاد اخوته الا علم ما توالدوا ثم على عشيرته الاعلمين ثم على العلماء الذين كانوا في ناحية كردستان من الموصل الى بغداد وسنندج وجعلت ثوابه هدية وتحفة لضريح أفضل الكائنات وخلاصة الموجودات عليه أفضل الصلوة واكمل التحيات رجاء ان يشفع لى يوم العرصات وجعلت مثل ثوابه تحفه لروحي والدى وأخى المرحومين انا الراجى عفو ربه الكريم عبد الرحمن پاشا)[٢] .

(١) دێی (تاڵەبان) کەوتۆتە نزیك ڕێگای تەق‌تەق - کۆیە بە لای خوارارو.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧ - ٢٦٠ .

جارێ موناقەشەی وەقفنامەکە ناکەین چونکە بوونی ئەم وەقفنامەیە لە کتێبە کە وەکو بوونی مەڕێکی ئاوەکی‌یە کەوتبێتە نێو مێگەلە مەڕێك‌دا . بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە نووسەر کردوویەتی‌یە بەڵگەیێکی کوردایەتی کە مەسەلە کە لە دوورو نزیك‌دا پێوەندی‌ی بە کوردایەتی‌یەوە نی‌یە[1] . تەنیا بریتی‌یە لە وەقفنامەیێك لەدەروونێکی ئایینی و دینداری‌یەوە هەڵقوڵاوە . چاووم بە زۆر وەقفنامەی‌وا کەوتووە بۆ عولەمای‌عەرەب و تورك بەبێ ئەوەی نووسەرێکی عەرەب یا تورك بەستبێتی‌یەوە بە مەسەلەی نەتەوایەتی‌یەوە . ئەوەش جێگای ڕەخنە نی‌یە لەو کەسانەی کە ووتوویانە لەو کاتە هەستی نەتەوایەتی نەبووە . وە یان کوردایەتی ووجوودی نەبووە . وەکو نووسەر هەوڵ دەدا ئەوەش بکاتە پەلارێك و بیهاوێژێتە پارتی‌یە سیاسی‌یەکان . دەبووایە نووسەر زیاتری ڕوون بکردایەتەوە ئایا مەبەسی چی‌یە لە کوردایەتی ! ئەگەر مەبەسی نەتەوەی کوردە ئەوە ئاشکراو ڕوونە کە گەلی کورد لە کوردستان چاوی کردۆتەوەو پێگەیشتووە و لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی بە تیرەو هۆزانی تر لە ژیانی پێکرایی تێکەڵاوی‌یەوە لە هەرێمی کوردستان بوونەتە یەك گەلی تەواو . وە بە زمانێك دوواوون لە سەدان ساڵەوە و کەسەکانی بەیەکەوە بەستوون و ووریا بوونەوەی نەتەوەیی‌تێدا بزواندووە . لەم ڕووەوە هیچ پارتی‌یە سیاسی‌یێك ئەوەی نەداوەتە پاڵ خۆی کەوا دانیشتووانی کوردستانی فێرە کوردایەتی کردبێ سەدان ساڵ پێش ئێستا . بەڵام کوردایەتی بە باوەڕی ووشیار کردنەوەی جەماوەری کورد لە بیری نەتەوایەتی و هێنانەدی کە پێ‌ی دەڵێن (بزووتنەوەی نەتەوایەتی) ئەم جۆرە کوردایەتی‌یە نووسەر بیەوێ یا نا . لە هەزارەها کودیلکەی ووشك‌دا (نەك کودیلکەی تەڕ) پارتی‌یە سیاسی‌یەکان مێشکی لاوانی کوردیان‌پێ زاخاو داوە پاشی شەڕی گێتی‌ی یەکەم و دووەم‌دا . بەڵام لە کاتی نووسینی وەقفنامەکە ئەم جۆرە کوردایەتی‌یە نەبووە و نووسەر بە چەند دێرێك ناتووانی بە خوێنەری بسەلمێنێ .

---

(١) لەوانەیە نووسەر ڕستەی (فی ناحیە کردستان)ی کردبێتە بەڵگەی کوردایەتی ، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ مەبەسی ئەوە بێ ، ئەوا ئەمەش ڕەت دەکەینەوە ، چونکە لە گەلێ دەسنووسی زانستی‌یە موسوڵمانی‌یەکان‌دا ئەمە دیتراوە ، بە تایبەتی جێگەی نووسینی دەسنووسەکان ، ئێمە بۆ بەڵگە دەڵێین لە دەسنووسێکی عیلمی مەنتیق کە مەلایێکی کورد نووسیویەتی بو جێگەی نووسینی دەسنووسەکە دەنووسێ (فی قریة آلان من نواحی کردستان) .

# بەشی سێیەم

له بەشی دووەمی ڕەخنەکەمانا گەیشتینە باسی فەلسەفە تازەکـەی نووسەر. دەبا بزانین ئەمانگەییتە کوێ : «گونەیێکی یەکجار پەرەسەندوو هەیە دەڵێ بزووتنەوەی کوردایەتی کوتەکی حازر بەدەستی ئەمپریالیزمو خوێنمژیو کۆنەپەرستی‌یە لەڕۆژهەڵاتی نیزیك‌دا ، ئەم ووتەیە چەندین سەرچاوە دەیڵێتەوە ، هێندەش لەیەکدی دوورن شتێك نی‌یە کۆیان‌کاتەوە مەگەر دوژمنایەتی‌یان بۆ کورد ، شۆڤێنی لای ڕاستو شۆڕشگێڕی لای چەپ بەنۆرە بارەها ئەم گوتەیان کوتاوەتەوە»[1]

تاقی کردنەوەی مێژوویمان تائێستاش ئاشکرایە کەوا ئەمپریالیزم دریغی نەکردووەو دریغیش ناکا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی بکاتە کوتەکی دەستی . لێرەدا نامەوێ لە ئەسڵی مەسەلە کە وەکو نووسەر جار جار دەرگای لاباستێك بکەمەوەو لە دووانگە کە لابدەمو بچمە قوولایی دەوری ئەمپریالیزم لە ڕۆژهەلاتی نیزیك وناوەڕاست‌دا . تەنیا پەنجەی تاوان درێژ دەکەم بۆ ئەو دەستەو دایەرەیەی کە تا ساڵی ١٩٧٥یش لەسەر شانۆی کوردایاتی کوتەکی دەستی‌بێگانەو ئەمپریالیست بوونو بەناوی کوردایەتیشەوە هەزارەها لاوی کوردیان کردە قۆچی قوربانی ئاغاکانیانو وولاتیان وێران کردو هەوڵو کۆششیانیش بۆ شێواندنی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو . نەك کوردایەتی کردن . بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کەوا بزووتنەوەی کوردایەتی کوتەکی دەستی ئەمپریالیستە چونکە ڕۆڵە دڵسوزەکانی گەلو ڕێبازی کوردایەتی هەمیشە ڕێگایان نەداوە بە کۆنەپەرستان کە بزووتنەوەی کوردایەتی بکەنە کوتەکی دەستیان هەتا هەتایە . بەڵکو توانیویانە هەر ئەو کوتەکە بمالنە سەرخۆیانو ئاغاکانیان .

جارێکی‌تر داوا لە نووسەر دەکەم سەرچاوەی ووتەکەی : «شۆڤێنی لای ڕاست» کە گۆیا ووتەی ئەوە دەگوتنەوە کە کوردایەتی کوتەکی دەستی ئەمپریالیستە . ئاشکرای بکا . چونکە هیچ سەرچاوەیێکی‌وا نی‌یەو نابێتیش . لەبەر ئەوەی زۆر دوورە لە شۆڤێنی لای ڕاست ئەم جورە (کفر)ە بکا .

لێرەدا کۆتایی بە لێدووانی لەسەر فەلسەفە تازەکە دێنمو دەگەڕێمەوە سەر چەند ووتەیێکی‌تری سەیری نووسەر : «حاجی مەلا عەبدوللا لە هەڕەتی تاقەتی دەرس ووتنەوەی ، ڕۆژانە ٢٤ دەرسی ووتۆتەوە باوکم دەیووت هەندێ دەرسی پێش بەرچایی سبەینانو هەندێکیشی دووای نوێژی خەفتنان دەگوتەوە»[2] .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١ ، ٢٦٢ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠ .

شەوو ڕۆژ حاجی عەبدوللا ئەگەر (٨)سەعات نوستبێ (١٦) سەعاتی بەدەستەوە ماوە . بەلای کەمەوە حاجی کە زانایێکی دینی بووە بۆ پێنج فەرزە نوێژەکەی (٣) سەعاتی پێویست بووە . بەلای کەمیشەوە ڕۆژی (٢) سەعاتی پێویست بووە بۆ نان خواردنو ئیسراحەت کردن ، کە پاش ئەم حیسابە (١١) سەعاتی بەدەستەوە ماوە بۆ دەرس ووتنەوە ، ئەمە ئەگەر بێتو حیسابی ئەوەش نەکەین کەوا لەوسەردەمە کارەباو لۆکس نەبووە بە شەویش حاجی عەبدوللا توانای دەرس ووتنەوەی هەبوو بێ ، جگەلەوەش ∴ دەرس ووتنەوەی شەوان باو نەبووە لە ناو مەلاو فەقێیان .

ئەم لێکۆڵینەوەیەم هیچ لە قەدرو حورمەتی حاجی عەبدوللا کەم ناکاتەوە . بەلام ئەو لایەنە ساغ دەکاتەوە کە خوێندەوار ئاگادار بکەمەوە لە ووردیو ناووردی نووسەو لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایێکمان ئاشکرابێ کە خوێنەر ئەوەندە ساویلکەنی‌یە چی لە (کتێباندا) بنووسرێ باوەڕی‌پێ بکا ، یا نووسەرەکە خانەدانیش‌بێ ! !

نووسەر لە لاپەڕە(٢٧٨) لە دامێنی لاپەڕەکە ژمارە (١)ی داناوەو حەوت لاپەڕە درێژەی بە لێدووانی پەراوێزەکەی‌داوەو بە خەتێکی ووردیش لەچاپ دراوە . حەوت لاپەڕەکەوەکو پاش ئاوی مەرەزە هاتە پێش چاووم بۆیە زیاتر لێ‌ووردبوومەوەو چەند جارێك خوێندمەوە چونکە پوختەی بیروباوەڕی نووسەر لە لاپەڕەکانی پێشووتر زیاتر ڕوون دەکاتەوە : «بەتەمای ئەوە مەبە فۆلکلۆری کوردی کە لە چاوگەی میللەتەوە هەڵستاوە لەگەڵ فەلاحەتو کرێکاریو مازووچنینو کاروانچیەتی‌و مەرەزەچاندنو مەڕلەوەڕاندنو مانگا دوشینو ڕەزەوانی خەریك بووبێ ئەو مەوزووعانە کە بە ڕێکەوت هاتبێتنە ناو فۆلکلۆریشەوە لەبەر خاتری خۆیانو بۆ ڕێزلێنانیان نەبووە . بەڵکو خزمەتکارو سێبەری مەوزووعی دیکەبوون . هێندەی فۆلکلۆر بە بسکی یارو خەنجەری گەنج خەلیل‌و پەری‌و خەزنەو ڕەخش‌و جنۆکەو فریشتەو پاشاو مەلاو شێخ‌و ئەوان شتانەوەخەریك بووە سەدیەکی وان گوێ‌ی نەداوەتە مەوزووعی ئەوتۆ گیانی پرجۆش وخرۆشی شۆڕشگێڕێکی ئەمرو تەسکین بکا . . »[1] .

نووسەر لە لێدووانی پەراوێزەکەی زیاتر سەری لە خۆی شێواندووە . کەوتۆتە گێژاوێکی توندو تاریکەشەوێکی ترسناك ، بەراستو چەپ‌دا پەل دەهاوێژێ بێ ئەوەی لە تەنکاوێکەوە یان ڕۆشنایی‌یێکەوە سەرهەڵبداتەوە . ئەگەر فۆلکلۆری کوردی لە جەرگەی میللەتەوە هەڵنەقولابێ ، دەبێ لە کوێ‌وە هەڵقولابێ ؟ باهەر بێینەوە سەر مانگا دۆشین :

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٩ ، ٢٨٠ .

ئێوارە وەختە مانگای دەدۆشی
پێم‌گوت بۆ ماچێ ڕووی خۆی داپۆشی

ئێوارە وەختە مانگای ئەلاوان
پێم‌گوت بۆ ماچێ فەرمووی بەچاوان

● ● ●

خۆزگەم بەو مەڕە شیر تێ لە گوانی
چاو جوان ئەیدۆشی بە پەنجەکانی

● ● ●

خۆ دەربارەی کاروانچیەتیش فۆلکلۆرمان هەیە :

یاخوا بە خێرێ کاروانی بانە
شێلەی هەرزان‌کرد بە ناوجامانە

خۆ توونن‌و مازووش هەردووك لە کوردستان دەڕوێندرێن :

هەر کوێ‌یە بەرزە بیکەنە توونن
هەر گەڵا پانە بۆ جگەرەی خاتوون

تەنیا ئەم چەند پارچە شیعرە فۆلکلۆری یەم لێرەدا بۆ بەڵگە هێنایەوە . بەڵام ئەوەی کە پێویستی بەلێ دووان‌و زۆرلەسەر ڕۆیشتن نی‌یە ئەوەیە کەوا فۆلکلۆری کوردی لە ناخی دەروونی گەلەوە هەڵقوڵاوە . ئەگەرچی ئەو فۆلکلۆرە بە بسکی یارو خەنجەری گەنج خەلیل‌و . . . فریشتەو جنۆکەو شێخیش‌دا ووترابێ ، فۆلکلۆریش لێرەدا ئاوێنەیێکی گەلەو تێیدا ڕووی گەلەکەت دەبینی ، لەو سەردەمەی کەفۆلکلۆرە کەی تێدا ووتراوە . . . بۆ نموونە ئەم پارچە فۆلکلۆرە ئاشکرایە کە تازە بابەتەو لە شاری سلێمانیش ووتراوە :

ئەوا هاتە خوار لە جادەی «کاوە»
شارلستۆن لە پێ ، عەینەك لە چاوە

پاش سەد ساڵی تر جیلێکی دوای ئێمە ئەم پارچە فۆلکلۆرە بخوێنێتەوە تێ دەگا کەوا کچە کورد لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا شارلستۆنی لەبەر کردووە .

خۆ ئەوەی لەسەر فریشتەو جنۆکەش وتراوە گومان لەوە ناکرێ کەوا ووتنەکەی هۆی دوواکەوتن و نەخوێندەواری گەلی کورد بووە لەو سەردەمەدا . خۆ ئەگەر لەسەر شێخ و مەلاش دا ووترابێ ئەوەش هەرئەوە دەگەیێنی کەوا شێخەکانی ئەو سەردەمەدەست ڕۆیشتوو بەر چاو بوونە . وە یان قوڵبڕو ساختەچی بوون . دەگوێ بگرە لە گەلەد :

دوعایێ دەکەم . گشت بێژن ئامین
(مەلا) نەمێنێ . لەسەر ڕووی زەمین

● ● ●

دوعای مەلاو شێخ . گشت فروفێڵە
ئاخۆم چارەنووس لە شوێن کێ وێڵە

● ● ●

هەر چەن شێخ زادەی دەماخت بەرزە
ماچی سەر گۆنات . زەکاتی فەرزە

● ● ●

پارچە فۆلکلۆرە کەی دووایێش ئەوەدەگەیێنی کەوا کچە شێخ زادەش جیاوازی‌یێکیان هەبووە لەگەڵ کچی ڕەش و ڕووت دا . کە ئێرە جێگەی ئەوە نی‌یە لە سەری بدوێم چونکە باسێکی تایبەنی‌ی دەوێ . ئەمانەش هەموویان گیانی شۆرشگێڕی ئەمڕۆ تەسکین دەکەن . چونکە ئەمانە بەڵگەی بەهێز دەدەن بە دەستەوە کەوا شۆرشگێڕی دوێنێ و ئەمڕۆش شتێکیان بەشتێ کردووەو لە گۆڕینی کۆمەڵی کورد بەرەوپێشەوە و قەلاچۆکردنی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی .

هەر لە پەراوێزی ژمارە (١)ی لاپەڕە (٢٨١)دا نووسەر دەڵێ : «چینی هەژار هێندە تۆقاندراوە و خراوەتە ژێر چەپەڵۆکی خوێنمژ لە بیری چۆتەوە قسەی ئازایانەو پەندی نەسەلمێنانە داهێنێ . بەدووا ئەم قسەیەدا دەیتوانی بۆئیسپات کردنی بەڵگەش بێنێتەوە لەوەدا بەسەدان ساڵ جارێك نەبووە جووڵەیێك بکا لە دژی خوێنمژ . ئەگەر جارێکیان لە جێگەیێك بزووتنەوەیێك بووبێ هەر لەهەمان جێگە دووای کوژانەوەی بزووتنەوەکە پشتاوپشت خەڵقەکە خەوی لێ کەوتوتەوە» .

بەسەدان ساڵ بزووتەوە نەبون لە وولاّتێك دا ئەوە ناگەیێنی کەوا گەلی ئەو وولاّتە نوستوون وەکو نووسەر دەڵێ . بەڵکو چینی چەوساوە لەو وولاّتەدا هێشتا زەمینەی خۆش نەکردووە بۆ جوولانەوەکەی ، وەیان بە هێزی و توندوتیژی چینی چەوسێنەر بۆتە هۆی درێژە بەتەمەنی بەهەر حاڵ چینی هەژار لەگەڵ ڕۆژی تاڵیشی قسەی ئازایانەی لە بیرنەچۆتەوە لەو وەزعە نالەبارەی کە تێیدا ژیاوە . ئەگەر نووسەر لەگەڵ چینی هەژار تێکەلاّونەبووە بە حوکمی جیاوازی چینایەتی . خۆ وەکو نووسەرێك بۆی هەیە چاو بخشێنێ بەو کتێبانەی کە قسەی ئازایانی چینی هەژاری تێدا نووسراوە . چی قسەی خەباتکەرانی جەزایرو فەلەستین‌و شیلی یێ یاهی تر . .

زۆر جاریش بزووتنەوەی چینی چەوساوە بەهەر هۆیێك کوژابێتەوە خەڵقەکە پشتاوپشت خەویان لێ نەکەوتووەو خەویانیش لێ ناکەوێ . هەر دەبێ ئەوەندە بڵێم جەنابی نووسەر وا دیارە لە گوێ گادا نوستووە ! !

نووسەر زیاتر لەسەر پەراوێزەکەی بەردەوام دەبێ‌و لە داوێنی لاپەڕە ٢٨٢دا دەڵێ : بەڕاستی مرۆڤ دەبێ خۆی زۆر ماندوو کاتا ئیقناع دەبێ بەوەنەو مەلاحەی دەستەو نەزەر بۆ ئاغا ڕادەوەستێ و فەرمانەکانی جێ‌بەجێ دەکاو . واش دەبێ . خەنقی بۆ دەکوژێ . هەر هەمان فەللاحەکە ئاغا پشتی کردەوە پەندی شۆرشگێرانە دادەنێ لە دژی‌و ماف خوراوی پێ هوشیار دەکاتەوە . خۆ باشتر ئەوەبوو پەندە کەش دانەنێ‌و دەستەونەزەریش بۆی ڕانەوەستێ » .

تەنیا ئەم چەند دێرەی سەرەوەی نووسەر دەخەمەپێش چاوی خوێنەری بەڕێزو نامەوێ زۆری لەسەر بڕۆم چونکە شتێکی ئاشکرایە کەوا فەللاح . وەیان چینی چەوساوە ئەگەر دەسەلاّتی هەبێ دیارە دەستەونەزەر بۆ ئاغا ڕاناوەستێ . هەر کاتێ ئەگەر هەلی بۆ هەلبکەوێ بە سەریا باز ناداو ئاغا چەوسێنەرەکەش ڕیسوا دەکا . لێرەدا پێویستی بەوە نەدەکرد کە نووسەر خۆی بەم یاسا سروشتی‌یەوە خەریك بکا . بەلام مەسەلە هەر گێژاوەکەیە کە نووسەر تێیدا گیرماوە . لەم چەند دێرەی خووارەوە زیاتر سەری لە خۆی شێواندووە : «زالم هەی زالم . گاش بدەم بەفریش بالم» چەند ڕێك هاتووە لەگەڵ ئەو واقیعەی خۆمان دەیزانین بەر لە پەیدابوونی فەلسەفەی تازە : مەزلوومەو بە دەست زالمەوە زیرەی لێ‌هەلستاوە بێ‌ئەوە ووتەکە ڕابگەیێنی زالم کێ‌یەو زولم لێ‌کراو کێ‌یە ، یاخود لەسەر چینێکی دەست نیشان کراو بکاتەوە . لە لانی گیانی شۆرشگێریشەوە هەر هێندەی تێدا دەدیترێ کە فیکرەی دادخووازی بە گشتی لە دژی ستەمە . ووشەی «گا» لە لای خۆیەوەیارمەتی ئەوەدەدا کە بەندەکەبۆ

کۆمەڵێکی فەللاحی بیاتەوە چونکە مەزلوومێکی شارستان گاجووتان شك نابا یا زۆردار لێی بستێنێ لەبری بەفر نەمالێنەوە . بەوە نەبێ دیار نادا زاڵمەکە ئاغایە نەك زۆردارێکی دیکە پەندەکە هەر هەندەشی دەربڕیوە کە زاڵم زوڵمی خۆی دەکا تا بۆی بکرێ لە زوڵمەکەشی ناڕەزایە ، لەوەبەدوواوەنەلە دژێ ملکایەتی ئاغایە نەچ ڕێگەیێکیش دەگرێتەبەر بۆ بەرهەڵستی زوڵمەکە . دەتووانم بڵێم پەندەکە ڕازی‌یە بە نیوەی زوڵمەکە . واتە یا بەفر ماڵێن یاخود گاجووت دان » .[1]

وابزانێ پەندەکەی نووسەر خۆی کە بە بەڵگە هێناویەتی‌یەوە باشترین بەڵگەیە کەوا فۆلکلۆری کوردی لە ناخی دەروونی میللەتەوە هەڵدەقوڵێ . چ ئەوەش ناگەیێنی کەوا فەللاحەکە ڕازی‌یە بە نیوەی زوڵمەکەو یان ڕازی‌بوونی بە ملکەچدان بە ئاغاو کۆیلەکەی . بەڵام دانانی ڕێگەو پلان بۆ ڕزگاربوون لەو زوڵم و ستەمە کە خۆی لە پەندەکەدا ناوێنی ئەوەش ناگەیێنی کەوا ئەو ڕێگەو پلانانە دانەنراوەو هەوڵیشی بۆ نەدراوە جگە لەوەی هەر جێگەی عەقلیش نی‌یە ئەو جۆرە ڕێگایانە بە ئاشکرا جغزیان بۆ بکێشرێ وەکو نووسەر دەیەوێ خۆی بنوێنێ لە فۆلکلۆری کوردیدا .

بەمە کۆتایی بە لێدووانەکە دەهێنین لەسەر فۆلکلۆری کوردی‌و دەگەڕێینەوە سەر مەسەلەیێکی گرنگتر ئەویش پێوەندی بە ئاشتیخووازانی عیراق‌و شێوەندنی دەوری جەماوەری ڕەش‌وڕووتە بە تایبەتی پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ . دەبا بزانین نووسەر بە چ چاوێك سەیری ئەو وەزعەی کردووە : « لە یەکەم کۆبوونەوەی ئاشتیخووازانی عیراق لە ساڵی ١٩٥٤ تەنیا ئانیێکی ئەوسای کورد کە بەشداری بووێ تێیدا ئانیی کۆیە بوو . گەورەترین دەسەڵاتدارو خاوەن زەوی وهێزی عەشرەتی کۆیەش « کاکە زیادی حەماغا » بوو . ئەویش یەکێك بوو لەو بەشدارانەو . ئەوسا ناوی لەڕیزی هەرە پێشەوەی ناوەکان نووسرابوو . بۆیە دەڵێم « ئەوسا » چونکە کاتێك لە دووای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمووز کە ئاشتیخووازی بوو بە هۆی خۆڕەپێش کردن و حەسانەوە . کەسانی ئەوتۆ لە کوردو عەرەب هاتنە ڕیزی پێشەوەی ئاشتیخووازی‌و ناویان تێیدا بریقایەوە لەوە بە پێشەوە خۆیان دەپاراست لە مەترسی «تاوانی ئاشتیخووازی» . پیاوی وەك «کاکە زیاد» هەربۆیە دەستی دەدا بیێ بە سوێزو قەڵغانی کاتی خەوف وخەتەر . ئەمە ڕاستی‌یێکە دەبێ بنووسرێ‌و پەندی لێوەربگیرێ ، ئەمڕۆش نەبێ لەدوواڕۆژدا . پەندیشی لێ وەرنەگیرێ ، بەڵکو دوژمنایەتیشی بکرێ ، هەردەبێ بنووسرێ ، چ قەیدی هەیە ڕاستی بەبەرگوێی مێژوو کەوێ ! » .[2]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٣ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥٧ .

ئەم چەنددێڕەی سەرەوەی کتێبەکەی مەسعوود بمانەوێ یان نەمانەوێ ڕاماندەکێشێتە دوواوە بۆ ساڵانی پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ وپاش شۆڕشی ١٩٦١ی گەلی کورد دژی ڕژێمی کەریم قاسم . بەتایبەتی کەنووسەر خۆی ئەو داواکاری‌یەی هەیە کەوا ڕاستی بەرگوێی مێژوو بکەوێ . . ڕاستی‌یەکانی پێش ١٩٥٨ ئاشکراو ڕوونە «کاکە زیاد» یەکێ بووە لە دەرەبەگە گەورەکانی کۆیەو پاش شۆڕشی تەمووز زەوی‌وزارەکانی بەر «اصلاح»ی زراعی کەوتووەو زەوی‌یەکانی دابەش کران بەسەر جووتیارەکانی ناوچەی کۆیە . بەڵام ئەو جووتیارانە نەیان توانی دەست‌بەسەر ئەو پارچە زەوی‌یانە دابگرن کە یاسای «اصلاح»ی زراعی دابووی پێ‌یان . چونکە ئەو «کاکە زیادە» ئاشتی خووازە ڕێگای نەدەدا پێ‌یان زورووفی شۆڕشی گەلی کوردیشی بەکاردەهێنا لە پێناوی سوودی شەخسی‌ی خۆی ئەمە ڕاستی‌یێکەونایێ بشاردرێتەوە . خۆ مەسەلەی زەوی‌یەکانی ناو شاری کۆیە کە تەرخانکرابوون بۆ مووچەخۆرە بچووکەکانی شارەکە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە لە لایەن کاکە زیادەوە لێ‌یان قەدەغە کرا بە بەڵگەی ئەوەی گۆیا ئەم زەوی‌یانە موڵکی ئەوون با یاسای شۆڕشی تەمووز دابەشی کردبێ . بەڵام یاسای شۆڕشی کورد ئەو مافەی پێ‌داوە کە ڕێگا نەدا بەو دابەش کردنە ، پاشان ئەوەبوو مووچەخۆرەکانی کۆیەی ناچار کرد دووچەندانە پارەی زەوی‌یەکانی بۆ بېژێرن‌و دانیشتووانی شارەکە ئەم نیشتمان پەروەریەش نابێ بشارنەوە . ئەمەو مەوزووعی بەرەماڵەی حەوێزی مام یەحیا کە قریان لێ براوە ، ئەمەش شتێکە وهەیە بەڵام لێرەدا نامەوێ زیاتر لەسەری بڕۆم ، تەنیا یەکێکە لەو بەڵگانەی کەوا دەرەبەگ‌و ئاغا نابنە ئاشتیخوواز با ناویانیش لە لیستەکانی ئاشتیخووازانی عیراق نووسرابێ .

بەمە کۆتایی بە ڕەخنەکەمان دێ لەسەر کتێبەکەی مەسعوود محەمەد ، بەشی یەکەم .

● ● ●

لە پێشەکی‌ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا وا دەردەکەوێ نووسەر پاراو نەبووە لەهێرش بردنە سەر ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان‌و بەشان‌و باڵاهەڵدانی مەلاو ئاغاکان ، وەیان مەلاو موڵکدارەکان وەکو خۆی ناویان دەبا . . بۆیە دووبارە (٢٠) لاپەڕەی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ مەبەستی شەخسی‌ی خۆی ، ئاشکراشە کە کتێبەکە بەگشتی ئەوەندی پێوەندی‌ی بە باوك‌و باپیرر مامی نووسەر ، تا دەگاتە دەست گیرانی باپیری کە (حەلیمە) خانی ناوە هەیە ، سەد یەکی ئەوە پێوەندی‌ی بە ژیاتی حاجی قادرەوە نی‌یە .

زۆر سەیرە کە نووسەر دەڵێ : «لەوانەیە خوێنەر لێم بپرسێ ، هەقیشیەتی ، وەبڵێ تۆ کە هێندە بە شکایەتی لە دەست بێ مادەیی وبێ دەرفەتی‌و بێ کەرەستەیی وبێ هەموو شتێك ، چۆن ملت نایەبەر

ئەم نووسینەپڕ گری و گاڵەو بەم جۆرە نەفەس درێژانە بە چووار لای دا دێت و دەچێت و هەر جارەش هەنگاوی تێدا فرەوانتر دەکەی»[1] .

گۆیا دەبێ نووسینەکە چ گری و گاڵەی تێدا هەبێ کە هەمووی باسی باوك و باپیری نووسەرە . وا بزانم هیچ مرۆڤێك لە نووسینەوەی بەسەرهاتی باوك و باپیرو کەس و کاری خۆی تووشی گیروگرفت نابێ . چونکە مەسەلەکە کەلای دا لە مەوزووعی ژیانی حاجی قادرو توێژینەوەی بەسەرهاتی . بە هیچ جۆرێك ئەو کاتە نووسینەکە لاتادا لە نووسینەوەی مەبەنێکی ساکار . هەر چەندە نووسەریش خۆی ماندوو نەکردووە لە گەڕان بە شوێن سەرچاوەدا هەربەقسەکانی کە لە باوك و باپیری یەوە بیستوویەتی یەوەو یان بۆی گێڕدراوەتەوە دابێ بووە نەگەر سەرچاوە کە بەلای نووسەرەوە کەوا جێگەی گومان لێ کردن نی یە ئەوە ناگەیێنی کەوا جێگای هەزارو یەك شك و گومان لێکردنە لە لایەن خوێنەرانی کتێبەکەوە . دەبا بزانین نووسەر چەندخۆی ماندوو کردووە بە دووای دیتنەوەی شتە بزربووەکانی حاجی . کە یەکێ لە هەرە خانە گرنگەکانی کە پێوەندی بە ژیانی حاجی یەوە هەبووە دێی «گۆڕقەرەج»ە نە حاجی لەو دێیە لەدایك بووە . نووسەر دەڵێ بیحوشام بۆ وەدەست هێنانی وێنەیێکی خراپگەی «گۆڕقەرەج» بەڵێنیشم وەرگرت لە دۆستێکی خۆم . کەخزمی حاجی قادریشە . بەڵاموا هاوینی دووەم ڕادەبرێ بەسەر ئەو بەڵێنەداو «همان حیرت روزن باقیست» بە دیار چاوەنۆڕی یەوە[2] .

هەموو ماندووبوونەکەی نووسەر بەڵێن وەرگرتنیکە لە دۆستێکی . بۆ ئەوەی وێنەی خراپگەی گۆڕقەرەجی بۆبەرێت . . لەوانەیە خوێنەری بەڕێز خەیاڵ و بیری بۆ وڵاتێکی زۆر دوور بڕوا کە ئەم چەند دێڕەی نووسەری دەکەوێتە پێش چاو . خۆ ئاشکرایە کاك مەسعوود خەڵقی شاری کۆیەیەو کەلاوەکانی . وەیان شوێنەوارەکەی گۆڕقەرەجیش مرۆڤ بە پیادە (پیاسە) دەتوانێ سەردانی بکا بە بێ خۆماندوو کردن . وابزانم دانانی کتێبێك لەچەند بەرگێك دا لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شاعیری بلیمەتی کورد حاجی قادری کۆیی نەك چوونە گۆڕقەرەج لە نووسەری کتێبە کە فەرز دەکا بەڵکو چەندجارێکیش چوونە ئەستەمبوڵ بە ماندووبوون بە دووای شوێنەوارەکانی حاجی لە قەڵەم نادرێ[3] . ئەمەش بەڵگەیێکی ترە کەوا نووسەر نەمەبەستی بووە خۆی ماندوو بکاو نەمەبەستیشی دەبێ . چونکە گۆڕقەرەج نە لە دوورو نە نزیکەوە پێوەندی ی بە لەدایك بوونی مەلا عەبدوڵلاوە

---

(١) حاجی قادری کۆیی ، بەرگی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٧٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨ .

(٣) لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە ووتارەدا چەند وێنەیێکی گوندی گۆڕقەرەجمان بۆ بەڵگە بڵاوکردەوە .

نی یە کە کتێبەکەشی تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستە . وەیان کێلە قەبری تێدا نەشکاوە کە بە دووایا بگەڕێ و بیکاتە تاوانێك و ئاراستەی نووسەرە پێشکەو تن خووازەکانی بکا . دەبابزانین نووسەر مەبەستی چی یە لێرەدا کە دەڵێ : «نووسەری عادەتی وەك من و تۆ شتی وەها دەنووسێ هەڵەو ڕاستی هەڵبگری و سەلماندن و نەسەلماندنی بە بەرەوەبێ . خۆ من وتۆ نە شێخی تەریقەتین . نە سەرۆك نەقابەین . نە پێشەوای سیاسەتین . چی بڵێین بێ بەڵگەو هۆی ئیقناع کردنیش بێ پەیرەوەکانمان بڵێن سەددەق»[1] .

جێگەی سەر سوڕمانە کە نووسەر شێخی تەریقەت و سەرۆك نەقابەو پێشەوای سیاسی هەموو بە یەك جۆرە مرۆڤ لە قەڵەم بدا . گۆیا دەبێ ئەندامانی پارتی یە سیاسی یەکان . وەیان کرێکارە نەقابی یەکان هەموو دەروێش بن سەرۆکی پارتی یەکان و نەقابەکانیش شێخی تەریقەت بن . بەبێ هیچ جۆرە لێکدانەوەیێك . هیچ جۆرە بەڵگەیێك کە نووسەر خۆی گۆیا باوەڕی بەهێنانەوەی بەڵگەو هۆی ئیقناع کردن هەیە . بەسەلماندنی بیروباوەڕ . نازانم لێرە بەڵگەی چی یە بۆ ئیقناع کردنی خوێنەر کە بە یەك — چاو سەیری (بابیر) بکا کە خاوەن بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەیەو بە کردەوەش کۆمەڵی ڕزگار کردووە لە چەوساندنەوە لەگەڵ (بایز) کەشێخێکی تەریقەتە . لەگەڵ ئەوەش دا نەخوێندەواریشەو دەورێکی باڵاشی هەیە لەیەك خستنی ژمارەیێکی زۆر لە دانیشتووانی دێهاتەکانی دەوروپشتی لە ئیش و کاری ڕۆژانەیان . دەبابزانین نووسەر بە عەقلی چ چەرخێك و زەمانەیێك دەکەوێتە ووتووێژ لەگەڵ خاوەن بیروڕای سیاسی ی جودا لەگەڵ خۆی د : «خۆ ئەگەر من شێخی تەریقەتی سیاسی ئەو بام و بموتایە ئاوی (شط لعرب — یەکاوی عەرەب) سەرەوژوور دێتەوە بۆ بانی ئەنەدۆڵ ئەوسا بێ گومان پەنجەی شادەی بەرزدەکردەوە و دەیووت ئەشەدەم بیللا ڕستت فەرموو بەڵام خەڵقەکە نەزانە وێ ناگا »[2]

نووسەر وەك لە مزگەوتەکەی مەلا محەممەدی کۆیی دانیشتبێ و کتێبە زەردەکە بخوێنێتەوە کە (مەولوودنامە)ی ناوەو بە خوێنەر بڵێ : (ئەرز لە بان گایەو گاش لە بان ماسی و ماسیش لە بان ئاوەو ئاویش لە بان هەوایەو هەواش لە بان تاریکی یە لە تاریکیش بەولاوە هەر خودا دەزانی چی هەیە . . ) ئێمەی خوێندەواریش بڵێین ئەشەدەم بیللا ڕاست دەفەرمووی لەبەر ئەوەی باوکی نووسەر . وە یان باپیری ووتوویانە لەمەوپێش و ئەمڕۆش جەنابی جەلی زادە وا دەفەرموێ . ئەگەر وای مەبەست نی یە ئەی ئەم هێرشە بێ ڕەوایە چی یە ؟ ! دەیباتە سەر پارتی یە سیاسی یەکان لە پشت پەردەوە ؟

ئەمڕۆ کە لەسەدەی بیستەمدا دەژین ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەم بۆتەوە کە باوەڕ بە قسەی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ١٤ .
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦ .

پرۆپووچی کۆن بکەن . تەنانەت دەرونشەکانی شێخ (ع)دەست نادەنە سنگیانەوە وبڵێن (سەددەقتە) بە مرۆڤێك کە پێیان بڵێن ئاوی یەکاوی عەرەب بەرەوبانی ئەنەدۆل دەبێتەوە .

دووبارە نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاری کردن لە دەرەبەگ کە دەڵێ : «کە من بڵێم حاجی قادر دژی خاوەن زەوی ی ناوی دەرەبەگ ناهێنم چونکە ناوهێنانی هەڵەیێکی سافیلکەی مێژوویی و خوێندەواری یە بۆ سەردەمی حاجی قادر نەبووەو خزمەتکاری دەرەبەگیش نەبووە»[1]

لەبەشی یەکەمی نووسینەکەم وەڵامی نووسەرم داوتەوە لەسەربوونی دەرەبەگ لە شاری کۆیە لەسەردەمی حاجی قادردا . بەڵام نووسەر زۆر جار دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا حاجی خزمەتکاری دەرەبەگ نەبووە . لێرەدا منیش لەگەڵ نووسەردام کەوا حاجی خزمەتکاری دەرەبەگ نەبووە لەگەڵ جیاوازی یێك لە نێوان هەردوو کیاندا . جیاوازی یەکەش ئەوەیە کە حاجی فەقێ بووەو لە مزگەوت خوێندوویەتی ، هەر کەناڕەحەتیش بووێ جێگای خوێندنەکەی بەجێ هێشتووەو چۆتە لایێکی تر بۆ خوێندن ؛ ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکا نەك هەر حاجی قادری فەقێ لە سەردەمی فەقێیدا خزمەتکاری دەرەبەگ نەبووە بەڵکو هیچ فەقێ یێك خزمەتکاری دەرەبەگی نەکردووە لە هیچ سووچێکی کوردستاندا بەڵام نازانین هۆی دووپاتو سێ پات کردنەوەی ئەم مەسەلەیە لە لایەن نووسەرەوە مەبەست دەبێ چی بێ ؟ ! .

هەرچەندە نووسەر خۆی پارمەتیمی داوە لەوەی کەوا خوێنەری بەرێز هوشیار بکەمەوە گومانیشم نی یە لەوەی بەشی زۆری خوێنەری کتێبەکەی کاك مەسعود لەمن زیاتر ئاگاداری هەڵەویەڵەکانی ناو کتێبەکەین ، جگەلەوەی نووسەر خۆی لەبەرگی دووەمی دان بە هەڵەکانی خۆی دادەنێ کەلە بەرگی یەکەمدا فەرموویەتی لەویاوەڕەش دام لە بەرگی سێ یەمدا ئەگەر بۆی بلوێ لەچاپی بدا[2] داوای لێ بووردنێکی تر لە خوێنەر دەکا کەوا چەند تاقە هەڵەیێکی تریش لە کتێبەکانی پێشووی هەیە ، بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ کە کتێبە کە هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر هەڵەو لادان نووسراوەتەوە .

نووسەر دەڵێ : «لە میانی باسی حاجی بەکر ئاغا ووتوومە کوڕێکی خۆی کردەسەرۆکی شارەوانی ی بەغدا ، من بەمەدا ووتەیێکی مەشوورم باس کردوە ، بێ ئەوەڵێی وورد بووبمەوە . هەر دووا بە دووای چاپ کردنی بەشی یەکەم خۆم لەگەڵ خۆمدا کەوتمە ڕەخنەکاری : حاجی بەکرئاغا کە لە ساڵی (١٢٧٠)دا مرد کوڕە گەورەی ١٥ – ١٦ ساڵ بوو ، چۆن دەچێتە عەقلەوە کوڕی سێ یەم وەیا چووارەم بەر لەو ساڵەدا ، واتەپێش مەرگی حاجی بەکر ئاغا بووبێتە سەرۆکی شارەوانی ؟ ڕاستی یەکەی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦ .

(٢) بەرگی سێ یەمی کتێبەکەش بڵاوکرایەوە ، بەڵام گومان لە دەرچوونی بەرگی چووارەم دەکرێ .

ئەوەیە ئەو کوڕەی دووای مەرگی خۆی بووە بە سەرۆکی شارەوانیی بەغدا . بەڵام ناووشوورەت و حورمەتی حاجی بەکر ئاغا یارمەتیی کوڕەکەیان داوە لە گەیشتنی بەو پایەیە[1].

هەروەها هەڵەکەی نووسەر دەربارەی «گوڵێ» کە حاجی لە (دەشتی بەهەشت و ئایینی لاجان) چاوی پێ کەوتووەو دڵی بۆی چووە . نووسەر دەڵێ : «من لە بەشی یەکەمی نووسینە کەمدا وام زانیواندووە کەوا کچی حەمەد ئاغای قەرەنی ئاغای مامەش بووە) پاشان دەڵێ : «گوڵێ کچی (قەرەنی ئاغای پیران) بووە[2]

لێرەدا نووسەرو خوێنەر هەردووکیان بەڵگەیان هەیە بۆیە درۆخستنەوەی ئەو هەڵانەی لە کتێبەکەدا وەك مانگە شەو دیاردەدا . بۆیە داوا لە نووسەر دەکەم ئەگەر ماوەی بوو لەو چەندەی ماوەتەوە لەبەر جیزمی دووەم کە خۆی دەڵێ هەڵی گرتووە بۆ بەشی سێیەم . هەرچی پەلارێك تێ دەگرێ بۆ پارتی سیاسی یە پێشکەوتن خوازەکان و نەقابەکان بە ئاشکراو بێ ترس بیهاوێژێ و بەڵگەش لە سەریان بهێنێتەوە بەبێ پەلەکردن و هەولیش بدا پەلارەکانی ئەوەندە کاریگەر نەبن کە ماوەی کشانەوەی نەمێنێ لێیان و پاشە ڕۆژ وەك پەلارەکانی بۆ شاعیری نەمری کورد عەلی بەردەشانی کە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی باسی کردووەو ئێمەش لە بەشی دووەمی ڕەخنە کەمان وەڵامان داوەتەوە . کە نووسەر لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی فریاش نەکەوتووە لە ژێر ناوونیشانی (چەند ووشەی دووای دروێنە) هەوڵ دەدا بکشێتەوە کەدەڵێ : «بەڵام داخم ناچی کاتێك کە باسی بەیتەکانی هاتە ناوەوە لە چاپ کردنی باسە کەبوو بوومەوە بۆیە لێرەدا بە درەنگەوە کەوتەبەر چاپ . لەگەڵ تۆمار کردنی ئەم بەڵگە نرخدارەی بوونی گیانی کوردایەتی لای پاشای بابان دەستێکی حورمەتیش بەسەرسینەوە دەگرم بۆ گیانی بەردەشانی ئەم چەند بەیتە لەو بەندەی ناوبراو کە لەژێر عینوانی (بەیتی عەبدوررەحمان پاشای بەبە) لە کتێبەکەی تۆسکارمانەوە وەرگیراوە . مامۆستاهێمن بێ دەستی دان هێناویەتی بەسەر ڕێنوسی کوردی منیش وەك ئەووم لێرەدا بە چاپ گەیاند[3]

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاك مەسعوود وا دەزانێ ئەم بەیتە لەم ڕۆژانەدا ئاشکرا کراوە ، وا نی یە بەڵکو چل ساڵێ رەبەق پێش ئێستا مامۆستا حۆسین حوزنیی مۆکریانی ئەم بەیتەی ئەورەحمان پاشای بڵاو کردۆتەوە . ئەگەر ئاگادارو شارەزای مێژووی ئەدەبی کوردی بووایە نەدەکەوتە ئەم هەڵەیەوە . بریا زووتر چاوی بە بەیتەکان بکەوتایە بۆ ئەوەی گیانی نەمری بەردەشانی ڕزگاری بووایە لە پەڵەکانی

---

(۱) سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۸ – ۱۹ .

(۲) سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۱ .

(۳) سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۲۳ .

نووسەرو پاشانیش دەستی نەگرتایە بەسەرسینەوە بۆ گیانی ، چونکە جێی نیشتەرەکانی نووسەر ئەوەندە کاریگەرن لە گیانی بەردەشانی بەدەست بەسینە گرتنێکەوە تیمارو چارەسەر ناکرێن .

# بەشی چووارەم

له بەشی دووەمی ڕەخنـەکەماندا بەڵێنمان بە خوێنەری بە ڕێز دابوو کە باسی چۆنیەتی دەستکەوتنی وێنەکانی دێی «گۆڕ قەرەج» یان بۆ ڕوون بکەینەوە . لێرەدا دەڵێین چوونە دێی گۆڕ قەرەج بۆ بینینی شوێنەواری حاجی قادری ئەمر یەکێکە لە مەرجە هەرە هاسانەکانی لێکۆڵینەوە لە ژیانی حاجی . ئەوەی پێویستە بزانرێ ئەوەیە کە ڕەخنەگر (نووسەری ئەم ووتارە) لە ساڵی ١٩٦٩ بە ڕێکەوت بەو شوێنەوارەدا تێپەڕیوو ، بۆیە زیاتر کەوتە ئەو قەناعەتەوە کەوا کاك مەسعوود محەمەد نەیویستووە خۆی ماندوو بکا لە هێنانەدی مەرجەکانی توێژینەوەکەی لەسەر ژیانی حاجی و تەنیا بە قسەکانی باوكو باپیرو خاڵی دابین بووە .

پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی نووسەر داوام لە یەکێ لە هاوڕێکانم کرد کەوا چەند وێنەیێکی دێی (گۆڕ قەرج) مان بۆ بگرێو لە لاپەڕەکانی گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان» بڵاوبکرێتەوە ، ئەوەبوو لە ژمارە (٣٦)دا بڵاوکرایەوە .

ئەو هاوڕێیە بۆی گێڕامەوە کەوا لە شاری کۆیەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیێکی تری کەوتنە ڕێ بەرەو دێی تاڵەبان کە کەوتۆتە خوارووی جادەی تەقتەقەوە (٢٠)کیلۆمەتر لە کۆیەوە دوورە ، لە تاڵەبانەوە بەرەو قەڵاتە سورانو پاشان بۆ گوڕی پیرێژنەو گۆمەلاڵە و لەوێوە بۆ زەوی‌ی عەلی هەیدایەو عەولا هەیدایە ، کە زەوی‌یەکە بە ناوی زەوی‌ی عەلی هەیدایەیە ، ئەمە خزمێکی زۆر نزیکی حاجی قادری کۆیی‌یە . هاوڕێکانمان لە دێی تاڵەبانی گەورە چاویان بە حاجی سمایل میکایل کەوتبوو ، ئەمە تەمەنی نزیکەی (٧٥) ساڵە . حاجی سمایل دەربارەی دێی گۆڕ قەرەج بۆی گێڕابوونەوەو ووتبووی :

«لە بیرم دێ دێی گۆڕ قەرەج دیواری چەند کەلاوەیێکی هەبوو . دارستانێکی زۆری لە هەنجیرو هەنار و تووی گەورە گەورەی لێبوو . زەوی‌و باخەکانی هی مەلا عەولا بوو کە خزمێکی زۆر نزیکی حاجی قادری کۆیی بوو» .

لە شوێنی دێیـەکە شوێنەوارو شوێنی چەند غەلو شوورەی بەردی زل زل دیارە کە هەر یەکە شوێنێکی بە ئەندازەی خانوویێکی لادێیی داگیر کردووە ، گومانی تێدا نی‌یە کە لە وەختێکدا بۆ خانوو بەکار هاتوون . بەڵام ئەوەی ڕاستی‌یێ هیچ دیواری بەرچاو دیار نی‌یە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا . ئەمەیە بەکورتی چۆنیەتی چوونە دێی گۆڕ قەرەج لەگەڵ سوپاس بۆ خاوەنی ستۆدیۆی باواجی لە شاری کۆیە کاك تۆفیق عەبدولکەریم بەوەی وێنەی کەلاوەکانی گۆڕ قەرەجی بۆمان ناردو لە ژمارە (٣٦)ی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بڵاوکرایەوە .

● ● ●

دووبارە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەمەوە کەوا سرنجێکی وورد بدەن لەگەڵمدا لەو قسە «هەرچی و

پەرچیانە»ی کاك مەسعوود دروستی کردووەو بە ناهەق ڕەووشتی نالەباریش دەداتە پاڵ دانیشتووانی شارەکانی کوردستانەوە کە دەڵێ «لەپاش بەسەرچوونی ماجەرای (حەلیمە) جارێکیان باپیرم بە هاوڕێیەتی شێخ عەلی‌ی تاڵەبانی کە ئەوسا جحێڵ و هاوتەمەنی باپیرم بووە دێتە کەرکووك . شێخ عەبدوررەحمانی تاڵەبانی (خالیس) . باوکی شێخ عەلی‌و شێخ ڕەزا ، دەڵێ : کاکەولا بیستم حەزت لە چەتیوێك کردبوو ! لە وەرامدا دەڵێ : بەڵێ قوربان ئەگەر لە کەرکووك بام دەبوو حەز لەهەتیوێك بکەم»[1] .

ئێمە هیچ گلەیی‌یێکمان لەوە نی‌یە کە لە ناو کوردەواری‌دا جۆرە ئەدەبی وا هەبێ ، ئەمە جێگەیێکی تایبەتی‌ی هەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری‌و دەبێ لە شوێنی خۆشی‌دا بگوترێ ، واتە لە باسی فۆلکلۆری کوردی (ئەدەبی میللی‌و قسەی خۆش‌و بەتوێکل)دا جێ‌ی خۆی بدۆزێتەوە .

بەلام ئەوەی سەیر بێ ئەوەیە کە مەسعوود محەمەد بەرهەمی فۆلکلۆری بخاتە ناو ئەو «ئەدەبە بەرزە ئورروستوکراتی‌یە»ی کە لە کتێبەکەی‌دا باسی لێوە دەکا ؟ بەلای ئێمەوە ئەم «قسە هەرچی‌وپەرچی‌و دروست کراوە» ئەگەر سەر کەوتنی مەلا عەبدوڵلای تێدا نەبووایە بەسەر شێخ ئەورەحمانی تاڵەبانی‌دا بە بەڵگە نەیدەهێنایەوە[2] .

نەوەکو لای ئێمە تەنیا بەڵکو لە هەموو جیهان‌و لە هەموو کۆمەڵێك‌دا هەندێ سیفەت بۆ جێگەیێك دروست بووە ، وەکو ئەوەی بگوترێ خەڵکی فلانە شار چاوچنۆکن ، یا خەڵکی فیسارە دێ چاوتێرن . ئەگەر لەمە بگەڕێین لای خۆمان‌و لای خەڵکی‌تر کەم جێگە لە سیفەتی خراب ڕزگاری‌ی دەبێ ، ئەگەر مەسەلە شەڕە جنێوێ (کە ئەمە ڕاست نی‌یە) خەڵکی هەموو جێگەیێك کە سیفەتی خراپیان بدرێتەپاڵ دەتووانن سیفەتی خراپتری لە ناو خەڵك یاویان بۆ بدوزنەوە ، بەلام مەسەلە ئەوە نی‌یە ، بەڵکو مەسەلە وەکو دەردەکەوێ ئەوەیە مادام هەموو مرۆڤایەتی لە بنەماڵەیێك کۆبێتەوە دەبێ هەموو شارو دێهاتی دونیاش لە مەڵبەندو شوێنەواری ئەو بنەماڵەیە کۆبێتەوە .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ٧٠ . پەراوێزی ژمارە (٨) .

(٢) بە ڕاستی مەسعوود محەمەد چاویلکەیێکی لە چاوایە جگە لەبنە ماڵەی خۆی‌و هەموو شتێکی پێوەندی‌ی بەوەوە هەیە هیچی‌تر نابینێ هەر لەم کتێبەداو لە نووسینی تریش‌دا کە ناخۆشی دەکەوێتە نێوان کەیفی‌و شێخ ڕەزا . بۆ لە سەر شێخ ڕەزا کردنەوە ڕێزو حورمەتی دەگاتە پلەیێك کە ڕوخسەت لە هەموو تاڵەبانی‌یانی کۆن‌و تازە وەربگرێ بۆ ئەوەی بڵێ کەیفی بێ‌ئەدەبانە وەلامی شێخ ڕەزای دایەوە . لەوێ‌دا دیارە دەماری چینایەتی‌یەو دەبزوێ ، بەلام لێرەدا مەسەلە لە نێوان باپیری مەسعودو باوکی شێخ ڕەزایە ، ئیتر پێویستەو دەبێ هەر باپیری کاك مەسعوود بێ‌و هەر ئەویش سەربکەوێ .

هەرچۆنێ بێ هیچ کەرکووکی‌یێك یا هەرکەسێکی تر ماوە بەکەس نادەن ئەم سیفەتە بخرێتە پاڵ شارە کەیان .

ئێمە گومان لەم دوو قسەیەی نێوان مەلا عەبدوڵلاو شێخ ئەوررەحمان دەکەین ، دوور نی‌یە تازە دروستکرابێ ، یا نا تەواوبێ ، بۆچ دەبێ پیاو بیر لەوە نەکاتەوەو نەپرسێ : ئایا شێخ ئەو ڕەحمان بەم هەموو زیرەکی‌یەوە دەبێ وەڵامی نەدابێتەوە ؟ ! .

بە هەموو جۆرێك ئەگەر مەسعوود محەمەد ئەمەی بۆ جێگەی خۆی واتە «ئەدەبی فۆلکلۆری» هەڵبگرتایە باشتر دەبوو ، لە پاشانا پێویستە شتێکی تریش بێنێتەوە بیری ئەویش ئەوەیە کە لە زۆر جێگەی کتێبەکەی‌دا سوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێ پیاو زمانی پاك بێ ، بە تایبەتی ئەگەر (خانەدان)بێ ، دیارە زمان پیسیش سیفەتی کەسی هەرچی‌وپەرچی‌و گەنجە نوێخوازەکانە ، جا ئێمە نازانین ئەگەر سیفەتی هەتیوبازی بدرێتە پاڵ شارێك ، ئەمە لە کوێ دادەنرێ ؟ ! .

# بەشی پێنجەم

ئەم بەشەی ڕەخنەکەمان تەرخان دەکەین ، بۆ شی کردنەوەی فەلسەفە تازەکەی مامۆستا مەسعوود و جار ناجارێك پارچەیێك ، وە یان چەند دێرێك لە نووسینەکەی دەخەینە بەرچاو خوێنەری بەڕێز ، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە لەگەڵاندا بەشدار بێت لە زانینی ئەو هەوڵە بێ پەروایەی کە دەدرێت بۆ گۆڕینی ئاشکراترین تیۆری عیلمی کە جێگای گومان لێ کردنی تیادا نەماوە . وە ئەگەر نووسەر گومان لەو تیۆرییە عیلمیە دەکا پێویستە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بناغەیێکی زانستی دابمەزرێنێ ، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بتوانێ قەناعەت بە خوێنەرانی کتێبەکەی بکا . لەگەڵ گلەیێك و گازندەیێکی زۆریش لە خوێنەرانی ئەم ڕەخنەیەمان کە تا ئێستا زۆربەیان کتێبەکەی مامۆستا مەسعوودیان نەخوێندۆتەوە ، گۆیا بەڵگەشیان ئەوەیە کە وایان دەزانی کتێبەکە دەربارەی ژیانی حاجی قادری نەمر دەدوێت و شتێکیان خوێندۆتەوە لەو بارەیەوە . لەبەر ئەوە تکا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم هەردوو بەشی کتێبە کە بە ووردی بخوێننەوەو پاشان لەگەڵ ڕەخنەکانی ئێمە بەراوردی بکەنەوە . . . وا بزانم هێشتا ئێمە قەرزار دەمێنینەوە ، لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە بە ووردی و بە شێوەیێکی عیلمی تر ڕەخنەکانی ئاراستە بکەین .

دەبا بزانین بناغەی فەلسەفە تازەکەی لەسەرچی دامەزراندووە : (وەنیە هەر سەرەتای بیر کردنەوەی نیشتمانی لە ئاکانەوە دەست پێ بکا . فەلسەفەی چینایەتیش کە بە زاهیر دەبوو لە جەرگەی چینی هەژارو ڕەش و ڕووتەوە هەڵستێ ، ئەویش لە خاوەن بیرو فەیلەسووفی چینەکانی هەورازترەوە هەڵدەقوڵێ ، دواتر سەرەوژێر دەبێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی چینی هەژارو پرۆلیتاریا ، خواش دەزانێ بە چ شێوەیێك دەچێتە مێشکیانەوە . کرێکارێك وە یا پاڵەیێك وە یا کاسبێکی بچووك ئەو ئیمکانە زیهنییەی نیە بگا بە پلەی پاڵاوتنی «تیۆریی» لە ڕاگەیاندن و پەیامەکانی واقیعەوە ، ئەو ناتوانێ واقیع بڵێتەوە لە گوتەو نووسینی خۆیدا ، ڕەنگە هەر نەشزانێ بنووسێ . . واقیع تێ ناگا تا بتوانێ لە نووسینی خۆیدا بی لێتەوە . . )[1] .

وا دەردەکەوێ نووسەر چینی هەژارو پرۆلیتاریا بە چینێکی نەفام و دواکەوتوو دەزانێ و نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغە لە پێشکەوتن (تطور) کە «ئەو ئیمکانە زیهنییەی نیە بگا بە پلەی پاڵاوتنی «تیۆری» لە ڕاگەیاندن و پەیامەکانی واقیعەوە ، » . وەکو نووسەر وەسفیان دەکا هەر چەندە باوەڕیشی بە (نظرية التطور) نی یە ، بەڵام وا دیارە لێرە بەکاری هێناوە وەکو چەکێك دژی چینی هەژارو پرۆلیتاریا ، تەنیا پرسیارێکم هەیە لە نووسەر چاوەڕوانی وەڵامیش ناکەم : ئایا جنرال جیاب وەزیری بەرگری ئێستای فیتنامی دیموکراتی سۆشیالیست خاوەن ئەو مێشکەی کە گەورەترین و دڕندەترین هێزی سەدەی بیستەمی شکاند لە فیتنام کوڕی چ چینێکە ، ئایا دەبێ ئەویش چۆن وبەچ (شێوەیێك) فەلسەفەی

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

چینایەتی چووبێتە مێشکەوە ؟ ! نموونەی وەکو جیاب‌مان زۆرە تەنیا لێرەدا بۆ میسال هێنانەوەو لەو باوەڕەشدام هەموو خوێنەرێکی ڕەخنەکەمان ناوی جیاب‌یان لا غەریب نی‌یە .

ئەوی دەمەوێ لێرەدا ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە کەوا هیچ جیاوازییێك نی‌یە لە نێوان مێشکی کوڕە هەژارێك و کوڕە ئاغایێك ، وە یان کوڕە مەلایێك‌دا . وە هەتا ئێستا هیچ تیۆرییێك دەرنەچووە ئەم مەسەلەیە بسەلمێنێ ، کەوا نووسەر بە تەمایە بە ناهەق بیسەپێنێ بەسەرماندا . . دێمەوە سەر (ماوتسی تۆنگ) و پرسیارێك لە نووسەر دەکەم ئایا ئەم کوڕە فەلاحەش یەکێکە لەوانەی کە سەری سوڕ دەمێنێ چۆن بیرو باوەڕی چینایەتی وە یان شیوعی وەکو جەنابی مامۆستا دەفەرموێ چۆنە مێشکی‌یەوە ، وەیان ناژمێردرێن لە یەکێ لەوانەی بۆ سەپان‌و پالەیان نووسیبێت . لە وولاتەکەی کە زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن کەسە . (ماوتسی تۆنگ) خۆی دەڵێت : (لە دێ‌ی شاوشان لە دایك بووم لە ویلایەتی (هونان) ساڵی ١٨٩٣ ، باوکم ناوی (ماوجن تشنگ) بوو . دایکم ناوی «وین تشی‌می» بوو . باوکم لە ڕەچەڵەکێکی جوتیاری هەژار بوو . لە گەنجیەتی‌یەوە قەرزاری وای‌لێ کرد کە بچێتە ڕیزی سەربازی‌یەوە . . هتد[1] وابزانم لەمە زیاتر پێویستمان بە بەڵگە نی‌یە بۆ وەڵام دانەوەی نووسەر کەهەرچی بە مێشکیا بێت‌و دەیخاتە سەر قاقەزو بڵاوی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕاست‌و ناڕاستی نووسینەکەی‌و بێ‌پەرواشە لەوەی نووسینەکەی هێرش بێ بۆ سەر خاوەنی بیرو باوەڕی جودا لەگەڵ خۆی ، ئومێدەوارین لە بەشی سێ‌یەمی کتێبەکەی کە لەم ڕۆژانەدا دەکەوێتە بازارەوە ، چاوێکی خشاندبێ بەو هەڵانەی پێشووی‌داو کەوتبێتە گێژاوێکی سامناکی ترەوە ، بە تایبەتی کە لە ساڵی ١٩٧٤دا بەشی دووەمی نووسیوەتەوەو دەستی تاوانی درێژ کردووە بۆ هەندێ‌لا ، زۆر ئاسان نی‌یە بۆ نووسەر خۆی لێ‌بکێشێتەوە ، لە بەشی سێ‌یەمی کتێبەکەیدا ، سەرەڕای ئەوەش باوەڕ ناکەم خوێنەری بەڕێز ئەم هەموو ئەمبەرو ئەوبەرەی لێ‌بسەلمێنێ لە نووسینەکانی‌دا .

پێش ئەوەی کۆتایی بە بەشی پێنجەمی ڕەخنەکەمان بێنم ، بۆ دەمەتەقێ ئەم چەند دێڕەی نووسەریش دەخەینە پێش‌چاو خوێنەری بەڕێز :

(هەموو لە بیرمانە ئەو ساڵە کە کۆماری مەهاباد لەناوچوو و سەرۆکەکانی خنکێنران چەندین ڕۆشنبیری کورد دەیانگوت‌و دیانگوتەوە لە ناوچوونی کۆماری مەهاباد ڕووداوێکی باش بوو ، چونکە خزمەتی ئاشتی جیهانی‌کرد ، ئەمەیان دەگوت نەوەك گلەیی بکرێ لە بەرەی سۆشیالیزم کە مەهابادی نەپاراست . .)[2] .

---

(١) النجم الاحمر فوق الصين ، ادغار سنو. ترجمة كمال أبو الحسن وكمال العزة ، ص ١٢٨ .
(٢) حاجی قادری کۆیی ، بەرگ (٢) ، ل ١١٤ .

نازانم سەرچاوەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد کە ئەم قسانەی لێوە وەرگرتووە لە کوێیەوە وچی یە؟ دەبوایە بەلای کەمەوە ئیشارەتی بدایەتە ئەو سەرچاوانە ، بۆ ئەوەی خوێنەریش ئاگادارێ . . دەربارەی نامیلکەکەش کە دەرچووە لە دەوروبەری ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ کە دەڵێت : (وا بزانم کوردیش دەری کردبوو ، بەلای خۆیەوە ئیسپاتی ئەوەی کردبوو کورد «أمە» نی یە ، دیارە کە کورد ئوممەت نەبێ ، مافی ئەوەی نابێ خەباتی قەومی بکا)[١] .

وابزانم نووسەر لەمن کەمتر شارەزا نی یە لەوەی کە خاوەنی ئەو نامیلکەیە کێیە ؟ وە یان چ لایێکە ، دەبوایا بە ئاشکرا ناویانی بردبا ، یا سەرەڕای ئەوەش وەك ئایەتە قورئانەکە بە ناتەواوی بنووسرێ ماناکەی دەشێوێ : (ولا تقربوا الصلاة) . بە بێ ئەوەی بڵێ (وانتم سکاری) وای لە مەسەلەکە کردووە ، چونکە دەبوایە ئەوەشی نەشاردبایەتەوە ، کەوا پاش ساڵی ١٩٥٦ هەر خاوەن ئەو نامیلکەیە دانی ناوە بەوەی کەوا کورد (امە)یە .

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٦ .

# بەشی شەشەم

بەشی سێیەمی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» کەوتە بازارەوە ، پێشەکی ی ئەم بەرگە بریتی یە لە(٤٦) لاپەڕە ، گشتی کتێبەکە (٤٢١) لاپەڕەیە . لێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە پێش چاو خوێنەری بەڕێزکەوا نووسەر چۆن زمانی کوردی لە تیپی ئەلفەوە تا تیپی (ی)ی شێواندووە و شکاندوویەتی بەسەر یەکا .

**دەڵێن ڕۆژێك یەکێ لە شاعیرە کوردەکان بە سوواری ئەسپەکەی بە تەنیشت کابرایێکی خشت بڕ تێ دەپەڕێ ، گوێی لە کابراکە دەبێ شیعرەکانی بە هەڵە دەخوێنێتەوە بە دەم خشت بڕینەوە و شیعرەکانی دەشێوێنێ . شاعیرە کەش کە گوێی لێ دەبێ بەو جۆرە شیعرەکانی دەشێوێنێ دەست دەکا بە ڕمبازی کردن بەسەر خشتەکانی کابرا و دەیانشکێنێ بە سەر یەکا . . کابرای خشت بڕ سەری سوڕ دەمێنێ لە کردەوەی سووارەکەو لە بەر خۆیەوە لێی دەخوڕێ و پێی دەڵێ : ئەوە بۆ خشتەکانم دەشکێنی؟ . سووارەکە لە وەڵامدا دەڵێ : ئەی جەنابت بۆ شیعرەکانم دەشێوێنی ! ؟**

با بگەڕێینەوە سەر کاك مەسعوود محەمەد و بزانین لەم (٤٦) لاپەڕەیە چەند ووشەی عەرەبی بەکار هێناوە ، کە هەمووی بەرامبەری ووشەی کوردی پەتی هەیە . ئەمە و جگە لە ووشەی فارسی و تورکی کە ئەوەندە شارەزایم نی یە لێیان ئاشکرایان بکەم . وەك ووشە عەرەبی یەکان . ژمارەی ئەم ووشانە لە (٤٦) لاپەڕە زیاتر لە (١٨٠) ووشەن[1] . بەرامبەر بەمە کۆمەڵێك ووشەی پەتی دانیشتووانی شاری کۆیەی بەکار هێناوە . وەکو : (گەراجان . صەد جاران . خەونان ، وەخراندن ، وەخرێنەری حیسابان‌دا ، دەفتەرانیان ، ناو کتێبان ، هەموو کاران هتد . .)کە ئەمەش گوناهێکی گەورەترە بەرامبەر بە جۆری نووسینی زمانی کوردی یا زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ، دوور نی یە هەر مەبەسیش بۆ شێواندنی زمانەکەبێ ! ! ئەم کارە دەبێ جیاوازیی چی بێ لەگەڵ ئەوەی نووسەرێکی خەڵکی شووانیش سبەینێ ئەم مافە بداتە خۆی کە مەسعوود داویەتی بە خۆی و بنووسی : (چەوویش ، لەت نێگەم ، ئەرا کورە چووی . . هتد . .) لەمەش خەراپتر ڕوو نەدا لەمەو دووا لە نووسینەکانی نووسەر هەر باشترە ، وەك تێك هەڵکێشانی زمانی ئینگلیزی و کوردی پێکەوە کە دەنووسی «ئەندەر تەبەق Under Tabak . وەك ئەوەی «ئەندامەتی کارای کۆڕی زانیاری کوردی» ئەو مافەی بداتێ زمانی کوردی وەك هەویر هەڵشێلێ و بەو جۆرەی لێ بکا کە خۆی دەیەوێ . .

**دەڵێن ڕۆژێ لە کوڵکە مەلایێك دەپرسن : مامۆستا عەرەبی دەزانی ؟ مامۆستا لە وەڵامدا**

---

**(١) ئێمە پرسیارێك لە کۆڕی زانیاری دەکەین : ئەوە بۆچی بە (کن فیکون) یێك ئەلفبای کوردیتان شڕ و وورد کرد بە ناوی ئەوەی «شێوەی نەتەوایەتی» وەربگرێ ، هەروەها ووشەی ناقۆڵای واتان هێناوەتە ناو زمانەکەوە بە ناوی «کوردی پەتی»یەوە ، کەچی حیسابێك لەگەڵ مەسعوود محەمەدی خۆتان ناکەن؟**

**دەفەرموێ : بەڵێ عەرەبی زۆر هاسانە و جیاوازی‌یێکی ئەوتوی لەگەڵ کوردی نی‌یە تەنیا (ئەلف و لامەکەی) نەبێ ، وەك : (الطماطة ، الباميا ، الباذنجان . . هتد . . ) نووسەریش لێرە هەر لە سەر ئەو فەلسەفەیە ڕۆیوە و ڕێزمانێکی تایبەتیشی دروست کردووە بۆ ئەو ووشە عەرەبی‌یانەی کە کردوونی بە کوردی ، بە بیری خۆی ئەمە زیاتر ئاشکرا دەبێ لە جۆری بەکار هێنانی ووشە عەرەبی‌یەکان بە بەرگی کوردی لەبەرکردنیان ، ئەگەر وا نەبێ دەبێ وەڵامی چی بێ لە جۆری بەکار هێنانی ئەم ووشانە بەم شێوەیە :**

(بە وەلەد) ئەمە بە زمانی عەرەبی بەم جۆرە دەنووسرێ (ولد) بە کوردیش منداڵی ساوا دەزانێ بڵێ : (لە دایك بووە) لە جیاتی بە (وەلەد بووە) . وەیان (بە حورمەتە لە ئیعلانی ئیفلاس) ، دەبێ ئەمەش جیاوازی‌ی چی بێ لەگەڵ قسەکانی دانیشتووانی دێی ئۆمەرمەندان لە ناوچەی شووان کە دەڵێن : (بێشکەکانی قاڵدر مانگاکە تێپەر ئۆلسن) . وە یان بەکارهێنانی ئەم . ڕستەیە : (بە مادیەکەش توهمەی خیانەت‌و رەجعیەت) ، ئەگەر مەلای مەزبوورە زیندوو بووایە دەیووت : ئافەرین مامۆستا مەسعوود نانی ئێمەشت بری[1] ! !

نامەوێ لە سەر ڕێزمانی کوردی و جۆری نووسینی کوردی لەمە زیاتر بدوێم ، لە بەر ئەوەیە ئەم لایەنەی ڕەخنەکەم جێ دەهێڵم بۆ ڕەخنەگرێکی پسپۆر لە زمانی کوردی‌دا ، کە گومانی تێدا نی‌یە ڕۆژێك دێ پسپۆرێکی کوردی زمان‌ناس لێ‌ی ڕاپەڕێ و ڕاستی‌ی نووسینەکەی بە تەواوی ئاشکرا بکا لە ڕووی زمانەوە . وەك ئێمە لەم ڕەخنەیەمان‌دا هەڵەکانی نووسەرمان خستە پێش چاو خوێنەری بەڕێز لە ڕووی فەلسەفە و بیروباوەڕەوە .

**ئێمەش دەتوانین وەك نووسەر درێژە بە نووسینەکەمان بدەین تەنیا بۆ نووسین و پڕ کردنەوە و ڕەش کردنەوەی لاپەڕە . بەڵام دەبێ گوناهی خوێنەر چی بێ لە سەدەی بیستەم‌دا کە مرۆڤ هاتوچۆی مانگ و مەریخ دەکا و هەموو شتێ بە پەلە دەڕوا بەرێوە و بیری ئەلیکترۆنیش بۆشایی‌یێکی زۆری پڕ کردۆتەوە خەریکی لێکدانەوەی وورێنەکانی مامۆستا مەسعوود بێ ، چونکە بەلایەوە : «منداڵێك کە بە وەلەد دەبێ ناڵێن : یەکەم – ملی بوو . دووەم – دەستی بوو . سێ‌یەم – چاوی بوو . . . منداڵ بە گردی دەبێ . شۆڕشیش هەروەها ئەو هۆیانەی منداڵیشیان پێك هێنا ، وەك هۆیەکانی شۆڕش ، بێ ژماردن و جودا کردنەوە کاری خۆیان کردووە . ئەو کاتانەی کە منداڵە کەشیان تێدا ڕسکاوە بێ بڕانەوەی ڕۆژ و هەفتە و سەعات و مانگەکانی بە دوای یەکتردا هاتوون»[2] .**

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ٧.
(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل ٧.

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو باوەڕەی نووسەر پێی دەڵێ میتافیزیك Metaphysic و هەر دووکیانیش شتێکی لێ دەکرێنینەوە ، بۆ ئەوەی هوشیاری بکەمەوە کەوا نووسینەکانی لە ڕووی میتافیزیکیشەوە هەر ووڕێنەن ، دەبا بزانین محەمەد پێغەمبەر لەم ڕووەوە چی ووتووە : (ان احدکم یجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوما نطفة ثم يكون علقة مثل ذلك ، ثم يكون مضغة مثل ذلك . .) هتد . . .

کەواتە محەمەدیش باوەڕی بەوە بووە کەوا منداڵ پێش لە دایك بوونی بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕ دەبێ لە سکی دایکیدا ، ڕۆژ و هەفتەشی بۆ هەمووی داناوە . وەك چل ڕۆژ تۆماو بێ و چل ڕۆژیش خوێن و چل ڕۆژیش گۆشت . ئەمە دەکاتە (١٢٠) ڕۆژ یا چووار مانگی ڕێك . ئیمرۆش لای هەموو پزیشکێك ڕوونە کەوا منداڵ پێش لە دایك بوونی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێ . سێ هەفتەی یەکەم پاشان دوو مانگی ئەوەلی (حمل) . قۆناغی سێیەم لە مانگی سێیەمەوە تا مانگی نۆیەم . وە ڕسکاندن و گەورە بوونی منداڵ زۆر بە پەلە دەڕوات لە کاتی بوونی لە سکی دایکیدا .

بەڵام نووسەر وا دیارە هەر نووکی خامەکەی وای بۆ هاتووە و دەبووایا لاپەڕەکانی بەشی سێیەمی کتێبەکەش هەر پڕ بکردایەتەوە . . تا لە هێنانەوەی بەراوورد کردنی نێوان منداڵ بوون و شۆڕشیش سەرکەوتوو نەبووە لە بەر ناشارەزایی لە هۆیەکانی شۆڕش و لە دایك بوونی منداڵ کە هەر یەکە پیویستی بە شارەزاییێکی تەواوی هەیە لە هۆیەکانی . . بۆ نموونە یاساکانی منداڵ بوون چەند دەستوورێکی تایبەتیی ئاشکرای هەیە و هەموو پزیشکێکی پسپۆر دەزانی ژن و پیاوە کە منداڵیان دەبێ یا نا ، بەڵام تاقە پزیشکێك نییە ، وە یان تاقە شارەزاییێك نییە بزانی لە کۆمەڵ شۆڕشە کە کەی ڕوو دەدا و چۆن ڕوو دەدا . . . تەنیا ئەو کەسانە نەبێ کە خاوەن نەخشەی شۆڕشەکەن .

نووسەر لە بەشی یەکەم و دووەمی کتێبەکەی جار نا جارێك درێژەی بە نووسینەکەی داوە بە (لاباسێك) . لەم بەشەش بە «لاپەنجەرەیێك» وەك دەڵێ : «چ زەرەرێکیش ناکەین لەوەدا کە بە دەم سەرەتای کردنەوەی دەرگە بۆ ناو نووسین لاپەنجەرەیێکیش بکەینەوە بەڵکو تیشکێکی تازە و نا مەئلووفی پێدا بێتە سەر تەختەی نووسینەکە[1] . .» دەبا بزانین لابەنجەرەکەی نووسەر خستوویەتییە سەر پشت چ بیروباوەڕێکی تازەی «نامەئلووف» . وە یان «مەئلووف»ی خستۆتە سەر تەختەی نووسینەکەی وەکو خۆی دەڵێ : «یەکێك لەو بیروڕایە مادی و بنجییانەی کە لە پێش من چ نووسەرێکی تر بۆی نەچوو بوو ئەو ڕایەم بوو کە دەڵێ هۆی پەیدا نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە مێژوودا دە گەڕێتەوە بۆ ئەو دیاردەیەی کە ناوم نابوو (نزیف اقتصادی)»[2] .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ٨.
(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٨.

وا دیاره نووسەر تەنیا لە نووسینەکانی خوی زیاتر نووسینی خەڵکی‌تر نا خوێنێتەوە ، ئەگەر وا نەبووایە ئەم قسە «سافیلکانەی» بۆ خۆی ڕست نەدەکرد و نەیدەخستە سەر کاغەزەوە . زۆر سەیرە گۆیا کەس پێش ئەو لە هۆیەکانی پەیدا نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی نەدوواوە ! لە کاتێکدا بوونی دەوڵەتێکی کوردی و نەبوونی و هۆیەکانی سەدەها لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لەسەر نووسراوە ، چ لە «کتێباندا» وەك نووسەربێ‌ی خۆشە وا بڵێین ، چ لە نامیلکە و بڵاوکراوەکانی پارتی‌یە سیاسی‌یەکان لە پاش شەڕی گێتی‌ی یەکەمەوە تا ئیمڕۆ . بو نموونە د . عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کتێبەکەی (کردستان والاکراد) پەنجەی بۆ کۆمەڵێ لەو هۆیانە درێژ کردووە کە یەکێ لەوانە هۆیە (اقتصادیە)کانە . خوێندنەوەی هیچ زەرەرێك نابەخشێ بە نووسەر ، هەروەها با چاوێکیش بە نووسینەکانی نیکیتین بخشێنێ . بۆ سەرچاوە کۆنەکانیش ڕەوانەی ناکەم ، نەوەك بڵێ دەست ناکەوون .

پاشان نووسەر بە تەرازووەکەی خۆی هەڵوێستی شۆرشگێری ئیمرۆ و پەنجا ساڵ لەمەوبەر دەکێشێ و دەگاتە ئەم ئەنجامە : «لە مەیدانی سیاسەتیش‌دا زۆر لە هەڵوێستەکانی بەرەی شۆڕشگێڕی ئەم سەردەمە بە کێشانە و پێوانەی شۆڕشگێڕی پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ بە خیانەتی ڕووت لە قەڵەم دەدران»[1] . لێرەدا تەنیا سەرنجی نووسەر بۆ ئەوە ڕادەکێشم بو ئەوەی کەمێك بگەڕێتەوە سەر خۆی و فەلسەفە فراوانەکەی و کەمێك تەسکتری بکاتەوە و خۆی بە چەند چڵێکی زانیاری و فەلسەفی‌یەوە خەریك بکا . نەك وابزانێ هەموو شتێك دەزانی و گەیشتۆتە دووا پلەی زانین . وە یان ئەو کەسانەی دەورویشتیان داوە وای بۆ دەڕازێننەوە . هەرچی ئەویش بیڵێ هاوڕێ و دەورویشتەکەی دەستە و بەخە ڕادەوەستن وبێ‌ی دەڵێن (صدقت) وەك شێخ و مریدەکانی . . .

ئەگەر وا نەبێ دەبێ خوێنەری بەڕێز چۆن ئەوەی لێ بسەلمێنێ کەوا زۆر لە هەڵوێستەکانی بەرەی شۆڕشگێڕی ئیمڕۆ بە خیانەت لە قەڵەم دەدران پەنجا ساڵ لەمەوبێش بە کێشانە و پێوانی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە ، وا بزانم پێویست ناکا خۆمان و خوێنەری بەڕێز ئەوەندە ماندوو بکەین بە لێکدانەوەی ئەم قسانەی نووسەر چونکە لە قوتووی هیچ خوردە فرۆشێك یا (عەتارێك) جێگای نابێتەوە .

هەڵوێستی شۆڕشگێڕی ئیمڕۆ و دوێنێ لەگەڵ هەڵوێستی شۆڕشگێڕی سبەینێش هیچ جۆرە گوڕانێکی ئەوتوی تێدا نابینین یەکێکی بە خیانەت لە قەڵەم بدەین و ئەویتریش بە شۆڕشگێڕیەتی ، ئەگەر هەر دوو هەڵوێستەکە بە ڕاستی شۆڕشگێڕی بێ . بەڵام هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ بڵێم مامۆستا مەسعوود لە کوێ و شۆڕشگێڕیەتی لە کوێ ! ؟ . خو ئەگەر بیروباوەڕی میتافیزیکی بۆ بسەلمێنین ، کەتا ئەویشی شێواندووە و تێیدا سەر نە کەوتووە ، دەبێ چۆن بەرگری نەکەین لە شێواندنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕایەتی . . .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥ .

نووسەر زۆر لە خۆی ڕازی‌یە کە درێژەی داوە بە نووسینەکەی‌و تا ئیستا سێ بەرگی لێ چاپ کردووە وگۆیا چەند بەرگێکی تریشی‌بەدەستەوە ماوە لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی‌و شی کردنەوەی هۆیەکانی دەربەدەربوونی حاجی قادر وەیان (کەیفی) لە کۆیێ هەوڵدەدا بە خوێنەری بسەلمێنێ کەوا دەرەبەگەکانی کۆیێ وەیان موڵکدارە گەورەکانی بە هیچ جۆرێك دەستیان نەبووە لە دەربەڕاندنی حاجی قادرو چوونی بۆ ئەستەمبوڵ . تەنها بەڵگەی بە هێزی نووسەر کە بە دەستی‌یەوەیەتی لەم ڕووەوە چەند دێرە شیعرێکی حاجی قادرە کە نووسەر وەکو بنێشت دەیجوویتەوە لە هەر سێ بەرگی کتێبەکەی :

دوو ئاغای ماوە وەك بیستوومە ئەخبار
ئەمین ئاغاو حەماغای صاحێبی کار
ئەمین پشتیوانی قەصری میللەت
نیگەهبانی خەزێنەی مڵك‌و دەوڵەت
لە دنیادا خوودایە هەر بمێنن
بینای بێ ئیتتفاقی هەڵکەنێن .

وابزانم مەدحەکەی حاجی بۆ ئەمین ئاغاو حەماغای کۆیی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ ، وەکو نووسەر دەڵێ : (دەبێ خەریك بین ئیسپاتی ئەوەش بکەین کە گەورەترین ناحەزی (لەیلا) شەخسی مەجنون بووە و[1] دەربارەی ئەمین ئاغاو حەمە ئاغای کۆیی کە هاوڕێ‌ی حاجی قادر بوونە وەیان خۆشەویستی بوونە ، ئاشکرایە هیچی نەگۆڕیوە لە دوژمنایەتی‌یەکەی شێخ نەبی بەرامبەر بە حاجی ، کە شێخایەتی‌یەکەی شێخ نەبی لە کۆیێ‌ی ئەوسا یەکێکە لە بەڵگە بە هێزەکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی‌و دواکەوتوویەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە کۆتایی سەدەی نوزدەمدا ، هەروەها کەسیش تا ئیستا ئەمین ئاغاو حەمە ئاغای تاوانبار نەکردووە لە دەربەڕاندنی حاجی لە کۆیێ . .
ئەمە جگە لەوەی کە بوونی چەند ئاغایێکی نیشتمانپەروەرو نەتەوەپەرست ، شتێکی سەیر نی‌یە بێ لە شارێکی وەك کۆیێ‌ی ئەوسا . لە وولاتە سۆشیالیستەکان تا ئیمڕۆ پەیکەری زۆر لەو ئاغاو میرانەی کە لە دژی داگیرکەران خەباتیان کردبوو دەستکاری نەکراوە ، بەڵکو ئیستاو پاشە ڕۆژیش شانازی‌یان پێوە دەکەن . بە تایبەتی لای خوێنەری بەرێز ئاشکرایە هەموو شۆڕش‌و جوولانەوەی بزووتنەوەی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەرەی بیستەمیش بەسەرکردایەتی ئاغاو شێخی دیندارو موڵکەدارە گەورەکان بەرپا دەکران ، ئەمەش ئاشکرایە لەبەر نەبوونی و پێ‌نەگەیشتنی چینی کرێکارو

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٩ .

پێشڕەوی لەو چەرخەدا . . هەر بۆیە یەکێ لە هەرە هۆیە بنچینەکانی سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشانەش بوونی چینی سەروو بووە لە سەر کردایەتی کردنی . . باوەڕیش ناکەم ڕەش‌وڕووتی کۆیێ ئەو سەردەمەش حاجی‌یان ڕەتاندبێ ، ئەمە لە لایێك وە لە لایێکی ترەوە نووسەر دان بەوەدا دەنێ کەوا بە زاهیر شێخ نەبی‌ی بۆتە هۆی دەرچوونەکەی حاجی لە کۆیێ :

(هەراکەی شێخ نەبی‌ی لەو وەزعەدا بایەخێکی تایبەتی‌ی پەیداکرد کە بەزاهیر بووە هۆی دەرچوونی حاجی‌ی ، وەیا ئەوپەرەکەی بووە بە هانەی دەرچوون)[1] .

کەواتە لێرەدا ئاشکرایە شێخ نەبی‌ی‌و ئەو کەسانەی لە پشت پەردەوە شێخ نەبی‌یان دەپاڕێزت بوونە هۆی دەرپەڕاندنی حاجی نەك لە کۆیێ بەڵکو لە وڵاتەکەشی . ئەمەش جێگای ئەوە نی‌یە نووسەر ئەوەندە خۆی پێوە ماندوو بکات‌و چەند بەرگە کتێبێکی ڕازاوەی ناوەڕۆك پووکی پێ پڕبکاتەوە ، جوانترو باشتر ئەوەبوو ئەو سێ بەرگە کتێبەی بە نووسین لەسەر ژیانی حاجی قادرو شیعرەکانی پڕ بکردایەتەوە نەك بەتیرو توانج گرتن لەم و لەو . . . یان بەلامارادان‌و هەوڵدان بۆ شێواندنی شیرازەی دۆستایەتی‌و هاوکاری نێوان هێزە نشتمانیە پێشکەوتنخوازەکانی وڵات لە کاتێکدا ئیمپریالیست‌و نۆکەرە چڵکاو خۆرەکانی بە هەموو هێزو تواناپانەوە خەریکی شێواندنی ئەو شیرازە بە هێزەن لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەرەکانی وڵات و هەرێمەکەش . چ پێویستیشی نەدەکرد نووسەر یەکێکی تر بکاتە قەڵغان لە پەنایەوە (دوژمنە سەرەکیەکانی) خۆی تیرباران بکات .

لێرەدا نووکی خامەم بە توندی دەنووسێنمە سەر لاپەڕەکەداو بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە لەمەزیاتر نەڕواو ڕێ‌بدا بەخامەیێکی کەخاوەندەکەی ئەوەندەی من ئەگەر نەڵێم زیاتر ئەومافەی‌هەیە بێتە کۆڕی مەیدانەوەو خۆی لە تیرو توانجەکانی نووسەر بپارێزی‌و بەردەیێکی‌تر لە ڕووی ڕاستی هەڵبداتەوە .

لەبەر ئەوە دەگەڕێمەوە سەر بابەتێکی‌تر لە نووسینەکانی نووسەر کە دەڵێ : بە چاوی خەیاڵ خۆت لە وەزعی حاجی قادری ئەم جێگەو کاتەدا ببینەوەو بە دڵ ئەو هەست بکەو بە مێشکی ئەو لێك دەرەوە بزانم بڕیارت چی‌ی دەبێ ! لەو هەموو بێ حاڵ‌و باری‌ی بێ سامانیەدا بەو هەموو قابلیەت‌و شاعیریەتەوە لەگەڵ ئەو هەموو ڕێز لە خۆگرتنەو سەر کەشی‌ی نەخستەوە بەدەم شەڕە دنووکێ‌و هەراو دەمەتەقێ‌ی ڕۆژانەوە چەند ساڵان ئەم ماڵ‌و ئەو ماڵ‌و ئەم مزگەوت‌و ئەو مزگەوت خانە خۆی گۆڕی‌ی دەکرد ؟ تاکەی ؟ بۆ چی ؟ بە کام ئومێد ؟ بۆ کام ئامانج ؟ لەبەر خاتری کێ ؟ نە ژن نە ماڵ نە منداڵ نە مزگەوت نە دیوەخانە نە دوکان ، نە نانی خوان نە راحەتی‌ی ، نەسرەوتن نە بازاری شیعر . نە هیچ شتێکی بەکەڵکی حاجی‌ی ئەوسا بێت . وەیا لە سنووری بە خۆنازیندا دەستی پێ‌بکات ! ! تۆ لەو

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٠

حاڵەدا بێ چ بەختێت ڕەوا دەبینێ ؟ هەتا دوایی [1] .

پاشان نووسەر بە چاوی خەیاڵ بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە (وا دەزانم دیمەنەکە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە هەر دەڵێ تێن و تاو بە ئیرادەی تۆو منیش دەدا کە بە لاشعوری بڵێین : کاکەبێ خۆ حازرکەن با بۆی دەرچین .) [2] .

بە چاوی خەیاڵ دوان لە وەزعی حاجی وا بزانم حاجی وەکوو شاعیرێك وەکوو نیشتمانپەروەرێك لە مێژوو دەسڕێتەوە . وە یان بەلای کەمەوە حاجی دەشێوێنێ . چونکە هەرکەسە جۆرە خەیاڵێکی هەیە ، هەرکەسە بە چاوی خۆی سەیری حاجی دەکا ئەگەر سەیر کردنەکەش لە خەیاڵدابێ ، بە تایبەتی لێرە ئاشکرایە چاوە خەیاڵاوییەکەی نووسەر چی بە حاجی کردووە . خەریکە بە ناهەق لە زەلکاوێکی بێ ڕەدا نوقی بکاو شاعیرە نیشتمانپەرو دلسۆزەکەی کوردستان بکاتە شاعیری ئاغاو مەلاو دینداره‌کانیان ، ئەمە لە لایێك لە لایێکی ترەوە خۆ ئێمەش بە چاوی خەیاڵ شتێکی زۆر سەیر دەبینین نووسەر لەوانەیە هەر بەلایەوە نەچێت ئەویش ئەوەیە زۆر لەو خوێندەوارانەی کۆیێ ی ئەو سەردەمە ئەگەر دەستیانیش نەبووبێ لە دەربەڕاندنی حاجی قادر . بەڵام لە دڵەوە خۆش حاڵ بوونە بە دوورکەوتنەوەی لە کۆیێ ، هیچ نەبێ ئەوان وەیان چەند کەسانێك لێیان دەبنە میر محیێ ی شارەکەو دەوروپشتی لە ڕووی زانین و شیعرەوە . کە بەمانی حاجی لە کۆیێ وەك ئەستێرە بزر دەبوون لەبەر ڕۆشنایی تیشکی هەتاو . . . ڕەنگە لەم ڕووەوە خوێنەری بەڕێز ڕەخنەم لێ بگرێ لەبەر ئەوەی بەڵگەیێکی زانستی و ئاشکرام بە دەستەوە نییە ، بەڵام داوای لێبوردنیان لێ دەکەم ، تەنها لەبەر ئەوەی منیش لێرە خەریکی وەڵام دانەوەی نووسەرم بە هەمان زمان و هەمان چەك کە بەکاری هێناوە لە. نووسینەکەیدا ، هەروەها لەوانەیە نووسەرێکی تریش بە چاوی خەیاڵ بە جۆرێکی تر مەسەلەکە ببینێ کە من و نووسەرو خوێنەرانی بەڕێز بەلایدا نزیکیش نەبینەوە ، کەواتە ئاشکرایە ، چۆن حاجی قادری نەمر بزر دەکەین .

خۆ دەربارەی تێکۆشان و هەوڵدان بۆ گەل و نیشتمان وەیا لە پێناوی ئەو بیروباوەڕەی لە مێشکی هەموو شۆڕشگێڕێك و نیشتمانپەروەرێك دا هەیە ، پێویستم بە (مناقشەی) نووسەر نییە کە هەوڵیداوە لە ژیانی حاجیدا بیسڕێتەوە ، کە دەڵێ چەند ساڵان ئەم ماڵ و ئەو ماڵ و ئەم مزگەوت و ئەو مزگەوتخانە خوێ گۆڕیی دەکەیت ! تاکەی ؟ بۆچی ؟ بە کام ئومێد ؟ بۆ کام ئامانج ؟ لەبەر خاتری کێ ؟ نە ژن نە ماڵ نە منداڵ . . تادوایی . زۆر سەیرە بە لای هەموو مرۆڤێك کە ئەم پرسیارە بێ جێیانە دەخوێنێتەوە . . تەنیا بەلای نووسەرەوە مەگەر سەیر نەبێ . . دەبێ مرۆڤ تەنها لە پێناوی ماڵ و منداڵ و

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

ژن خەبات بکا . . وەیان تەنها لەبەرکەس وکارو خزم کۆشش بکات . ئەی بۆ تەنها یەك پرسیاری تری نەخستە سەر پرسیارەکانی لە پێناوی کام وولات ؟ لە پێناوی کام باوەڕ ؟ لە پێناوی کام گەل ؟ . .

نووسەر لەلاینێکی ترەوە گلەیی و گازەندە دەکا لە نووسەرو ئەدیبە کوردەکان کەوا وەکو پێویست لەسەر حاجی یان نەنووسیوەو پاشان پلارێکیشی تێدەگری بۆ ئەم کەسانەی لەسەر (گیڤارا) یان نووسیوەو کە دەڵێ : (لەوانەیە گەورەترین هۆش هێزاترین خامە بە خۆیەوە خەریك کات ، لە وانەی بە (ماکبث)ەوە خەریك بوون وەیا گەردەلوولی دوای (گیڤارا) دەکەن بە کلی چاوی شۆرشگێڕان[1] .

دەبێ نووسەر بۆ قینی لەوە هەڵسێت کەوا نووسەرێکی شۆرشگێڕ باسی قارەمانیەتی (گیڤارا) بکا . . . ئایا ئەو نووسەرە کوردبێ یا غەیری کورد دەتوانێ هیچ لە نرخی (گیڤارا) کەم بکاتەوە لە لای شۆرشگێڕانەی جیهاندا تا دەگا بە شۆرشگێڕی کورد . وە ئەو جۆرە نووسینانە دەبێ چ زیانێك ببەخشێ بە گیانی حاجی قادری کۆیی کە مەوزووعی کتێبەکەی نووسەرە ! ! یان هەر نووسەر لە هەموو شۆرشگێڕێك دەرەوێتەوە با کوردیش نەبێ . .

نووسەر دەیەوێ بە زۆرو بە لاملی ی بیسەپێنی بە سەرمانا . کەوا حاجی دەربەدەری دەستی دەرەبەگ نەبووە بەبێ ئەوەی هۆیێکی روون و ئاشکرامان بۆ بێنێتەوە . ئەمەی لای خوارەوە یەکێ لە بەڵگە زانستی یەکانیەتی :

(بە نموونە دەڵێم من کە هاتم گوتم جنۆکەو دێو مانگ و رۆژ دەگرن و هەر ئەوەندە هەڵەیەم نەکرد و کە هۆیەکی ، درۆزنم کردە پێك هێنەری رۆژگیران و مانگ گیران ، بەلای ئەو هەڵە سافیلکەوە هەرچی راستی یەکانی فەلەکیش هەیە هەمووم زندەبەگۆڕ کردووە . بە راستی چ فەرقێك نی یە لە نێوان ئەو کەسەی نە سەلماندنی دەوری دێوو جنۆکە لە رۆژ گیران و مانگ گیراندا بە کوفردادەنێ لەگەڵ ئەوکەسەی بە درۆ خستنەوەی دەوری دەرەبەگ لە ئاوارەبوونی حاجی ی و ئەمسالی حاجی دا بە رەجعیەت دادەنێ :

(لە هەردوو حالدا نەسەلمێنی دەوری جنۆکەو دەرەبەگ ڕاست دەکەن . داواکاری ئەو دەورەش بە ئاخی تاریك بیری دا دەچنە خوارەوە)[2] .

ئاشکرایە لێرەدا مەسەلەکە جیاوازیێکی زۆری هەیە لەگەڵ ئاوارەبوونی حاجی و کەیفی . . مانگ گیران و رۆژگیران باسایێکی زانستی ئاشکرای هەیە ئیمرۆ جێگای گومان لێ کردن نی یە ، بەلام دەربەدەر بوونی حاجی جێگای هەزارو یەك لێکۆڵینەوەو پرسیارو وەلام هەیە . ئینجا نازانم نووسەر چۆن هۆیەکانی گیرانی رۆژومانگ لەگەڵ هۆیەکانی دەربەدەربوونی حاجی پێکەوە گرێ دەدا . دەبێ چەند

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧ .

گرێ کوێرەشی لێدابێ تا بە خەیاڵی خۆی دوو نیشانی بە تیرێك شكاندبێ ، یەكەم ڕزگار كردنی دەرەبەگەكان لە تاوانی دەربەدەر كردنی حاجی ی ، دووەمیان شێواندنێ ژیانی حاجی و كردنی بە شاعیرێكی ئاسایی ئاغاو دەرەبەگەكان . .

پاشان نووسەر فەیلەسووفی سەدەی بیستەمی كورد ! ! ئەوەندە لە خۆڕازی یەو عالەمیش بە گەوج دەزانێ . بابزانین چی دەفەرموێ :

(ئەو بیر تەنكانەی بەراشكاوی ی و لەژێر سێبەری فكری حازر بە دەستدا گیرو گرفتی كۆمەڵایەتی ی كورد وەها تەنك و باریك دەكەنەوە كە لە ژێر تاكە تیرۆكی (دەرەبەگایەتی ی) دا وەك نان پانبێتەوەو بخرێتە سەر ساجی ی مێژوو تاكو بە برژاوی ی لەسەر خوانی ڕۆشنبیری ی كوردی ی دا دابنرێت نەوباوی كورد پێی تێرو تەسەڵ بیت . بەڵێ ئەو بیروڕایە تەنكانە نەدەزانن كورد چیە . . نەدەزانن گیروگرفت چیە . . . نە دەزانن مێژوو چیە . . . نەدەزانن دەرەبەگ چیە . . نەدەزانن چەو ساندنەوە چیە . . نەدەزانن ئابوری چیە نەدەزانن حاجی قادر چیە . . نەدەزانن هیچ شتێك چیە . . نەلەم قسانە دەگەن . . نە ئەگەر تێیان گەیشتن دەتوانن بیانخەنە بەرحوكمی واقیعی ڕاستو ڕەوانەوە . . هەتادوایی [1])

ئەم ووشە كاڵانەی نووسەرم خستە ڕوو تەنها بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز لەگەڵدا بەشدار بێ كە چ قسەیێك و نووسینێك لەمە سافیلكەتر هەیە . . خۆ ئەگەر كەس نی یە هیچ تێبگاو هیچ لێكبداتەوە كەواتە ئەم هەموو گلەیی یە لە سێ بەرگی كتێبەكەی كردوبەتی لە كێ ی دەكا . . نەفامو تێنەگەیشتوو كەی جێگای گلەیین . . بەهەرحاڵ هەرباشە كورد ئیمڕۆ (زەلامێكی) هەیە شت تێبگاو فەرهەنگی زانستی یە لە كوردستان ، ئیتر پێویستیان بە كەسی تر نی یە . . جا نازانم ئەمە دەگونجێ لەگەڵ (حدیث) ەكەی پێغەمبەر كە كۆتایی یەكەی بەم جۆرە دێنی (فاذا أدرك انه علم فقد جهل) .

نووسەر پاش تەرخانكردنێ سێ بەرگی كتێبەكەی بۆ پارێزگاری دەرەبەگ و ڕژێمی دەرەبەگایەتی خۆی بە نووسین نەك بە واقیع دەگوازێتەوە (خندق) ێكی تر . (باوەڕ ناكەم كەس هەبێ بە قەدەر من ڕقی لە هەموو هێزو دەسەڵاتی نارەوای دەرەبەگ و بیرۆكراتی و هەرچی خۆ بەدەعیەو فیزكرتوە بیێتەوە .) [2]

وا بزانم نووسەر ئەم قسانەی جێ بهێشتایە بو ناسیاوەكانی باشتر بوو . . باوەڕ ناكەم كەس بەم جۆرەی ناسی بێ لەمەوپێش ، ئیمڕۆش هیچی تازەو نوێمان نەبیستووە لە گوڕڕانی بیروباوەڕی نووسەر . .

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٨ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٤ .

# بەشی حەوتەم

نووسین و لێکۆڵینەوە و دانانی کتێب کردەوەیێکی زۆر هاسانە و زۆریش گرانە . زۆر هاسانە بۆ ئەو زەلامانەی شەرمیان بە خۆیان نی‌یە و لە بەر بێ ئیش وکاری ، خۆیان بە نووسینی پڕ وپووچ و بێ سەر و بێ شوێن خەریك دەکەن و سەری خوێنەریش بە نووسینەکانیان قاڵ دەکەن . ئەم جۆرە نووسینانە لە بابەتە زۆر هاسانەکانە ، بـابەتی زۆر گرانەکەش ئەو جۆرە نووسین و لێکۆڵینەوانەیە کە نووسەر خۆی پێوە ماندوو دەکا . شەو و ڕۆژ و ساڵەها لە دووای سەرچاوەی زانستی و ڕاست دەگەڕێ بۆ ئەوەی بەڵگەی بە هێز بێ و لێکۆڵینەوەی زانستی بێ .

ئەم جۆرە نووسینانە ئیمڕۆ زۆر کەمن بە تایبەتی بە زمانی کوردی ، جگە لەوەی خاوەنەکانیشی گومان لە پسپۆڕی‌یەتیان ناکرێ و لە ناوەڕۆکی نووسینەکانیان دەردەکەوێ ، وە دەربەستی ئەوەش نین ئەم و ئەو پڕوپاگەندەیان بۆ بکەن ، وەك بابەتی یەکەمیان ، چونکە نووسینەکانیان باشترین بەڵگە و پڕوپاگەندەیە بۆ دیاری کردنی شوێنی تایبەتی‌یان لە ڕیزی کۆمەڵدا .

بەلام ئەوەی جێگەی داخە ئیمڕۆ مۆدەی جۆری یەکەمیانە لە سەر شانو ، کە دەڵێن لە سەر شانۆ بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز نەیباتە سەر خوێنەران ، چونکە ئاشکرایە نووسینی بێ ناوەڕۆك و تۆکڵ ڕازاوە لە بەر لاوازی نەیتوانیوە جەماوەری خوێنەران ڕابکێشێ . کەواتە مۆدەکە لە کۆڕێکی تردا خۆی دەنوێنێ ، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کەوا شەودز ڕزگاری دەبێ لە هەلاتنی هەتاو ، کە هەموو شتێك درشت و وورد ئاشکرا و ڕوون دەکاتەوە .

سێ بەرگە کتێبەکەی نووسەرکە بە ناهەق ناوی حاجی قادری لێناوە لە ڕیزی بابەتی یەکەم دەمان ناوە ، تا ئێستاش ئەگەر دژی نووسرابێ ، خۆ تەنیا یەك نووسەری کورد پەسندی نەکردووە ، ئەمەش وا بزانم دەگەڕێتەوە سەر ئەو هۆیانەی باسمان لێوە کرد لە پێشەوە . لەگەڵ دوو هۆی سەرەکی تریش : یەکەمیان ئەگەر خوێنەرە کوردەکە کۆنەپەرستیش بێ و قایل بێ بە بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکەی بەلام بە هیچ جۆرێك ڕازی نابێ بە باس نەکردنی ژیان و شیعری حاجی قادری کۆیی ، لە کتێبێك دا ناوونیشانی ئەوی بە سەرەوە بێ . دووەمیان کتێبەکە بە گشتی لە هەموو ڕوویێکەوە لە لایەن خوێنەرێکی ڕۆشنبیری ئاسایی‌یەوە فڕێ دەدرێتە سەر زبڵدان ، ئێمەش کە خۆمان ماندوو کردووە بە خوێندنەوەی هەر سێ بەرگی کتێبەکەوە ، تەنیا بۆ ئاشکرا کردنی ئەم جۆرە نووسیانە بووە بۆ خوێنەرانی بە ڕێز ، ئەمە لە لایێك ، لە لایێکی ترەوە ڕزگارکردنی گیانی پاکی نەمری حاجی قادری کۆیی لە شێواندن و ناساندنی بە پێچەوانەی ڕاستی‌ی حاجی وەکو شاعیرێکی کوردی نەتەوە پەرست و شۆڕشگێڕ . بە لای کەمەوە دەبوو نووسەر خۆی ماندوو بکردبایە لەگەڵ شیعرەکانی حاجی ، بە تایبەتی پارچە شیعرەکەی دەربارەی شوێنەواری کورد ، کە پێشەکی‌یەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکا .

کوردە دەزانی لە کوێ ساکینە خزمانی تۆ ؟
گوێ گرە بۆ تۆ بلێم مەسکەنی قەومانی تۆ

وە یان تەنیا خۆی خەریك کردبایە بە لێکۆڵینەوەی بەیتە شیعرەکانی حاجی دەربارەی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ کوردێکی کردبوو لە ئەستەموول کە پێشەکی یەکەی ئەمەیە :

لە ڕۆما کەوتە بەر چاووم کەسێکی هایم و حەیران
لە ڕەنگا تێگەیم کوردە . بە شێوەی کوردی کوردستان
کە چوومە خزمەتی پرسیم : برادەر خەڵکی کام جێگای
لە کام لا هاتووی ؟ گریا و گوتی : بابان ! گوتم : بابان !
دڵم داوە . گوتم : باوکە هەموومان بێ‌کەسین لێرە
چ قەوماوە ! گەلێ حەیفە . مەگری هەر وەکو باران

حاجی شاعیرێکی نەتەوایەتی بووە لە قۆناغەکەی‌دا و هاوتای کەم بووە . لە کوردستان یەکێکە لەوانەی بە پەنجە دەژمێررێن . لە شاری کۆیەش بێ هاوتا بووە . هەروەها شاعیرێکی شۆرشگێڕیش بووە . نووسەر بیەوێ یان نەیەوێ . ئەمەیە ڕاستی حاجی قادر . ئەم ڕاستی‌یەش وەك تیشکی هەتاو تیژ و بە تین و ڕۆشنە . بە بێژنگە شرەکەی مامۆستا جەلی زادە گل نادرێتەوە و داناپۆشرێ .

نووسین لە سەر ژیانی حاجی قادر ئەوەندە هەڵدەگرێ کە نووسەر خۆی پێوە ماندوو بکاو . بە دووای هەموو سەرچاوەیێك بگەرێ کە ئەو شتە شارراوانەی ژیانی تێدا گوم بووە . گومان لەوەدا نی‌یە کە بەشێکی زۆر لەم سەرچاوانە لە شاری ئەستەموول دەست دەکەوێ . ئیمساڵ لە تشرینی دووەم چووینە ئەستەموول و لە نامەخانەی سلێمانیە چەند ڕۆژێك گەڕاین بە دووای شوێنەواری حاجی قادر و نالی‌دا ، هەر وەها سەردانێکی گۆڕستانی (أبو أیوب الانصاری) شمان کرد بە دووای شوێنەواری گۆڕەکەی حاجی‌دا . . . دۆزینەوەی بابەتە نووسینێك لە سەر ژیانی حاجی لە ئەستەموول لە سەر دەمی ساڵانی ۱۸۹۰ و دەور و پشتی لە نێوان زیاتر لە دوو سەد هەزار کتێبی دەستنووس و کۆوار و ڕۆژنامەی ئەو سەردەمە کە لە نامەخانەکەدا پارێزراوون و هەڵگیراوون جێگەی ئومێدە . بۆیە بە یەکێ لە فەرمانەکانی سەر ئەستۆی خۆم زانی کە لەگەڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەکە مامۆستا یوسف موعەمەر هاوکاری بکەین لەم ڕووەوە لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی دۆست کە بەڵێنیان دا هاوبەشم بکەن لە هەڵگرتنی بەشێك لەم ئەرکە .

دۆزینەوەی سەرچاوەیێك ، وە یان بلیسەیێکی کزیش دەربارەی ژیانی حاجی لە ئەستەموول ڕێگا لە هەموو ئەو کەسانە دەگرێ کەوا لە ژێر پەردەی خەیاڵ خەریکن جغزێك بکێشن بۆ جۆری ژیانی حاجی قادر کە ئەمەش ڕەوای هەق نی‌یە .

لەگەڵ ئەوەش‌دا دەبینین نووسەر گوێ ناداتە بوونی سەرچاوەش بۆ شێواندنی ئەو ڕاستی‌یانەی کە

تەقەڵای شێواندنیان دەدا . دەبا بزانین بەڵگەی نووسەر چی‌یە کە نەیتووانیوە ووشەکانی ئەنجلز وەك خۆی بگووازێتەوە نێوکتێبەکەی و مانای قسەکانی خستۆتە نێوکەوانێکەوەکە دەڵێ : (لێرەدا قسەیێکی ئەنجلزم بە بیر دێتەوە لە کتێبەکەی (دژی دۆهرینگ)دا کردوویەتی : من مانای قسەکە دەخەمە ناو کەوانەوە نەك ووشەکانی چونکە لە بەرم نەکردوون . ئەنجلز دەڵێ (گیر و گرفتی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵێ دووا کەوتوودا هەر بە شێوەی «مەءسات» دەمێنێتەوە و چ چاری بۆ نابێ تاکو گۆڕان و بەرەوپێش چوونی ئابووری چارەی دەکا)[1] .

ئایا دەبێ دەست کەوتنی کتێبەکەی ئەنجلز «دژی دۆهرینگ»کە سەرچاوەی قسەکەیە ئەوەندە گران بێ کە نووسەر خۆی بە دووایا ماندوو نەکا و وەك خۆی بە ئەمانەت بیخاتە نێوان کەوانەوە . ئەمە لە لایێکەوە . لە لایێکی ترەوە ئایا بە بیری نووسەردا نەهاتووە کەوا خوێنەر ئەم جۆرە ڕێگایەی لێ ناسەلمێنێ لە پیشاندانی سەرچاوە و قسەی زانایێك کە نامەخانە نی‌یە لە عیراقدا پڕ نەبێ لە کتێبەکانی .

زۆر ماندوو بووم بە دووای دۆزینەوەی سەرچاوەی قسەکانی فردریك ئەنجلز بەو جۆرەی نووسەر ئیشارەتی داوە پێ‌ی گۆیا لەکتێبەکەی (ئەنتی دۆهرنیگ) چاوی پێ کەوتووە . ئەم کتێبە (٤٧٥) چووارسەد و حەفتا و پێنج لاپەڕەیە . چاپە عەرەبی‌یەکەی کە من چاووم پێ کەوتووە لە (دار دمشق للطباعة والنشر) لە چاپ دراوە و چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوکراوەتەوە و وەرگێڕی (دکتور فؤاد أیوب)ە .

لەم سەرچاوەیە چاووم بە قسەکانی ئەنجلز نەکەوت وەك مامۆستای نووسەر ئیشارەتی داوە پێ‌ی . دووریش نی‌یە یەکێ لە هاوڕێکانی بۆ دەمەتەقی ئەم قسەیەی ئەنجلزی بۆ گێڕابێتەوە ، بەبێ ئەوەی بزانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان دەیخاتە ناو «کتێبانەوە» ! پرسیارێکیش لە نووسەر دەکەین و چاوەڕووانی وەلامیشی لێ ناکەین و دەڵێین : ئایا ڕاستتر وا نەبوو ئیشارەتی تەواوی سەرچاوەی قسەکەی ئەنجلزی بکردایە وەك ئیشارەتی بە قسەکانی هاوڕێ عەفلەق داوە لەگەڵ نووسینەوەی تەواوی قسەکانی نەك بە کوردی بەڵکو بە عەرەبیش .[2] کە وەك مەڕی ئاوەکی‌یە لە مەوزووعی لێکۆڵینەوەکە لە سەر ژیانی حاجی قادری کۆیی خۆ ماندوو کردنەکەی نووسەر بە دووای گەڕان بۆ سەرچاوە و بەڵگە بوو نووسینەکانی لەم قسە سەیرانەی زیاتر ئاشکرا و ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێ : (ئێمە دووای زانینی ئەم هەموو پێداویستە پڕ زانست و تەکنیك و پیشەسازی و بەرەوپێش چوونی میکانیك و سەر لە بەری

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٢٨ – ٣٣١.

(١) حاجی قادری کۆیی . بەرگ ٣ . ل ٢٣٦.

لایەنەکانی ژیار (حضارة) کە دروست کردنی فڕۆك یەکی لە سەریان دەکەوێ ، ئەوجار بەچاکی تێ دەگەن هەوڵ و تەقەلا ی پیاوێکی وەك (عباس بن فرناس) بۆ فڕین چەند کارێکی بی سەروبەر بێ لێکدانەوە و بێ حیساب بووە)[1]

گومان لەوەدا نی یە کە هەوڵ و تەقەلاکەی (عباس بن فرناس) بێ سەر و بەر نەبووە وەك نووسەر دەفەرموێ ، چونکە ئاشکرایە «فڕۆکە» نەدەبوو ئەگەر چەند کەسێکی وەکو (عباس بن فرناس) لەو ڕێگایە ملی خۆیان نەشکاندبایە . هەروەها خەباتی گەنجانی کوردی شۆڕشگێڕی دووای سالآنی سەرەتای ۱۹۳۰ لەو جۆرە خەبات و تێکۆشانە بێ بەر و بۆیە نەبووە کە نووسەر پێ ی خۆشە بەو نەمامەی بشوبهێنێ کە لە سەرەتای زستان‌دا دەنێژرێ و ئیمکانی شین بوونی نەبێ تا بەهاری لێ دادێ . لێرەدا ئەوە بە نووسەر دەگەیێنم و پێویستە باش بزانێ کەوا خەباتی ئەو گەنجانەی سالآنی ۱۹۳۰ بێ بەرهەم نەبووە بێ بەرهەمیش نابێ لەگەڵ ئەو باوەڕەدا کەوا ڕووان و شین بوونی نەمامیش هەزار و یەك جۆرە ڕواندنی هەیە . نەمام هەیە بە چەند ڕۆژێك یان بە چەند مانگێك دەڕوێ و بەرز دەبێتەوە . هەروەها بە چەند ڕۆژێك و چەند مانگێکیش تەمەنی کۆتایی پێ دێ . نەمامی واش هەیە چەند ساڵێکی دەوێ تا دەڕوێ و ماوەیێکی زۆریشی دەوێ تا گەورە دەبێ و بەر دەگرێ و پاشەڕۆژیش خاوەنەکەی سوود لە بەرەکەی وەردەگرێ . . . ئێمە هەموو لەو باوەڕە داین کە سوودمان لە بەری خەباتی ئەو گەنجانە وەرگرتووە .

نووسەر (١٤٢) لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ «حاجی قادر و دەرەبەگایەتی سەردەمی خۆی»[2] . هەوڵ و تەقەلای داوە تەوەکو تەنیا واقیعی کوردستانی سەردەمی حاجی بگۆڕێ کە سەدەیێك پێش ئیمڕۆ بووە . بەڵکو هەولی ئەوەی داوە کە یاساکانی ئابووری هەموو سەر و بن بکا و ئەوە بخاتە مێشك خوێنەری بەڕێزەوە کەوا ڕژێمی دەرەبەگایەتی هەر لە بنەرەت‌دا لە کوردستان نەبووە لە هیچ پلەیێکی مێژوودا . لەگەڵ ئەوەش‌دا نازانم مەبەسی نووسەر چی‌یە کە دەڵێ : (هیچ کەس شك نابەم لەوانەی دەیانناسم بە قەدەر من دژی دەسەلاتی نارەوا بێ چ هی دەرەبەگ چ هی غەیری دەرەبەگ بێ»[3]

زۆر سەیرە زەلامێك سێ بەرگ کتێب بنووسێتەوە و لە سەر ئەرکی (کۆڕی زانیاری کورد) لە چاپی بدا دەربارەی بلاوکردنەوەی بیرو فەلسەفەی کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و پاراستنیان و لە کۆتایی سەدەی بیستەم‌دا خۆی بکاتە پارێزەری دەرەبەگایەتی ئەم لەقەبە پێشکەوتنخوازی‌یەش ببەخشێ بە خۆی ! ! ڕەنگە ڕاستیش بکا لە ناسیاوەکانی کەسی وا نەبێ لە هەڵگرتنی ئاڵای کۆنەپەرستی لەو

---

(١) سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٣٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٤١ - ٣٨٢.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

کەمتر بن ! بەڵام دەبێ ئەو ناسیاوانە کێ بن ! !

پاشان نووسەر دەڵێ : (من شۆڕشگێڕم دیتووە لە ماڵی یەکێك لەوانەی پێیان دەڵێن دەرەبەگ ، چەند مانگێك بەسەری بردووە بەدیار ئەوکاتەی کە دەرەبەگەکە بۆ نەخۆشخانەی دەرەوەی عیراقی بەرێ دەکا بە ئەرك و مەسرەفەوە . دەرەبەگەکە ناسیاوی خۆم بوو ، شۆڕشگێڕەکەش بەنیسبەت ئەوەوە بێگانەیێك بوو ، لە ووتووێژدا بەمیانم گوت ئەوەی تۆ بە خۆتی ڕەوا دەبینی لەم پشت بەستنەت بە لوتفی (دەرەبەگ) من لە خەونیشم دا بە خۆم ڕەوا نەدیتووە هەر چەندە شەخسەکەش ناسیاوومە ، ڕەنگە چاکەییشە بۆی بووبێ . . .)[1] .

ئەم قسانە هەموو قسەکانی تری نووسەر جیاوازی یێکی نی یە لەگەڵ قسەی دیوەخانە وسەرسەکۆی ماڵە ئاغا وکوێخاکانی دزەیی و شوان و پشدەر و مەنگوڕایەتی ی پێشان ، دەبێ چوونی شۆڕشگێڕێك بۆ ماڵی دەرەبەگێك . وە یان ناردنی لە لایەن دەرەبەگێکەوە بۆ نەخۆشخانەیێکی دەرەوەی وولات ، چ لە مەسەلەکە بگۆڕێ . دەرەبەگ هەر دەرەبەگە تا خاوەن زەوی و زار و دەسەڵات بێ ، تا چەوسێنەری جووتیار و ڕەنجدەران بێ . . . با ئەو دەرەبەگەش هەستی نیشتمان پەروەری ی هەبێ یان هەیبووبێ . . . قۆناغەکانی مێژوو ئاشکرا و روونە ناتوانرێ بە جغز کێشانێك دەوری دیلیەتی ئینکار بکرێ ، وە یان دەوری مرۆڤ لە قۆناغی ڕاو کردن یا ماڵات لەوەڕاندن بخرێتە بن زمانەوە و حەشار بدرێ .

نووسەر خەریکە بە دزە دزە و لە پەناوە خۆی بخاتە ڕیزی (داروین و مارکس و فرۆید) ، کە دەڵێ : (لە من بە پێشەوە نووسەری گەورەی ئەم جیهانە ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ نووسینێ هەرە بە جورئەت بەوەدا کە هاتوون بێ پەروا لە شتی وەها دوواوون بەردی بناغەی بیر و باوەڕ وکۆمەڵایەتی ی لە خۆیان بە پێشەوە هەڵتەکێنێ و روو بە ڕووی ناسکترین و پیرۆزترین و موقەدەسترین هۆی شانازی و ڕێز گرتن و فەخری سەر لەبەری خەڵق بێ ، وەك ئەو نووسینانەی کە لە (داروین و مارکس و فرۆید) بەجێ مان . پێم بڵێ ئەم سێ بلیمەتە ، کەوا دەزانین کەسانی تریش زۆرن وەك ئەمانە ناوەڕۆك و هەناوی هەموو بیروڕا و ئایین وکۆمەڵایەتی ی و مێژوویان خستۆتە سەر مێزی ئەزموون و تاقی کردنەوەی یەکجار سەریح و بێ ترسەوە . . .)[2] .

وا بزانم کەس دڵگیر نابێ لە نووسینی بە جورئەت ، بەڵام دەبێ نووسینەکە کلك و گوێی هەبێ ، ئەو بلیمەتانەی جەنابی مەلازادە دەیەوێ لە ڕێزیان بوەستێ هەر یەکە خاوەن فەلسەفە و تیۆری یێکی زانستی یە ، هەر چیشیان نووسیبێ جێگەی لێکۆڵینەوە و موناقەشەی سەدەها زانا و نووسەر

---

(۱) سەرچاوەی پێشوو . ل ۲٤٧ .

(۲) سەرچاوەی پێشوو . ل ۲٥۲ .

بووە . بەڵام ئێمە نازانین نووسەر چی نووسینێکی پڕ لە جورئەتی پێشکەش بە گەلی کورد و خوێنەری کورد کردووە کە جێگەی لێکۆڵینەوەیان بێ جگە لە دابەش کردنی جنێو و قسەی پڕ و پووچ و پەلار و توانج تێ‌گرتن ، هەمووی ترسنوکانە و بەبێ ناو هێنان ، پاشان ناساندنی باوباپیری بە خوێنەر لە ژێر پەردەی ناوی حاجی قادری نەمرەوە . . . هەموو کتێبەکانی بەقسەی مەلا محەممەدی کۆیی ڕەش کردۆتەوە تەنیا یەك قسەی گرنگی مەلای کۆیی لە بیر کردووە ، ئەویش ئەمەیە : «وا دەگێڕنەوە گۆیا مەلا محەممەدی کۆیی ڕۆژێك لە دیوەخانە دەفەرموێ : هەموو ژنی عالەم بە قوربانی ژنەکەی من بن ، ژنەکەی منیش بە قوربانی سەگ بێ» . نازانم سەرچاوەی ئەم قسەیە لە ڕووی ڕاستی و ناڕاستی و هێزی و بێ هێزی‌یەوە چەندە ، تەنیا ئەوەندە دەزانم وەك سەرچاوەیێك بۆ قسەکانی مەلای کۆیی کە نووسەر لە هەر سێ بەرگە کتێبەکەی بەکاری هێناوە لاوازتر نی‌یە ئەگەر بەهێزتر نەبێ . هەر چەندە ئەو مافە نادەم بە خۆم لە نووسینێکی فەلسەفی و ڕەخنەگرتن پەنا بەرمە بەر سەرچاوەی فلان و فیسار ووتی ، بەڵام لێرە تەنیا لەم جێگایە وام بە باش زانی لە سەر ڕێبازی نووسەر ئەم ووتەیەی مەلای کۆیی بەم جۆرە نەقل بکەم . . . خۆ لەوانەشە مامۆستا مەسعوود وەکو باپیری لە ئادەم فیلتر بێ ، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ، وەك شاعیری بلیمەتی کورد شێخ ڕەزای تالەبانی لەم بەیتە شیعرەی باسی دەکا :

حاجی عەبدوللا لە ئادەم فیلترە
با ووجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیێ دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی[1]

ئەگەر وا نی‌یە ئەی دەبێ چی هێزێك پاڵ بە نووسەرەوە نابێ کە گوریس بپسێنێ و لە سنووری (لەم و لەو ووتی) یش بچێتە دەرەوە بۆ دروست کردنی تاوان دژی شۆرشگێڕەکان‌و بە چاوی خەیاڵاوی بڵێ : (تۆ ئەی خوێنەری کوردی شۆرشگێڕی چینپەروەری ساڵی ١٩٧٢ی سەدەی بیستەم بە خەیاڵ ئەگەر لە کۆیەی ساڵی ١٢٣٧ (١٨٢١) کۆچی‌ی ژیابایت بە خۆت و بیروڕای شۆرشگێڕانە و چینپەروەرانەتەوە ، پیرۆزبایت لە داگیرکەر دەکرد بەو نامەیەی کە خەڵقی کۆیەی لە زۆرداران ڕزگار کردووە ؟ پێشکەکەی مەحموود ئاغات بە پیاوکوژەکان نیشان دەدا ؟ ئاخۆ ئەگەر کارەکە پێچەوانە بووایە ، واتە پیاو ماقووڵانی کۆیێ بەربوونایە گیانی داگیرکەرەکان ، هەڵوەستت چۆن دەبوو ؟ دەبوویتە هەیتەی عوسمانلی‌ی . . . ؟ .

زۆر سەیرە ، لای هەموو مرۆڤێکی خاوەن ئینساف و بیر و باوەڕ ، ئەم هێرشە نالەبارەی مەلازادە

(١) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، بەغدا ، ١٩٤٦ ، چاپی دووەم ، ل ٦٤ .

دژی خوێنەری کوردی شۆڕشگێڕ دەبێ بەچی بزانێ ؟ دەبێ شۆڕشگێڕ وەك چی بێتە پێش چاوی ! ئایا خوێنەری کوردی شۆڕشگێڕ دڕندەن ، یان گورگن لە پێستی مەڕدا ؟ ! لێرەدا ئەم پرسیارە لە مەلازادە دەکەم کە پرسیارەکە هەر خۆی وەڵامی دڕندایەتی دەرەبەگ و مەللاکی گەورەیە ، نەك خوێنەری کوردی شۆڕشگێڕ . . . تۆ ئەی پارێزەری رژێمی کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی بە چاوی خۆت دیت لە کۆیەی ساڵی ۱۹٦۸ بنەماڵەی غەفووری‌یان چی‌یان کرد بە بنەماڵەی حەوێز ئاغا و قڕیان لێ‌یان بڕی ، بە نوێژی نیوەڕۆ . ئایا خوێنەرە شۆڕشگێڕەکان ماڵەکانیان کردبووە بۆسە و گزیری ڕێ‌و شوێنی ئەم بنەماڵەیان کرد ؟ ! بۆچ دەتەوێ بە چاوی خەیاڵ وەڵامت بدرێتەوە لە لایەن خوێنەری کوردی شۆڕشگێڕەوە کە باوەڕی بە خەیاڵ و فەلسەفەی بڕوپووچ هەر نی‌یە لە بنەڕەت‌دا . . بۆچ پرسیارەکەت زیاتر روون ناکەیتەوە و بپرسی لە ساڵی ۱۹٦۸ی زایین ئەم دوو بنەماڵەیە هەمیسان دووبارە لەسەر چی لە شەقامەکانی کۆیە قەسابخانەیان دروست کرد ؟ !

لێرەدا بەم پرسیارە کۆتایی بە دووان دێنم لە سەر ئەم رووداوە ، لە بەر ئەوەی ڕووداوەکە و هۆیەکانی زیاتر لە چەند بەرگە کتێب هەڵدەگرن ، چوونە ناو ئەم مەیدانەشەوە زیاتر دەمانخاتە پاڵ نووسەر و گرتنە ڕێبازی کردنەوەی «لاباسێك» یان «لاپەنجەرەیێك» .

زۆربەی هەوڵ و تەقەلای نووسەر لە هەر سێ بەرگە کتێبەکەی ئەوەیە بە خوێنەر بسەلمێنێ کە حاجی دوژمنی دەرەبەگ نەبووە . نووسەر دەڵێ : (حاجی دوژمنی براگەوران نەبووە . نەك دوژمن نەبووە دۆستیشیان بووە . تا ئێرە حاجی و شاعیرێکی تری کوردی دووای خۆی وەك یەکترن لەوەدا کە بە پێ‌ی زەرفی مێژوویی بە دڵێ هیچ کامێکیان‌دا نەهاتووە دوژمنایەتی‌ی برا گەوران بکەن . )[1] .

لە هەموو شیعرەکانی حاجی ئەوە نابینی کە حاجی دۆستی دەرەبەگ بووبێ وە یان دوژمنیان نەبووبێ . دوو بارەی دەکەینەوە کەوا مەدحی حاجی بۆ چەند دەرەبەگێکی کۆیی‌ی ئەو کاتە کە پیاوی باش بوونە ، وە یان نیشتمان پەروەر و نەتەوە پەرست بوونە ئەوە ناگەیێنێ کە حاجی بەگشتی دۆستی دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی بووە . وەکو لە شوێنێکی تری ئەم رەخنەیەمان‌دا باسی شێخ نەبی‌مان کرد کە حاجی چەند دوژمنایەتی ئەم شێخە تەڵەك بازەی کردووە کە یەکێك بووە لە نموونە و نیشانەی رژێمی دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمە .

گیوی مۆکریانی لەم ڕووەوە نووسیویەتی : (شێخ نەبێ ماوێلیان ئەو قوتبەیە کە حاجی قادری لە کوردستانی دەرپەڕاند ، بەهەشتی شێخ نەجمەدینی عەبدولکەریمی کۆیی بەرزنجی کە تەمەنی لە ۹۰ ساڵی تێپەڕی بوو ، شێخ نەبی دیتبوو و چاکی دەناسی و چتی زۆر سەیری لێ دەگێڕایەوە ، بەڵان ئێمە

(۱) حاجی قادری کۆیی ، بەرگ ۳ ، ل ۳۵۲

لێرەدا کورتی دەکەینەوە : شێخ نەبی هەتا بۆتە مەلایێکی زۆر باش لە شاری ڕواندزێدا خوێندوویەتی ، پەرتووکێکی پەسند کراوی لە (عەقائید)دا داناوە ، وە تەریقەتی نەقشی لە شێخ عوسمانی تەوێڵە وەرگرتووە ، خانەقای لە شاری کۆیە و لە دێیەکانی بێتوانە و زێوەی داناوە . هاوینان لە دەرەوە و زستانانیش لە کۆیەی ڕادەبوارد گەلێك کەسی وەکو مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی و میرانی قادر بەگی پشت گەڵۆیی تۆبەیان لە سەر دەستی وی دەکرد . شێخ نەبێ هەمیشە شازدە ژنی لە ماڵێدا هەبووە لە سەر مەزهەبی قەففال چووار چووار تاکە تەلاقێکی هەڵاوەسیون ژمارەی ژنەکانی گەیاندۆتە (١٠١) . کە چووبایە ماڵێ هەر خەلیفە . وە یا سوفییێکی خۆی وا باو بوو ژن . وە یا کچ نان و چای بۆ دابنێ . ئەو جا ژنی هەر کەسێکی پێ جووان بایە پێ‌ی تەلاق دەدا و لە خۆی مارە دەکردن . لە ژنەکانی خۆشی تاك تاکە بۆ خەلیفە و سۆفییەکانی خۆی تەلاق دەدا)[١]

پاشان گیو هەر لەم بابەتەوە دەڵێ : (کاتێکی کە حاجی لە کۆیە بوو بە چاوی خۆی ئەو کردەوە ناشیرینانەی شێخ نەبی و هاوتای وی دەدی کە لە ژێر پەردەی خوداناسیدا پەردەی نامووسی هەزاران کەر وگێل و بەستەزمانانیان دەدڕی و گیرفانی هەژارانیان تاڵان دەکرد سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەش نەتەوەی کوردی هەژاریان فێرە تەمبەلی و تەوەزەلێ دەکرد و لە کار و کاسبیان دوور دەخستنەوە ، حاجی وەك شێران بەگژیاندا هات و بە سەختی بەربەرەکانیەتی کردن . بەڵان لە ڕووی ئەوەوە لەو سەردەمیدا کە نەتەوەی کورد و بە تایبەتی خەڵکی کۆیە بە چاو و ڕاو و فیشاڵێ پڕ و پووچی شێخان گوێیان پڕ چاویان بەسترا بوو ، حاجی ناچار لە ترسی بەدکاری و هەڕەشە و گوڕەشەی وان بەرەو کەرکووك هەڵات و لەوێوە بە ڕێگای هەولێرێ و ڕواندزێدا بەرەو ئەستەمبووڵ وەڕێ کەوت)[٢] .

ئەمە لە لایێك لەلایێکی ترەوە مەدح کردنی دەرەبەگێکی نیشتمان پەروەر یان نەتەوە پەرست ئەوە ناگەیێنێ کەوا ئەو شاعیرە دۆستی دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی بووە . دەبا بزانین دیلان چی دەڵێ :

کورد شۆڕە سوواری وەك شێخی بووێ

سەر نەوی ناکا لەبۆ بێگانە[٣]

زۆر جووانە کە نووسەر بەم دووایییە لەبەر هەر هۆیێك بێ شایەدی دەدا بۆ کاك محەمەدی مەلا کەریم و چەند دێڕێکی لە لاپەڕە (٥٧)ی کتێبەکەی وەرگرتووە . باشتر وا بوو نووسەر ئەم چەند دێڕانەش لە کتێبەکە وەربگرێ : (ئەو ڕۆژەی کە حاجی‌ی تیا ئەژیا وەکو ئێستا گەل ووریا نەبوو

---

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی ، چاپی سێیەمین ، هەولێر ، ١٩٦٩ ، ل ١٤٥ – ١٤٦ .
(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٧ .
(٣) محەمەد ساڵح دیلان ، شێخ مەحموودی زیندوو . بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٥٦ .

بووەوە ، جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری بە دەستی خۆیەوە نەبوو ، تا بتوانێ چارەسەری دەردی خۆی بکا . گەورە و ئاغاکان و مەلاو شێخەکان و دەوڵەمەندەکان دەم سپی و پیاو ماقووڵ و سەرکردە و ڕێ پیشاندەری بوون . ئەمانەش چونکە لە چووار چیوەی سوودی تایبەتی ی خۆیان نەدەچوونە دەرەوە و هەستیان بە ئازار و ئاواتی ڕەش و ڕووتی کورد و زوربەی خەڵکی کوردستان نە ئەکرد و هەر بە دووای چەپ و گوپ و خەڵك ڕووتاندنەوە و فێڵ و تەڵەکە و سوود و سەلەمی خۆیانا ئەگەڕان ، هیچ گوێیان نە ئەدایە ئەوە کوردستان ئاوا بێ یان وێران بێ ، لە ژێر سمی ئەسپی عەجەمەکانا بێ ، یا خود عوسمانی یەکان وەك سیرمەی دۆم بیهێنن بە کەڵبەیانا ، هتد . . . )[1]

پاشان نووسەر لە هەمان لاپەڕە ئەم چەند بەیتە شیعرانەی حاجی ئەکاتە بەڵگەی هەڵوێستی حاجی بەرامبەر بە شێخ و مەلا و دەرەبەك :

سەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خانی
بۆ لەززەتی عەیش و زیندەگانی
لەو لاوە ئەوان بە حیلە سازی
لەم لاوە ئەمان بە تەقلەبازی
قوڕیان بە هەموو وولاتەوەدا
تا مولك و ڕعی یە پاکی فەوتا

پاشان حاجی لە لایێکی ترەوە وەك کاك محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ : (داخی دڵی خۆی لە دەسەڵاتدارەکانی کورد هەڵ ئەڕێژێ و وایان باس ئەکا کە خۆیان فرۆشتووە بە عوسمانی یە داگیرکەرەکان ، وە بۆ شەوێکی سوور و مێزێکی سەوز وازیان لە هەموو هیوایێکي کورد هێناوە و مامەحەمەیی ئەکەن بۆ ئەو داگیرکەرانە )[2]

ئەو کەسەی دەوڵەمەندەکی چاکە
بەندەی ڕۆمی یانی ناپاکە
هەموو مردووی میان و سمتی خڕن
بەیتی مەدداحیان بە گیان ئەکڕن

لە کۆتایی دا دەڵێم خوێندنەوەی سێ بەرگ کتێب کە لە هەزار و سەد و سی و یەك لاپەڕەدایە ماوەیێکی زۆری کوشتم و کاتێکی زۆری بە فیڕۆ بردم ، بەڵام دیارە ئەوەندە سوودی هەبوو کە بیر و باوەڕە

(١) محەمەدی مەلا کەریم ، حاجی قادری کۆیی ، شاعیری قۆناغیکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ، بەغدا ، ل ٨٥.
(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٦.

ژەهراوی‌یەکانی نووسەر ڕوون و ئاشکرا بکەین بۆ خوێنەرانی بەڕێز. لەگەڵ سوپاسمان بۆ دەستەی بەڕێوەبەری گۆواری «ڕۆژی کوردستان» لە ڕووی بڵاوکردنەوەی ڕەخنەکانمان لە سەر لاپەڕە زێڕینەکانی .

# الحاج قادر

## الشاعر الكردي الثوري التقدمي الديمقراطي

« القرن التاسع عشر »

نقد كتاب

## « الحاج قادر الكوئي »

تأليف

عبد الستار طاهر شريف

تقديم

الدكتور معروف خزنه دار

بغداد 1977

كان المجمع العلمي الكردي قد اصدر كتابا بعنوان «الحاج قادر الكوئى» للسيد مسعود محمد نائب رئيس المجمع في ثلاثة مجلدات تربو صفحاتها على الألف . والظاهر ان هذه الاجزاء الكبيرة هي بمثابة مدخل او مقدمة الى الموضوع الذي سيستغرق مجلدات اخرى كثيرة كما يدعى صاحبه . والحق يقال ان الشاعر الشهير الحاج قادر يستحق كل هذه العناية نظرا لمكانته السامية في قلوب ابناء شعبنا الكردي كمناضل حر عنيد ، وثوري فذ كبير ، ودمقراطي واع عظيم يؤمن بالانسان خالق الجمال . ثم انه الشاعر الكلاسيكي المبدع الذي يرسم اللوحة الرائعة بريشة قوامها شعرة واحدة وهي الارفع والانعم ، وهو صوت الشعب الكردي الذي كان يئن تحت وطأة الاستبداد العثماني والقاجاري في القرن التاسع عشر.

هو الشاعر الرائع الماهر . كان يخاطب ابناء الشعب من الفلاحين والفقراء بلغتهم ، ويكتب لمثقفي ذلك الزمان بلغتهم ايضا . فاصبح ذلك النتاج وهذا الابداع تراثا للامة . وهو واحد لا يدانيه أحد من ابناء الشعب الكردي البررة في زمانه ومكانه وقد أنجبته منطقة كويسنجق لكل الاكراد ، بل لكل الشعوب التي تصبو الى حياة الحرية والعيش الرغيد .

لم يكن كتاب «الحاج قادر الكوئي» الذي نشره السيد مسعود محمد بحثا عن الحاج قادر الكوئي الشاعر ، وانه لاشك قد استغل هذا الرجل الكبير ليذيع آراءه الشخصية الغريبة بين الناس وليرفع من شأن آباءه واجداده في ظل ذلك الشاعر العظيم . وان هذا التزوير في العلم والحقيقة والواقع قد دفع جماعة من المثقفين الكرد الى التصدي له وتعرية ارائه المتحيزة وغير العلمية ، وقد نُشر بعض مما كتب ، والاكثر لم ينشر لاسباب خاصة على ما نظن .

كان احد المتصدين للسيد مسعود محمد بجرأة فائقة هو الاستاذ عبدالستار طاهر شريف ، فقد كتب بحثا في نقد الكتاب في سلسلة مقالات ، نشرت ست منها في مجلة «شمس كردستان» مجلة جمعية الثقافة الكردية – في بغداد ، ثم اعاد النظر فيما نشر ونقحها واضاف اليها مقالة سابعة فاصبح نقدا متكاملا لبعض الجوانب الفكرية

والايديولوجية لما ورد عند المؤلف ، ووضعها في دفتي هذا الكتاب ، ثم كُلف الدكتور معروف خزنه‌دار استاذ الادب الكردي والنقد في كلية الاداب بجامعة بغداد ان يكتب مقدمة للكتاب باعتباره مسؤولا عن جانب الادب والنقد في مجلة «شمس كردستان» التي نشرت بعض فصول هذا الكتاب ، فاتت المقدمة اضافة مكملة لنقد الكتاب بصورة عامة من الوجهة العلمية .

ان بعض المآخذ على كتاب السيد مسعود محمد الذي ورد بين صفحات هذا النقد هو :

١- لا يتسم الكتاب بالطابع العلمي حيث لم يلتزم المؤلف بنهج علمي معين ، ولم يخطط له وبذلك خرج بطرح مشاكل كثيرة دون حل المسألة الاساسية التي تنحصر في ابراز شاعرية الحاج قادر ومكانته في الادب الكردي كشاعر ، ومنزلته في المجتمع الكردي كمناضل وذلك لعدم ممارسة المؤلف للبحث العلمي وبذلك غاب النهج والتخطيط والطرح والاستنتاج .

٢- يخلو الكتاب من الحواشي حيث لم يستعمل المؤلف اي مصدر مع كثرة المصادر والبحوث التي كتبت عن الشاعر ونشرت منذ أواخر القرن التاسع عشر الى يومنا هذا بمختلف اللغات ولعلماء وباحثين مثقفين ليس من ابناء جلدة الشاعر وانما لغيرهم وبصورة خاصة بعض المستشرقين والمعنيين بالدراسات الكردية في اوروبا .

٣- جهل المؤلف لتاريخ بحثه مما ادى الى التخبط وعدم التنسيق في طرح القضية الصغيرة الجانبية حيث تضيع بين ثنايا قضية صغيرة جانبية اخرى لا صلة لها من بعيد او قريب بالقضية الكبيرة التي هي الشاعر الحاج قادر .

٤- يمتاز اسلوب المؤلف بالاطناب ، ولا نقصد بالاطناب معناه البلاغي وهو اسلوب جيد ، وانما الحشو الممل الذي يرهق القارىء حيث يقرأ صفحات وصفحات ولا يخرج منها بمعنى ملموس ، او رأي واضح ، او استنتاج منطقي .

٥- نظرا لعدم ممارسة المؤلف الكتابة باللغة الكردية ، وعدم معرفته لها بصورة جيدة ، فقد اتت كتابته في «لغة المحادثة» وليست اللغة الادبية الموحدة ، ودون اسلوب مميز ، ولاشك بوجود خط واضح بين لغة الكتابة ولغة المحادثة ليس عند الكرد وانما عند

الشعوب الاخرى ايضا ، فقد غاب الخط عنده واختلط الشيء بالشيء ، فكنا بازاء نص مشوه .

٦- كتب المؤلف لتابه باملاء اقل ما يقال انه تحوير للاملاء الكردي الصحيح الذي كان حصيلة جهود قرن كامل لمجموع المثقفين والمعنيين بالشؤون الثقافية الكردية . لعل السبب في تشويه ذلك الاملاء عند تأسيس «المجمع العلمي الكردي» هو القيام بعمل اي عمل كان ! حتى يشار الى ذلك المجمع وجهوده العلمية ! فقد اختار «العاملون الاوائل» اخطر قضية تمس الشعب بكامله وهي لغته ، ولكن ليس لتطويرها وتقويتها وانما لتحويرها وتشويهها فوضعوا قواعد لا تمت الى العلم وواقع اللغة نفسها بصلة ، او لعله هناك أسباب اخرى وردت من وراء الحدود ، ومررت في ظروف معينة معروفة لدى الجميع ، ويجهود الاكثرية من الوجبة الاولى التي انيطت بها مصائر المجمع ، وهم معروفون ايضا ، ولم يصمدوا على المسرح لانهم لم يكونوا اصيلين في الثقافة الكردية .

٧- لا يشعر القارئ بان المؤلف بأزاء قضية يريد طرحها علميا والخروج منها بنتائج علمية ، فالقضية الاساسية هي شاعر كردي عاش في القرن التاسع عشر الا ان المؤلف خلال صفحات كثيرة يتكلم عن لينين بكلمات تشم منها رائحة الحقد ، ثم التهجم على الاتحاد السوفياتي والولايات المتحدة الامريكية في آن واحد لانهما تصرفان ملايين الدنانير على لعبة الشطرنج في حين هناك ملايين الاسيويين والافريقيين يموتون جوعا ، وبعد هذه وتلك يتهجم على الشباب الكردي التقدمي ويختلق مختلف القصص لتشويه سمعتهم ، ثم التبشير بـ «الدم النقي» و «الارومة الفاضلة» حيث يعتبر «الخلق الرفيعة» كامنة ووراثية في «الانسان الفاضل» الذي لا ينتظر منه السب والشتم والتهجم على الاخرين ، فيعتبر نفسه وعائلته من هؤلاء ، وأما الفلاحون والكسبة والفقراء الاميون في نظره هم «الغوغاء» الذين يولد السب والشتم والتهجم على الاخرين معهم وهي من شيمهم ، والحق يقال ان السيد مسعود محمد اكثر الناس شتما للاخرين في كتابه هذا ، تلك هي الافكار البائسة البالية المتخلفة التي يبشر بها المؤلف ، كل ذلك في كتاب عن شاعر كردي عاش في القرن التاسع عشر .

٨- جعل المؤلف الشاعر وسيلة لابراز دور عائلته ، فقد صنع منها كل شيء ، وكل

شيء في الوجود هي ، حيث اصبحت تنطبق عليها قول الشاعر العربي :

ليس على الله بمستنكر ان يجمع العالم في واحد

فهي صاحبة الكلمة والشرف والاصل والنسب ! ! وهي المعصومة لانها من طينة خاصة ! ! وما الى ذلك من الهراء ! !

٩- يطاق تقرير المؤلف واحكامه من ايدولوجية بالية تكاد تختنق في التناقضات وتدعو الى السخرية لسطحيتها وتفاهتها . فهو ينكر وجود الاقطاع في كردستان مثلا . ويدافع عنه كطبقة خدمت المجتمع . ثم يعقد مقارنات بائسة لاثبات فقر الاقطاع الكردي عندما يضعه مقابل اصحاب القلاع والحصون من امراء القرون الوسطى في اوربا .

ان هذا أشبه بلعب الصبيان ياهذا ! ! ثم يسخر من الطبقة العاملة والفلاحين ويضعهم في عداد المتخلفين الذين لا يسهمون في تطوير المجتمع وتقدمه ، لانهم أميون . والانسان المتطور في نظره هو الحاكم وما حوله من الوزراء والاغنياء ورجال الدين المقربين الذين يحكمون الناس في المجتمعات المتخلفة . ويقول عن أولئك العمال والفلاحين والفقراء بأنهم لا يستطيعون «مقابلة قائمقام» والتكلم معه حتى في الحلم فكيف بهم التفكير في مقابلة خليفة المسلمين وسلطانهم وظل الله في الارض الساكن في قصور القسطنطينية . كل ذلك لاظهار نظرية متخلفة تدعو الى «الدم النقي» المنزل من السماء .

وهكذا يخرج القارىء من قراءة كتاب «الحاج قادر الكوئي» للسيد مسعود محمد نائب رئيس المجمع العلمي الكردي والنقد المدون في هذا الكتاب بنتيجتين ، الاولى ، ان الكتاب ليس عن الشاعر الكردي الكبير وانما مذكرات المؤلف وانطباعاته عن افراد عائلته الذين عاصروا الشاعر او عاشوا من قبله أو من بعده ، مدونة باسلوب غير منطقي ومحتوى من افكار القرون الوسطى او ما قبلها . والثانية اذاعة آراء وأفكار شخصية رجعية متخلفة وحاقدة ليست من سمات الوضع الذي نعيش فيه ، وكان خليقا بالمؤسسة التي نشرت الكتاب ، ان ترجع الى رأي خبير موضوعي او اختصاصي اكاديمي في الادب الكردي ، قبل نشر الكتاب ، وان تراعي الاصالة وتعيش العصر ، وتتسم بالعلمية لانها تسمى بـ «المجمع العلمي الكردي» .

# HAJI QADIR

## Kurdish Democratic, Progressive
## and
## Revolutionary Poet
## 1816-1897

by
Abdul -Sattar Tahir Sharif

Introduction
Dr.Marouf Khaznadar

Baghdad Al-Adib Press 1977

رقم الايداع لدى المكتبة الوطنية ٥٣٢ لسنة ١٩٧٧

مطبعة الاديب البغدادية هاتف ٨٨١٢٣٢

١٦/٥٠٠٠ - ١٩٧٧/٦/٦